نەژاد عزیز سورمێ

# ئاژانسی دەنگوباسی کوردستان
# (ئاداک ـ ADAK)
# پرۆژەی
# دامەزراندن و بەڕێوەبردن

# ئاژانسی دەنگوباسی کوردستان
# (ئاداک . ADAK)


## پرۆژەی
## دامەزراندن و بەڕێوەبردن

پێشنیازکردن و نووسینی
**نەژاد عزیز سورمێ**

چاپی دووەم
کوردستان ـ 2006



* ئاژانسی دەنگوباسی کوردستان
(ئاداک – ADAK)
پرۆژەی دامەزراندن و بەڕێوەبردن
* نووسینی: نەژاد عزیز سورمێ
* بەرگ: نووسەر خۆی
* جێبەجێکردنی: شکار نەقشبەندی
* کاری کۆمپیوتەر: سەنگەر حسێن
* چاپی دووەم: 2006
* ژمارەی سپاردن:
* چاپخانەی: وەزارەتی پەروەردەی حکوومەتی کوردستان–هەولێر




**وێنە (0)**
**ئارمی پێشنیارکراو بۆ دەزگای ADAK**



## روونکردنەوە و تێبینی

1- ئەم لێکۆڵینەوەیە سەرەتای ساڵی 1993 نووسراوە، هەرچەندە لە هەندێ لەو نووسینانەمدا هەر لە دوای ساڵانی هەشتای سەدەی رابردووەوە، پاشانیش لە چاپی دووەمی نامیلکەکەمدا (رۆژنامەگەریی کوردی و رۆژنامەنووسی کورد) 1991 بەتایبەتی باسم کردووە و دامەزراندنی ئاژانسێکی دەنگوباسم بە پێویست زانیوە.

2 - رەنگە بەپێی پێشکەوتنی تیژڕۆی ئەم چەند ساڵەی دوایی دنیای رۆژنامەگەریی بەخودی رۆژنامەگەریی خۆشمان، بەتایبەتیش لەلایەنی تەکنیکییەوە ئەم لێکۆڵینەوەیە زیاتری بوێت، بەڵام ئیتر ئەمە (پرۆژە)یەکە وای دەبینم بە بەریەوە هەبێت ئەگەر شایەد سبەی رۆژێ ویسترا جێبەجێ بکرێ لەگەڵ هەل و مەرج و ئیمکانیاتی بەردەست بگونجێندرێ.

3 - کاتی خۆی وەک پرۆژەیەک پێشکەش بە پەرلەمان (ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان) کرا، بەڵام (بەداخەوە) دوای ئەوەی ماوەیەکی زۆر لەوێ مایەوە، دەنگوباسێکی لێ نەکەوتەوە!!.

4 - بەشێکی زۆری ئەم پرۆژەیە لە ساڵانی 1993-1994 بە زنجیرە لە رۆژنامەی (برایەتی)دا بڵاوکراوەتەوە.

**نەژاد عزیز سورمێ**
**سەرەتای** 1993

# ئاژانسی دەنگوباسی کوردستان
# (ئاداک . ADAK)

## پرۆژەی
## دامەزراندن و بەڕێوەبردن

### پێشەکی

حەقیقەتی مرۆڤ لە نزیکبوونەوە و تێکەڵاوبوون و پێکگەیشتندایە نەک گۆشەگیری...

بەم واتایەش تێکگەیشتن هەر لە سەرەتای ژیانی



ئادەمیزادەوە، بە هەر هۆیەک بووبێ، لە پێکگەیشتن دا بووە و دەبێ. دیارە کە ئەو هۆیانەیش هەر لە دێرەوە لەگەڵ پێشکەوتن و پەرەسەندنی کۆمەڵگەی ئادەمیزاد و لە دواییشدا سەرهەڵدانی شۆڕشی پیشەسازی زیاتر بوون و بەرەوپێشتر چوون، تا بە رۆژی ئەمڕۆ ڕادەگا، کە ئەم جیهانە پان و بەرینە ببێتەوە بەو گوندە بچکۆلانەی جاران. مەگەر تۆ ئەمڕۆ هەر بەو هۆیانە نییە وەک چۆن لە هەستان و دانیشتن و رووداوەکانی گوندەکەت ئاگادار و باخەبەر بووی، دەتوانی ئەگەر لەمپەڕی دنیایش بێت، تەنها بە سووکە بزواندنێکی میلی رادیۆ، ئاگاداری ئەوپەڕی بی...

تەنانەت وای لێ هاتووە سەبارەت بە هۆیەکانی پێکگەیشتن کە رۆڵێکی بەرچاوی لە پێکهێنانی رای گشتی دا هەیە و پرۆسەیەکە بە بواری کۆمەڵایەتی و ئابووری و کولتوورییەوە بەندەو لە بواری سیاسیشدا دەوری هەیە، چەردەیەکی لە بەڵگەنامەکانی مافی مرۆڤی بۆ تەرخان بکرێ[1].

بێگومان راگەیاندنیش وەک هۆیەکی گرینگی ئەو هۆیانەی پرۆسەی پێکگەیشتن دەگەیێنە سەر **(تەماشای وێنە (1)و (2) بکە)** لە سەردەمە هەرە دێرینەکانی ژیانی ئادەمیزادەوە هەبووە، ئەگەرچی هەر سەردەمێک لە شێوەیەکدا بووبێ،

بەپێی رادەو ئاستی لایەنەکانی تری ژیانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، کە سەرەتا بە هۆی زمانەوە بووە، بە هۆی پێکگەیشتنی رووبەڕوو، بۆ هەر مەبەستێک بێ... بەڵام دوای پەیدابوونی نووسین دیارە کە بەرەو پێشترچوو و بازنەکەیشی فراوانتر بوو تاکو بە رۆژی ئەمڕۆ گەیشتووە، هەنگاوی بەرفرەی هاوێشتووە[2].

ئەمڕۆیش دەوری راگەیاندن، بە هەموو هۆیە (نووسراو)و (بیستراو)و (بینراو)ەکانییەوە چ لە پێکهێنانی رای گشتی چ لە بەجێ گەیاندنی پرۆسەی پێکگەیشتن دەورێکی نکۆڵی لێ نەکراوە و هیچ گەل و دەوڵەتێک کەم تا زۆر نەیتوانیوە و ناتوانێ بە چاوپۆشین لە رادەی پێشکەوتن و دواکەوتنیان، دەسبەرداری بن.


(ئاژانسی دەنگوباس)یش ئامرازێکی سەرەکی هۆیەکانی راگەیاندنە، لەوەیش زیاتر سەرچاوەیەکی هەمیشە ئاوەدانی تەواوی هۆیەکانی تریشیەتی، بەوەی پەیوەندییەکی پتەو و راستەوخۆی بە (هەواڵ)و سەرچاوەکانی هەواڵەوە هەیە کە هۆیەکانی دیکەی راگەیاندن هەمیشە پێویستیان پێ دەبێ و سەریان تێ دەوەستێ.

راستە وەک رۆژنامەگەریی، ئێمە تا رادەیەک مێژوویەکمان




هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا پێم وایە تاکو ئێستا لە رووی بوونی ئاژانسێکی دەنگوباس هەست بە کەلێنێکی گەورەی راگەیاندنمان دەکرێ، لە کاتێکدا وێڕای دەوڵەتە هەرە بچووکەکان، نموونەی بزووتنەوەی رزگاریخوازی وەک هی فەلەستینیش ئاژانسی لەو چەشنەیان دامەزراندووە کە لە گەلێک لایەنەوە خزمەتی کردوون، لە پێشەوەی ئەو لایەنانەیش یەکگرتوویی سەرچاوەی هەواڵەکان و دوژمن لەکاتی بەرپەرچ دانەوە و قسە لێ کردنی بیروڕاو بۆچوونێک ناچار بووە ئاماژە بە ئاژانسەکە بکا، جگە لەوەی دەنگێکی رەسمییش دەبێ و لە هۆیەکانی راگەیاندنی دنیاش ئاماژەی بۆ دەکرێ[3].

لەبەر ئەم هۆیانە و چەندین هۆی تریش کە لە پاشدا دێینە سەری، دەمێکە بیرم لە پێشنیازکردنی دامەزراندنی ئاژانسێکی لەو چەشنە کردۆتەوە، هەمیشەیش پێم وابووە هیچ لایەنێک لە لایەنەکانی نێو کوردستان (بەتەنێ) توانای ئەوەی نابێ لە رووی ماددی و مەعنەوییەوە شانی بداتەبەر، دیسان سەبارەت بەوەیش تا دوای راپەڕین زەمینەی لەبار بۆ ئەم جۆرە پرۆژانە مەیسەر نەبوو و دوای راپەڕینیش بەهۆی ئەو بارودۆخە نائاساییەی کوردستان تا




وێنە (1)




وێنە (2)
ڕەگەزەکانی پرۆسەی پێکگەیشت

ئەوەی هەڵبــژاردن کــرا حکوومــەتی هەرێم دامــەزرا ئەو بارودۆخــە بابەتیـــیــە نەهاتبـــووە گــۆڕێ پرۆژەیەکی وا بخرێتەڕوو، بەم جۆرە پرۆژەکە تا ئەمڕۆ دواکەوت.

هەر لێرەشدا، لە پێشەکی دا پێم خۆشە ئەوە روون بکەمەوە:

**یەکەم:** لە خستنەڕووی پرۆژەکە (لەگەڵ ئەوەی ناکاملێش نەبێ) بەڵام من هەلومەرجی ئابووری و ئیمکانیاتی پسپۆرییەتی ئەم قۆناغەم لەبەرچاوگرتووە.

**دووەم:** پێشتر هەوڵی تر بۆ ئەم مەبەستە لە دەرەوەی کوردستان دراوە وەک (کوردستان پرێس kurdistan press)و (ئاژانسی نووچەی کوردستان ANK)، بەڵام لەبەر هەر هۆیەک بووە ئەو دەنگ و سەدایەی نەبووە، بۆیە ئەمە یەکەم هەوڵە لە کوردستانەوە دەدرێ، بێگومان ئەم جۆرە پرۆژانەیش بنکەیان لە نێو وڵاتدا بێ کەسێتیان بەهێزتر و بەرچاوتر دەبێ لەوەی لە دەرەوەی وڵات دا بن.

**سێیەم:** بەو هۆیەی (هەواڵ) رۆڵێکی سەرەکی لە بەڕێوەچوونی ئیش و کارەکانی ئاژانس دا دەبێ و سەبارەت بەوەیش ئەو ئیش و کارانە (راپۆرتی هەواڵئامێز)یش دەگرێتەوە، بە پێویستم زانی سەرەباسێکی لە تەوەری



سێیەم بدەمێ، دوای ئەوەی مێژوو و پەرەسەندنی ئاژانسەکانی دەنگوباس و پەیوەندییان بە هۆیەکانی راگەیاندن و ئەگەری دامەزراندنی ئاژانسی دەنگوباسی کوردستان (ئاداک)و پرۆژەی دامەزراندن و هەیکەلی رێکخستن و بەڕێوەبردن روون کردۆتەوە.

هیوادارم ئەم هەوڵە (خەونە) ببێ بە واقیع و لەلایەن ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان (پەرلەمان)ەوە بڕیاری لەسەر بدرێ و لە حکوومەتی هەرێم پیادە بکرێ و هەوڵی بۆ بدرێ بە هەموو لایەک پێداویستەکانی بۆ مەیسەر بکرێ.

**خوای گەورە لە پشت مەبەستەوەیە**

**نەژاد عزیز سورمێ**

**هەولێر. شوباتی 1993**

# تەوەرەی یەکەم

(1) ئاژانسەکانی دەنگوباس
(کورتەیەک لە مێژووی دروست بوون و پەرەسەندنیان).
(2) ئاژانسی دەنگوباس و هۆیەکانی راگەیاندن.

## (1) ئاژانسەکانی دەنگوباس
**(کورتەیەک لە مێژووی دروست بوون و پەرەسەندنیان)**

رۆژنامە و گۆڤارەکان لەگەڵ ئەوەی پێش دروست بوون و هاتنەکای ئاژانسەکان هەر هەبوون، بەڵام زۆربەی هەرە زۆریان ئەمڕۆ لەسەر ئاژانسەکانی دەنگوباس دەژین.

هەر بە سرووشتی خۆی، هەرچی نەبێ بۆ دڵنیابوون لە مەترسییەکانی دەوروبەر، لە کۆنی دێرینەوە، لە چاخەکانی پێش مێژوو، بەهەر هۆیەک بووبێ ئادەمیزاد هەوڵی داوە دەنگوباسی دەوروبەرەکەی بزانێ، تەنانەت لەوان



سەردەمانەشدا کە بەسەردەمی ڕاو و کۆکردنەوەی بژێوی ناسراون.

دوای سەرهەڵدانی شارستانیەتەکانی رۆژهەڵاتیش، بەتایبەتی شارستانیەتی میزۆپۆتامیا و دۆڵی نیل، بەدوای هەواڵ داچوون و گەیاندنی بەتایبەتیش لەوەی پەیوەندی بە سوپا و باری ئابوورییەوە هەبوو، یەکێک بوو لە دیاردەکانی ئەو دوو شارستانیەتە.

لە شارستانیەتی (گریک)یشدا مەسەلەی بڵاوکردنەوەی دەنگوباس زیاتر برەوی سەند، بەرادەیەک کە ئەگەر لە شارستانیەتی میزۆپۆتامیادا (پەرستگا) بەوەی دەسەڵاتی دین و دنیای لەدەستدابوو ئەم کارەی ئەنجام دەدا، مەیدانە گشتییەکانی ئەسینا و ئیسپارتایش لە گەیاندن و گواستنەوەی دەنگوباس دا لە گەڕدا بوون.

لە (رۆما)یشدا یۆلیۆس قەیسەر رۆژنامەی (رووداوەکانی رۆژ)ی ساڵی 59ی پ.ز دەرکردووە.

ئەو رۆژنامەیە تایبەت بووە بە هەواڵ و بڵاوکراوە رەسمیەکانی دەوڵەت و لە مەیدانە گشتییەکان بەدرێژایی رۆژێ هەڵدەواسران تەنانەت زۆرجار دانەشیان لەبەر دەنووسرایەوە لە ماڵان بخوێندرێتەوە[4].

لە چاخەکانی نێوەڕاستیشدا شێوازی نامە هەواڵئامێزەکان برەویان سەند، بەچاوپۆشینیش لە چۆنیەتی هۆ و ئەگەری گواستنەوە، تا رادەیەک لەو پەیامانە دەچوون کە ئەمڕۆ ئاژانسەکانی دەنگوباس بڵاوی دەکەنەوە، ئەو نامانەی زیاتر بایەخیان بە دەنگوباسی شا و پیاوماقوڵان دەدا، لە پاڵ هەواڵەکانی جەنگ و هەواڵە ئابوورییەکانی ئەوسا...

لە سەردەمی خاتوو (یاصابات)ی شاژنی ئینگلیزیش **1558-1603** کە بەدیارترین سەردەمی مێژووی ئینگلیز دادەنرێ بەوەی (شەکسپیر) لەو سەردەمەدا بەدەرکەوت بازرگانی ئینگلیزیش هەموو ئەوروپا و ئەمەریکا و تەنانەت رۆژهەڵاتیشی داگرت و کۆمپانیای جۆراوجۆری لە وێنەی کۆمپانیای هیند هاتنە دامەزراندن، سەیر دەکەین نامەو پەیامە هەواڵئامێزەکان زیاتر رەواجیان پەیداکرد، تاوای لێهات گواستنەوەی دەنگوباس و پرۆسەی پڕوپاگەندەی سیاسی تێکیان کردەوە[5].

بێگومان پەیدابوونی خزمەتگوزارییەکانی (پۆستە)یش لە پاشاندا هۆیەکی تر بوو بایەخ و گرینگی ئەو نامە هەواڵئامێزانەی دەرخست، ئەگەرچی تایبەتیش بووبێ بە چینە باڵاکانی کۆمەڵ و دەست و پەیوەند و پیاوانی دەربار و



بازرگانە دەست رۆیشتووەکان کە پتر بەرژەوەندییەکانیان ئەمەی خواستووە.

بەم جۆرە پەیدابوونی پۆستە قۆناغێکی تری لە مێژووی، گەیاندن و گواستنەوەی هەواڵ و دەنگوباسدا دیاری کرد، هەر ئەوەندەش نا، بەڵکو پۆستە هاتە نێو جوغزی مۆنۆپۆل کردنی گواستنەوەی هەواڵەکان، لە کاتێکیشدا هۆیەک بوو بۆ کۆکردنەوەی سامان و دەوڵەمەند بوون... (پۆستە) بێجگە لەوە هۆیەکی راستەوخۆیش بوو لە بەرەوپێشبردن و پەرەسەندنی رۆژنامەگەریی هەواڵ و فراوان بوونی بازنەی بڵاوبوونەوەی، کە بەڕای من ئەمەیان بە قەد بایەخی دەرکردنی خودی رۆژنامەکەیە.

لێرەدا دەبێ ئەوەش لەبیر نەکەین پێشکەوتنی خزمەتگوزارییەکانی (پۆستە) خۆیشی پابەندە بە رادەی پێشکەوتنی هۆیەکانی گواستنەوە، بە رێگا و بانەکانیشەوە.

بۆیە سەیردەکەین رۆژنامەنووسان بۆ شوێنە دوورەکان زیاتر (کۆتری نامەبەر)یان بەکاردەهێنا، هەر بە نموونە ساڵی 1837 کریچی رۆژنامەنووسی ئەمەریکایی چەندین پۆلە کۆتری لەو بابەتەی بۆ نێوان شارەکانی فیلادلفیا و واشنتۆن

و نیویۆرک و بۆستن ڕێکخست، تەنانەت هەڵنیشگەی تایبەتیش بۆ ئەو کۆترانە لەسەر بانی ساختمانی ڕۆژنامەی (نیویۆرک صەن)دا ئامادەکرد[6].

بەداهێنانی تەلەگرامیش لەلایەن مۆرسەوە، دنیای پەیوەندی پێکگەیشتن چووە قۆناغێکی تر و مەسەلەی ئاژانسی دەنگوباس بەرەبەرە زەمینەی دامەزراندنی بۆ خۆشتر بوو، بەو هۆیەی تەلگرام گواستنەوەی هەواڵی خێراتر و مسۆگەرتر




**وێنەی (3)**
**«کۆتری نامەبەر» کە ڕۆژگارێکی زۆر هۆیەکی گرینگی گەیاندنی (هەواڵ) بوو.**



کردو بڕوای خەڵکیشی لە (ڕاستی)و (وەختی) ئەو هەواڵانە پتەوتر کرد، بەمەش ڕۆژنامەگەریی کە تا ئەوکاتە تاکە هۆی بەربڵاوی ڕاگەیاندن بوو، وەک هۆیەکی پێکهێنانی (ڕای گشتی)یش هاتە مەیدان.

قۆناغی دوای تەلەگرامیش لە داهێنانی (تەلەفۆن)ەوە دەست پێدەکا (دەوروبەری ساڵی 1875).

تەلەفۆن (لە ساڵی 1927)ەوە بەدوا بوو بە کۆڵەگەیەکی سەرەکی گواستنەوەی هەواڵ و فراوان کردنی بازنەی پەیوەندییەکان بەو ڕادەیەی وڵاتانی زۆر دووری پێک بەستەوە، دیسان لە مەسەلەی کاتیشیدا گواستنەوەی



**وێنەی (4)**
**کات و خێرایی گەیاندنی هەواڵەکان سیماو ئادگاری ئاژانسەکانی دەنگوباس**

هەواڵ، کە پێشتر ماوەیەکی دەخایاند، لەگەڵ پەیدابوونی تەلەفۆن هاتە خانەی دەمودەستی، «بەتایبەتیش کە هێڵەکانی پێکگەیشتن بە نێو ئۆقیانوسی هێمنەوە راکێشران»[7].

ساڵی 1896 مارکۆنی ئیتاڵیایی رادیۆی داهێنا، دیارە کە رادیۆش لە بواری پەیوەندی و پێکگەیشتندا شۆڕشێک بوو، هەرچەندە بەرپابوونی شەڕی یەکەم تا رادەیەکی زۆر سنووری بۆ پێشکەوتن و پەرەسەندنی رادیۆ دانا، بەڵام لەسەرێکی ترەوە وەک هۆیەک لە شەڕدا بوو، بەتایبەتیش دوای تێکچوون و بڕینی هێڵەکانی تەلەفۆن و قەدەغەکردنی تەلگرام، لە رادیۆ زیاتر نەبوو دەنگوباس بگەیێنێ، ئەویش لەلایەن حکوومەت و دەوڵەتانی لایەن بوون لە شەڕ دەستی بەسەردا گیرا بوو[8] هەر بەو شێوەش سەرچاوەکانی هەواڵ لەلایەن ئەو دەوڵەتانە دەستی بەسەرداگیرابوو، بەمەش رۆژنامەکان لە نێو خۆیاندا بیریان لە دامەزراندنی کۆمەڵەی هەرەوەزی کردەوە، ئەو کۆمەڵە هەرەوەزیانەش، لەگەڵ ئەوەی هەندێ لە رۆژنامەکان لە رووی ناچارییەوە هاوبەشیان تێداکرد و نەیانتوانی دەسبەرداری بن[9].

لە هەمان کاتدا، لە پاڵ ئەو کۆمەڵە هەرەوەزیانەی کە وتمان



زیاتر لە رووی ناچارییەوە دروست بوون، بەتایبەتیش لە مەسەلەی دابین کردنی سەرمایەدا کە ئەوسا بەهۆی بەرتەسکی بازنەی بڵاوبوونەوە و نابەرابەریەکی هەست پێکراوی لە داهات و خەرجی تیا دەبینرا.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە پاڵ ئەو کۆمەڵانەیش نووسینگەی تایبەت بە گواستنەوەی دەنگوباس لێرەو لەوێ هەبوون لە دوایشدا بوون بە بناغەی ئاژانسە هەرە بەناوبانگەکانی ئەمڕۆ، وەک نووسینگەی (جۆلیۆس رۆیتەر Julius reuter) لە لەندەن و (یەکێتی دەنگوباسەکانی بەندەر) کە لە دواییدا بوو بە ئاژانسی (ئاسیۆشێتد پرێس ـ **AP**)و هی تر، بەڵام بەناوبانگترینیان نووسینگەی دەنگوباسی (هاڤاس) بوو[10].

چونکە نووسینگەی هاڤاس پێش نووسینگەکانی تر هەستی بە بایەخ و گرینگی هەواڵ و گواستنەوەی هەواڵ کرد، دیسان بیری لەوەش کردەوە کە پێویستە چالاکی راگەیاندن و هەواڵ گەیاندن بازاڕی خۆی هەبێ و لە وەختێکی پێوانەییشدا بەڕێوەبچێ.

لە هەموویش گرینگتر هاڤاس یەکەمین کەس بوو ناوی (ئاژانسی دەنگوباس)ی داهێنا کە ئەمڕۆ بووە بە سەرچاوەی


هەموو هۆیەکانی راگەیاندن. هەر لێرەوە ئاژانسە هەرە بەناوبانگەکانی دونیا[11] دامەزرێنران و پەرەیان پێ درا کە لە پاڵ پێنج ئاژانسە بەناوبانگەکە (فرانس پرێس AFP)و (رۆیتەر ـ Reuter)ی ئینگلیسی و (ئاسیۆشێتد پرێس ـ AP)و (یونایتد پرێس ئەنترناشیناڵ U.P.I)ی ئەمریکایی و (تاس TAS)ی سۆڤیەتی پێشوو[12](کە دیارە ئێستا ئاژانسی رووسیای فیدراڵ جێگای گرتۆتەوە) و بەدەیان ئاژانسی تری تایبەتی و ناوخۆیی و دەزگای تایبەت بە ئاڵوگۆڕی هەواڵ دامەزراون و ئەمسەر و ئەوسەری دونیایان گرتووەو وێنەی هەنگ لە بزاڤ و جووڵانەوە دان و رۆژ بە رۆژیش هاورێ لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای پێگەیشتن و راگەیاندن پەرە دەستێنن و پێش دەکەون **(تەماشای پاشبەندی ژمارە 1 بکە).**



## (2) ئاژانسی دەنگوباس و هۆیەکانی راگەیاندن

پەیوەندی ئاژانسی دەنگوباس بە هۆیەکانی راگەیاندن، وەک پەیوەندی سەرو دڵ وایە لە لەشی مرۆڤ، هیچ کامیان بێ ئەوەکەی تر ناژی و برەو ناسەنێ و هێز و و توانستی بەردەوام نابێ، هەر چەندە ئەمڕۆ زیاتر وا دەرکەوێ کە هۆیەکانی راگەیاندن لەسەر ئاژانسەکانی دەنگوباس دا دەژین...

لەم راستەوە باشتر وایە، پێش ئەوەی چۆنیەتی ئەو



**وێنە (5)**
**تەکنەلۆژیای پێکگەیشتن جیهانی پان و بەرینی کردەوە گوندە بچکۆلانەکەی جاران**

پەیوەندیە بخەینە روو، کورتە پێشەکییەک دەربارەی راگەیاندن و هۆیە (نووسراو)و (بیستراو)و (بینراو)ەکانی بزانین...

وشەی (راگەیاندن) وەک چەمکێکی پەیوەندار بە پێکگەیشتن بەو واتایە هاتووە کە خەڵکی لە هەواڵ و بیرورا و حەقیقەتەکان ئاگادار و باخەبەر بکەی توانای ئەوەیان پێ ببەخشێ رایەکی راست و دروست لە بەرابەر کێشەیەکی دیاری کراودا لا دروست ببێ[13].



لەسەرێکی ترەوە زانای ئەڵمانی ئاتۆگریت پێی وایە کە راگەیاندن «دەربڕینێکی بابەتییانەی رۆح و عەقلیەتی جەماوەرە»[14].

لە راستیشدا راگەیاندن هەرچییەک بێ، ئەمڕۆ بووە بەدیاردەیەک، بە توانستێکی مانەوی و تەکنیکی زۆرەوە تێکەڵ بە شارستانیەتی ئەم سەدەیە بووە، کە هیچ گەل و دەوڵەتێک نەیانتوانیوە دەسبەرداری بن، بەم پێیەش بێ راگەیاندن بووە بە هونەری پەیوەندی کردن بە جەماوەر و کار



**وێنە (6)**
**ئاژانسی دەنگ و باس و بڵاوکردنەوەو گەیاندنی دەمودەستی وێنەو هەواڵی پێشهاتە لەناکاوەکان**

لێکردنیان بە هەردوو دیو، دیوی گوڕ وەبەرنان بە ئامانجی ڕێ ڕوونی و ئاگادارکردنەوە و دیوەکەی تریشی؛ دیوی گوڕ لە بەربڕین و چەواشەکردن بەمەبەستێک.

لەم گۆشەیەوە راگەیاندن ئەمڕۆ نەک هەر بەلای دەوڵەتە زلهێز و پەلوپۆ هاوێتەکانەوە بایەخی پێ دراوە و بە هەند هەڵگیراوە و توانای لە رادەبەدەری بۆ تەرخان کراوە، تەماشا دەکەین دەوڵەتۆکە و حزب و گرووپە سیاسیەکانیش وای لێ هاتووە دەرهەق بە گرینگی مەسەلەکە لە زاری خۆیان دەگرنەوەو لەدەمی ئەو زەبەللاحەی دەئاخێن کە پێی دەڵێن هۆیەکانی راگەیاندن، کە لەوەتەی تەکنۆلۆژیا رۆژ لە دوای رۆژ بەرەوپێش دەڕوا بە هیچ تێر نابێ.

وەنەبێ راگەیاندیش بوونەوەرێکی سەربەخۆ بێ و بەتەنێ ئەو بایەخ و مەترسیەی دروست کردبێ، بەڵکو جگە لەوەی بەشێکە لەو بەشانەی پرۆسەی پێکگەیشتن پێک دەهێنن، سەبارەت بە کۆمەڵێک هۆی جۆراوجۆریشەوە دەوری خۆی لە ئاراستەکردن و پێکهێنانی رای گشتی دا دیوە کە گرینگترینیان ئەمانەن:



**یەکەم:** رۆژنامەگەریی بە هەرسێ جۆریەوە.

**دووەم:** ئاژانسەکانی دەنگوباس.

**سێیەم:** ئەو هۆیانەی (وەک هۆی راگەیاندن) بە پلەی دووەم دێن، وەکو (شانۆ)و (پێشانگاکانی هونەری وتاردانی تاقە کەس)و (خۆپێشاندانی کۆمەڵێک بۆ مەبەستێکی دیاریکراو)و بزاڤی تری لەم بابەتە.

ئەوەی لێرەدا مەبەستە، پەیوەندی ئاژانسەکانی دەنگوباسە بە هۆیەکانی راگەیاندن کە وەک ئاماژەمان بۆ کرد، بەشێکە لە هۆیەکانی راگەیاندن لە هەمان کاتدا سەرچاوەیەکی هەمیشە ئاوەدانیشە بۆیان.

کام لەم هۆیانەی باسمان کردن، بە تایبەتیش هۆیە سەرەکیەکان، لە پێشەوەی هەمووشیانەوە رۆژنامە و رادیۆ و تەلەفزیۆن دەتوانێ رۆژانە دەسبەرداری دەنگوباس بێ، لە وەختێکدا رووداوەکان ئەوەندە خێراو بە دوای یەکدان؟

دونیای ئەمڕۆ، بەهۆی ئەو شۆڕشە تەکنەلۆژیەی تەواوی بوارەکانی ژیانی گرتۆتەوە، لە رووی راگەیاندن و بەرەوپێشبردنی هۆیەکانییەوە بووە بە گوندێکی بچووک، هەر لێرەوە ئەو پەیوەندییە پتەوەی نێوان ئاژانسەکانی دەنگوباس و هۆیەکانی راگەیاندنمان بۆ روونتر دەبێتەوە،

بەوەی رۆژانە هەرچییەک لەمپەڕ و ئەوپەڕی دونیا رووبدا بەهۆی ئەو ئاژانسانەوە پێمان دەگا.

تەنانەت بڕێکی زۆری کە لە رۆژنامەکانیشدا (بە رۆژنامە ناوخۆییەکانیشەوە) دەیخوێنینەوە، هەر دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئاژانسانە... بەرادەیەک وای لێ هاتووە بەپێی سیستەمی راگەیاندنی ئێستا، ئێمەمانان تەنها بووینەتە بەکاربەر و گوێگر و خوێنەری راگەیاندراوی دەوڵەتە پێشکەوتووەکان نەک هاوبەش و هاریکار و بەشدار لە پرۆسەی ئاڵوگۆڕی دەنگوباس و زانیارییەکان[15]، لە جیهانێک کە دەقیقە بە دەقیقە لە گۆڕاندایە و رووداوەکان وەک بروسکە دێن و تێدەپەڕن.

دیارە کە شتێکمان لە پێشدا دەربارەی دامەزران و پەرەسەندنی ئاژانسەکانی دەنگوباس خستەڕوو... کە چۆن لە نووسینگەی ئاڵوگۆڕی هەواڵەوە، بەوە گەیشتن ئەمڕۆ بە نوێترین رێگای هونەرییەوە ئاژانسەکان کارەکانیان بەڕێوەببەن، لە پێشەوەی هەمووشیانەوە شەش ئاژانسە بەناوبانگەکان کە تا رادەیەک بەهۆی بەرفراوانی دەزگاکانیان و زۆری پەیامنێر و نووسینگەکانیان و پەل هاوێشتنیان... تەواوی هەواڵەکانی دونیایان



لەبەردەستدایە... بەم پێیە زۆربەی هۆیە بەناووبانگەکانی راگەیاندنی دونیا پشتیان پێ دەبەستن... نەک هەر لە رووی دەنگوباسەوە، بەڵکو لە گەلێک رووی دیکەی دەچێتەوە نێو خزمەتگوزارییەکانی بازرگانی و ئابووری کە لە شێوەی (دەنگوباس و ڕیکلام)ەوە دەبێ... ئەوە ئەگەر باسی ریپۆرتاژی رۆژنامەنووسی وێنەدار نەکەین، کە ئاژانسی تایبەتییان هەیە و بەخێراترین هۆی گواستنەوە، (بەهۆی مانگە دەسکردەکانەوە) هەواڵەکانیان لەم سەری دونیا بەوسەری دی دەگەیەنن.

# تەوەرەی دووەم

(1) ئاژانسی دەنگوباسی کوردستان بۆچی؟
(2) ئەرک و ئامانجەکانی (ئاداک ـ ADAK).
(3) ئاژانسی دەنگوباسی کوردستان– پرۆژەی دامەزراندن.
(4) ئاژانسی دەنگوباسی کوردستان
(هەیکەلی بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی بەشەکان).

# (1) ئاژانسی دەنگوباسی کوردستان بۆچی؟
## (ئەرک و ئامانجەکانی)

شتێکی ئاشکرایە کە راگەیاندنی کوردی سەر بە شۆڕش تا (راپەڕین)یش لە بڵاوکردنەوەی ژمارەیەکی دیاریکراوی رۆژنامەو چاپکراوی تر و وەگەڕخستنی چەند ئێزگەیەکی رادیۆ تێنەپەڕیوە کە هەر هەموویشی لەلایەن حزبەکانەوە بووە[16].

ئەوە بێجگە لە جموجۆڵ و چالاکی ئەو حزبانە لە دەرەوەی کوردستان، بەتایبەتیش لە ئەورووپا، لەوەی ئەگەر بکرێ پێی بگوترێ دیپلۆماسیەتی کورد[17].



لێرەدا دەبێ دان بەوەدا بنێین کە لەگەڵ هەوڵی ئەو حزبانەیش بۆ دروستکردن و دامەزراندنی راگەیاندنێکی وا کە لەگەڵ کێشەی رەواماندا بێتەوە، دیسان راگەیاندنی کوردی هەتا ئێستاش وەک هێزێکی کاریگەر کە هیچی وای لە هێزەکانی تر کەمتر نییە، خۆی نەچەسپاندووە بەتایبەتیش دوای راپەڕین کە هەل و مەرجێکی دیکە هاتۆتە گۆڕێ، تەنانەت دەتوانم بڵێم: دوای راپەڕین، ئەوەندەی راگەیاندنی هەندەران لەگەڵ کێشەی رەوامان دا هاتۆتەوە و لە خەمی دابووە خۆمان ئەوەندەی بە تەنگەوە نەبووین کە ئەوەش جێی داخە وابووە لە وەختێکدا ژمارەیەکی دیار و بەرچاو رۆژنامە و




وێنە (7)
رۆژنامە هەرە پێشکەوتوو و بەربڵاوەکانی دنیاش پشت بە ئاژانسەکانی دەنگوباس دەبەستن

گۆڤار و ئێزگەی رادیۆ و تەلەفزیۆنمان هەیە...

بەرای من هەموو ئەو پاشاگەردانییەی تا حاڵی حازریش ئەگەری ئەم مەسەلە گرینگەن، پچڕپچڕی و یەک نەگرتوویی ئەو راگەیاندنە بووە.

ئەمڕۆیش کە (حکوومەتی هەرێم) بەرقەرارە و ئەم کارەی لە ئەستۆدایە هەوڵ بدا دەنگی ئینسانی کوردی ئابلوقەدراو و پێویستیە ئینسانی و ئابووری و سیاسی و کولتووریی و کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژیەکانی بگەیەنێت، وێنەیەکی لێوەشاوەی تاقیکردنەوەکانی کوردستانیش لە هەموو روویەکەوە بخاتەڕوو، لە جیهانێکدا کە یەکێک لە مۆرک و نیشانەکانی تیژڕەوی و گۆڕانی بەردەوامە، دەزگا تایبەتمەندەکانی دەتوانن رۆژانە بەچەند سەد وشەیەک کە هەر وشەیەک سەنگ و رەنگی خۆی هەبێ و بەدووربینی و دوور لە بەرژەوەندی تاکبینییەوە نووسرابن و بەراستی لەگەڵ دیپلۆماسیەتی هەندەرانماندا بێتەوە.

بێگومان ئەمەش بە دامەزراندنی ئاژانسێکی دەنگوباسەوە دەبێ کە جگە لەوەی تایبەت دەبێ بەناردنی هەواڵ و دەنگوباسی کوردستان بۆ هەندەران و وەرگرتنی دەنگوباسی دنیا و دابەش کردنی بەسەر هۆیەکانی راگەیاندنی



کوردستان، لە زۆر لایەنی دیشەوە وەک لە خوارەوە باسی دەکەین خزمەتی راگەیاندنی شۆڕش و کورد و حکوومەتە ساواکەی کوردستان دەکات.

راستە دامەزراندنی دەزگایەکی وەک ئاژانسی دەنگوباس، لە رووی سیاسییەوە بیگری یا هونەری، کارێکی ئاسان نییە سەبارەت بەوەی بە کۆمەڵێک خاڵەوە بەندە کە هێنانەوەیان لێرەدا زیاتر بۆ لەبەرچاوگرتنیانە لە کاتێکدا وەک پرۆژەیەک دەخرێتە بەرباس و لێکۆڵینەوە. ئەو خاڵانەیش ئەمانەن:ـ

**أ/ بارودۆخی نێودەوڵەتان:** کە پێم وایە بۆ دامەزراندنی پرۆژەیەکی وا بۆ ئەمڕۆمان هەرگیز ئاوا لەبار نەبووە.


**ب/ توانستی ئابووری:** دامەزراندنی دەزگایەکی وەک ئاژانسی دەنگوباس بە کوردی، بێگومان توانایەکی ئابووری لە باری دەوێ ئەویش بەو رەنگەی لە خاڵەکانی ئایندەدا باسیان دەکەین دیارە ئەگەر زەحمەتیش بێ مەحاڵ نییە.

**ج/ مەسەلەی زمان:** ئەمەش بەرای من گرفتێکی بەو رەنگە نییە، چونکە ئێمەش لە سەرەتادا دەتوانین بڵاوکراوەکانمان ئەوانەی بۆ دەرەوەیان دەنێرین بە زمانە زیندووەکانی دونیابێ، ئەوانەیشی بۆ هۆیەکانی راگەیاندنی خۆمان پێویستە بە کوردی بێ... پاشان ئەو ئاژانسەی ئێمە

ئاژانسێکی نیشتمانی دەبێ.

**د/ بازاڕی ناوەخۆ و دەرەوە:** بۆ مەسەلەی بازاڕی ناوەخۆ دیارە کە گرفتێک نییە و بەشداری کردنی هۆیەکانی راگەیاندنی کوردستان بە قانوون شێوەیەکی تەوزیعی وەردەگرێ لە بری مەبلەغێکی دیاریکراو... بۆ بازاڕی دەرەوەش دەتوانرێ هەوڵبدرێ پەیوەندی بەچەند ئاژانسێکی نێونەتەوەیی و جیهانییەوە بکرێ، بەتایبەتیش ئەوانەی بایەخ بە هەواڵەکانی کوردستان دەدەن.

جگە لە هەموو ئەوانەیش کوردستان ئەمڕۆ خاڵێکی هەڵایساوە لە ناوچەکەدا، ئێستاش و لە دوا ڕۆژیشدا، بەوەی کێشەیەکی رەوای لەمێژینەی هەیە.



**وێنە (8)**
**مێکرۆفۆنەکانی رادیۆش**
**بەبێ ئاژانسەکانی دەنگوباس**
**ساردو سڕن**



ئەمەش بێگومان دەوری خۆی دەبێ لە مەسەلەی بایەخدانی ئاژانس و دەزگاکانی راگەیاندنی هەندەران، بەتایبەتیش ئەورووپا... لە حاڵێکدا بوونی ئاژانسێکی تایبەت بە کوردستان کە دوای ئەوەی جێی متمانەیان دەبێ، بەشداری لەگەڵدا دەکەن، بەمەش جگە لەلایەنە سیاسییەکە لە رووی ئابووریشەوە سوود بە ئاژانسەکە دەگەیێنێ.. کە بودجەیەکی بۆ مسۆگەر دەکا.

ئێمە ئەمڕۆ پتر لە هەموو رۆژێک پێویستیمان بەوەیە سنوورێک بۆ ئەو گەمارۆیە رۆشنبیری و کولتووریە دابنێین کە لە پاڵ چەندین ئابلوقەی تر دەورەی داوین... بەتایبەتیش لە رووی هۆیەکانی راگەیاندنی جۆراوجۆرەوە.

پێم وابێ دەزگایەکی دەنگوباس پەنجەرەو بەرهەڵێک دەبێ نەک هەر بۆ (هەواڵ) کە کاری سەرەکی دەبێ، بۆ کولتووری گەلانی تریش، لە رێی ئاڵوگۆڕێکی بەردەوام و نەپچڕاوەوە.

## (2) ئەرك و ئامانجەكانی
## (ئاداك ـ ADAK)[18]

له پێشدا وتمان مەبەست له دامەزراندنی دەزگايەكی وەك (ئاژانسی دەنگوباسی كوردستان) يەكگرتوويی راگەياندنی كوردستانە، بە تايبەتيش ئەمڕۆ كە حكوومەتی هەرێم بەرقەرارە و ئەمەش شێوەيەكی رەسمی بە هەواڵ و راگەياندراوەكانی كوردستان دەدا له هەندەران و له هەمان كاتيشدا هەموو سەرچاوەكانی دوژمن ناچار دەكا راستەوخۆ



له وەڵامدانەوە و بەرپەرچدانەوەی بڕيار و راگەياندراوەكانمان ئاماژە بە (ئاداك) بكەن.

لەم روانگەيەوە ئەرك و ئامانجەكانی (ئاداك) لەم چەند خاڵانەی خوارەوە دەستنيشان دەكرێ:

**1**ـ پێداگرتن لەسەر ئەوەی كێشەكەمان لە كێشە لە پێشەكانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە و كێشەی گەلێكە قوربانی بێ سنووری لە پێناوی ژيانێكی لايەق بە ئينسان لەسەر خاكی خۆی داوە و (ئاشتی)يش لەو ناوچەيەدا پابەندە بە چارەسەركردنێكی عادیلانەی ئەو كێشەيە لە مافی چارەنووسدا.

**2**ـ تەئكيد كردنەوە لەسەر ئەوەی ئێمە هەرگيز شەڕخواز نەبووين و نين و هەميشە شەڕمان بەسەردا سەپێنراوە و لە رووی ناچارييەوە و بۆ بەرگری لە بوون و ماهيەتی خۆمان چەكمان هەڵگرتووە.

**3**ـ تەئكيد كردنەوەی بايەخی گفتوگۆ و دۆستايەتی لەگەڵ هەموو گەلانی دنيا، بەتايبەتيش ئەوانەی لە تەنگانەدا بە كەڵكمان هاتوون.

**4**ـ سەرتاپاگيری لە چارەسەركردنی رۆژنامەنووسيانەدا بەو مەبەستەی هەموو لايەنێك بگرێتەوە، سياسی و ئابووری و

ژیاریی و کلتووری.

**5**ـ بەشداری کردنێکی دیاری هەموو ئەو کۆڕ و کۆنگرە و کۆبوونەوانەی لە سوود و قازانجی کێشەی کوردستان لە هەندەران گرێ دەدرێن.

**6**ـ لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندی بارودۆخی پارچەکانی تری کوردستانی بە ئێران و تورکیا و سوریا بەستراو لە مەسەلەی بزاڤی راگەیاندنی ئاژانس دا.

**7**ـ با خەبەرکردنی رای گشتی دنیا لە روانین و بۆچوونەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەربارەی هەڵوێست وەرگرتن لە بەرابەر مەسەلە هەڵایساوەکانی رۆژ، بە گوێرەی کوردستان و ناوچەکە بەگشتی.

**8**ـ بڵاوکردنەوەی زانیاری راست و دروست دەربارەی باری ناهەمواری خەڵکی کوردستان کە لە ئەنجامی رەفتاری رژێم بە درێژایی نزیکی چارەکە سەدەیەک دووچاری بوون، لە رێگای ریپۆرتاژی رۆژنامەنووسی بەردەوامەوە.

**9**ـ راست کردنەوەی ئەو هەڵانەی کە لە هۆیە جۆراوجۆرەکانی راگەیاندنی هەندەران بەدەستی ئەنقەست یا هەروایی دەکرێن و دەبنە هۆی شێواندنی رووی راستی خەباتی رەوامان لە پێناوی چەسپاندنی ئەو مافانەو لە پێناوی پێشکەوتن دا.



**10**ـ بەرەنگاربوونەوەی پڕوپاگەندە و درۆکانی دوژمن، بە دەرخستنی رووی راستی مەسەلەکانی رۆژ و رێ روونی هاونیشتمانیان لە هەموو مەیدانەکاندا.

**11**ـ تەئکید کردنەوەی هەوڵی ئینسانی کورد و تێکڕایی گەلی کوردستان و پێداگرتن لەسەر مەسەلەی ئاوەدانکردنەوەی کوردستان، لە رێگای راپۆرت و ریپۆرتاژی وێنەدار و پەیوەندییەکانی تری ئاژانس بەهەندەران.

**12**ـ پات کردنەوەی برایەتی و دۆستایەتی نێوان کورد و تورکمان و ئاشووری و هەموو کەمە نەتەوەییەکانی تری کوردستان.

بە کورتی: ئاژانسی دەنگوباسی کوردستان، دەکرێ هۆیەک بێ؛ هۆیەکی کاریگەریش بۆ پێکهێنانی رای گشتی لە کوردستان بەو رووکارەی خزمەتی رەوتی کێشەی رەوامان بکات و نووسینگە و پەیامنێرەکانی (کە لە دواییدا دادەمەزرێن) ببن بە باڵوێزخانەیەک بۆ دیپلۆماسیەتی کورد و حکوومەتی هەرێمی کوردستان.

## (3) ئاژانسی دەنگوباسی کوردستان
## (پرۆژەی دامەزراندن)

دامەزراندنی پرۆژەیەکی لەم چەشنە، ئەگەر بۆ ئەمڕۆ ئاسایشی نەبێ، بەڵام دیارە کە ڕێگای دوور بە هەنگاوی یەکەم دەست پێ دەکا.

ئێمە تا ئێستا کە ڕاگەیاندنمان لە چەند ڕۆژنامەو ئێزگەی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی ئۆرگانی حزبە سیاسییەکانی کوردستان تێ نەپەڕیوە[19].

لێرەوە بوونی ڕاگەیاندنێکی سەربەخۆی سەرتاپاگیر و



خرگرەوەتر: تەنانەت لە رووی سایکۆلۆژیشەوە رۆڵی خۆی دەگێڕێ...

بۆیە دامەزراندنی دەزگایەکی تایبەتی وەک ئاژانسی دەنگوباس بەپێی بنەما و زەمینەی خۆی بە رووداوێکی گرینگ دەزانم بە تایبەتیش لە وەختێکدا کە هەم هەل و مەرجی سیاسی لەبارە، هەم بناغەیەکی پتەویش دەبێ بۆ لەمەودوای رۆژنامەگەریی کوردی کە تائێستا زیاتر رۆژنامەگەریی (وتار) بووە، لەوەی رۆژنامەگەریی (هەواڵ) بێ...

دیسان دامەزراندنی ئاژانسی دەنگوباسی نیشتمانی و نەتەوەیی بەدەر لە بە ئەنجام گەیاندنی ئەرک و ئامانجەکانی، هێما و رەمزێکیشە لە هەندەران، تا رادەی ئەوەی زۆرجار و لە زۆر شوێن دا جێی باڵوێزخانە دەگرێتەوە کە لەو کاودانەدا لە توانا دانییە ستافێکی رەسمی دیپلۆماسیمان لە هەندەران هەبێ[20]... لە سەرێکی ترەوە ئێمە کە پرۆژەی دامەزراندن دەخەینەڕوو، مانای ئەوە نییە یەکسەر بیرمان بۆ رەنگڕێژ و پەیکەری رێکخستنی ئاژانسە پێشکەوتوو و بەناوبانگەکانی دنیا بچێ کە ئەمڕۆ نوێترین تەکنەلۆژیای گواستنەوەی دەنگوباس و وێنەو ریپۆرتاژی رۆژنامەنووسی

بەکاردەهێنین... چونکە ئەمڕۆ لە پاڵ ئەمجۆرە ئاژانسانەیشدا گەلێک ئاژانسی نیشتمانی و نەتەوەیی وا هەن کە بەپێی بارودۆخ و هەل و مەرجی ئابووری و سیاسییان کار دەکەن، هەیانە تائێستاش رێگا کۆنەکان لە گەیاندن و گواستنەوەی دەنگوباسدا بەکاردەهێنێ.

وەک وتمان رێگای دوور بە هەنگاوی بەرایی دەست پێ دەکا... لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا سەبارەت بەوەی ئاژانسی دەنگوباسی کوردستان، دەزگایەکی راگەیاندن و کولتووری تایبەت بە کوردستان دەبێ و لە هەمان کاتدا هیوای ئەوەی لێ دەکرێ ببێ بە پردی پەیوەندی کوردستان بە هەندەران بۆیە پێویستە لە دامەزراندنی دا ئەم لایەنانە لە بەرچاوبگیرێ.

## یەکەم/ رێکخستن:

بێ گومان ئاژانسی دەنگوباسی کوردستان، بەوەی ئاژانسێکی نیشتمانی[21] دەبێ، پێویستە وێرای ئەوەی بە گوێرەی بەرژەوەندی نەتەوەیی و نیشتمانی کوردستان ئاراستە بکرێ، لە هەموو چەشنە کۆنترۆڵێکی تاکڕەوەییەوە بە دوور بێ و بابەتییانە مامەڵە لەگەڵ هەواڵ و



ریپۆرتاژەکان بکاو بایەخێکی دیار بە مەسەلەی خێرایی گواستنەوەی هەواڵەکان بداو پێداویستی یە پێویستەکانی بۆ دابین بکرێ. راپەڕاندنی ئیش و کار و بەشەکانیشی بە شارەزاو لێزانان بسپێردرێ و بەهێزی قانوون، هەموو هۆیەکانی راگەیاندنی سنووری حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەشداری لە بڵاوکراوەکانی دا بکەن، ئەویش لە بەرانبەر ئابوونەیەکی دیاری کراو و ژمارەیەکی چاک نوێنەرو پەیام و هەواڵنێری لە ناوەوەو دەرەوەی کوردستان دابمەزرێنی[22]و لە هەمان کاتدا هەوڵ بدا پەیوەندی لەگەڵ یەکێک یا دوو ئاژانسی جیهانی هەبێ، راستەوخۆ بێ یا لە رێگای نووسینگەکانیان لە «تورکیا» وەک (AFP ـ ئاژانسی دەنگوباسی فەرەنسی)و (رۆیتەر)و بتوانرێ لە وەختێکی دیاری کراو، پەیامی (ئاداک ـ ADAK) وەربگێڕی و بە هۆی کەناڵەکانیان بڵاوی بکەنەوە.

هەروەها هەوڵ بدرێ هەر لە رێگای ئەوانەوە چەند کادیرێک بۆ پتر شارەزابوون و بەکارهێنانی تەکنیکی نوێ لە وەرگرتن و گواستنەوەی هەواڵ لە ماوەیەکی دیاری کراو دا رابهێنرێن... هەڵبەت وێڕای پەیوەندی بە ئاژانسەکانی ناوچەکە وەکو ئاژانسی (ئەنادۆل)ی تورکی و (ئیرانا)ی

ئێرانی و (سانا)ی سوری و هەروەها (ئاژانسی دەنگوباسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست)ی میسری و ئاژانسەکانی لوبنان[23].

لە ڕووی هونەریشەوە، ڕووکارەکانی دابەش کردنی هەواڵ و چۆنیەتی بڵاوکراوەی تایبەت بە ناردن دیاری بکات، هەروەها ئەو زاراوانەیش کە لە بواری ڕاگەیاندن و ئاڵوگۆڕی دەنگوباس دا بە کوردی بەکاریان دەهێنێ، بەو ئامانجەی لە دوا ڕۆژیشدا بچەسپێن و لە تەواوی هۆیەکانی ڕاگەیاندنی کوردی دا پەیڕەو بکرێن.

ئەوە بێجگە لە دیاری کردنی سەرمایەی دەسبەکاربوون و پێداویستە هونەری و تەکنیکیەکان و هۆیەکانی تر کە لە بەشێکی تری ئەم باسەدا ڕوونتریان دەکەینەوە.

## دووەم/ دابین کردنی بودجەی دامەزراندن و خەرج کردن:

دابین کردنی بودجەی دامەزراندن و بەکارخستنی دەزگایەکی وەک ئاژانسی دەنگوباس و پێداویستە تەکنیکی و هونەرییەکانی، بە تایبەتیش لە کوردستان بەم بارودۆخەوە، بێگومان ئاسان نییە.

ئاشکرایشە دەزگایەکی وا، بەبێ بودجەیەکی تایبەت بە خۆی



هیچ کارێکی پێ ڕاناپەڕێنرێ... لێرەدا پێشنیار دەکەم بودجەی دامەزراندن و خەرج کردن بەم ڕێگایانەی خوارەوە مسۆگەر بکرێ:

**1ـ** باربووی حکوومەتی هەرێم (وەزارەتی ڕۆشنبیری یا سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران): بێگومان دەزگایەکی وا کە سەر بە حکوومەتی هەرێم دەبێ، وەک هەر دەزگایەکی دیکەی پێویستە بودجەی دامەزراندن و خەرج کردنی بکەوێتە ئەستۆ، بەڵام ئێمە لێرەدا بەشێکمان خستە سەر وەزارەت لەبەر دوو هۆ:

**أ/** بۆ ئەوەی ئاژانسەکە سەربەخۆییەکی هەست پێکراوی هەبێ لە بودجەدا، بەتایبەتیش کە کارەکانی (دوای دامەزراندن و دەست بەکاربوون) دواخستن هەڵناگرن، لە هەمان کاتیشدا وەک پێشتریش وتمان کەسیێتێکی مانەویشی دەبێ.

**ب/** ئێستای کوردستان و باری ئابووری حکوومەتی هەرێم، ئاسان نییە هەموو پێداویستیەکانی دەزگاکە مسۆگەر بکرێن، بەتایبەتیش لایەنی تەکنیکی و هونەری.

**2ـ** ئابوونەی ساڵانەی دەزگا و هۆیەکانی ڕاگەیاندنی سنووری حکوومەتی هەرێم.

**3**ـ کـۆکـردنەوەی یارمـەتی (بەتایبـەتیش بۆ ئامـێـرە تەکنیکیەکانی دەزگاکە) لە هەندەران، لە ڕێگای لە چاپدانی نامـیلکەیەکی تایبەتی کە بە زمانی کـوردی و عـەرەبی و فـارسی و تورکی و ئینگلیزی دەبێ و بڵاوکردنەوەی بەپێی تواناو نامیلکەکەش کورتەی پرۆژەکەی تێدا دەخرێتەڕوو، هەر لە پاڵ ئەوەشـدا داوای یارمـەتی و باربوو دەکـرێ، بەتایبەتیش لە ئەو کوردانەی لە هەندەران دەژین.

**4**ـ لە ڕێی پەیوەندی کردن بە (یونسکۆ)و پێشنیازکردنی ڕاپەڕاندنی هەندێ لە کارەکانی یونسکۆ لە کوردستان لە ڕێگای (ئاداک)ـەوە بەکوردی لە بەرانبەر باروبووی ماددی یا تەکنیکی.

بەنموونە پێشنیازکردنی بڵاوکردنەوەی گۆڤاری (پەیامی یونسکۆ) کە ئێستا بە (26) زمان دەردەچێ، لە کوردستان بەکوردی.

**5**ـ هەوڵدان بەوەی ئاژانسێک یا دوو ئاژانسی جیهانی و چەند ئاژانسێکی نیشتمانی ناوچەکە لە بریتی تەرخان کردنی بڕە پارەیەکی دیاریکراو، لە (ئاداک)دا بەشداربن.

**6**ـ ئەو چاپکراو و بڵاوکراوە تایبەتی و گشتییانەی (ئاداک) بڵاویان دەکاتەوە.



7ـ کۆمەک و یارمەتی دەزگا و ڕێکخراوە خێرخواز و نێونەتەوەییەکانی تر.

## سێیەم/ کادیر و شارەزای پێویست:

لە دامەزراندنی ئاژانسی دەنگوباسدا کادیر و ڕۆژنامەنووسان دەوری سەرەکییان دەبێ، بۆیە هەر لە سەرەتاوە پێویستە بیر لە ڕۆژنامەنووسە شارەزا و لێزانەکان بکرێتەوە ئەوانەی ئەزموونی ڕۆژنامەگەرییان هەیە و لە بەریان دایە لە وەختی پێویست ئیش و کارەکان ڕاپەڕێنن نەک (ناوی زل و دێی وێران)، هەڵبەتە لە پاڵ ئەوەیش پێویستە پاکی و دڵسۆزی کادیرەکەش لەبەرچاو بگیرێ، چونکە ئاشکرایە کە ئاژانسی دەنگوباس دەزگایەکی گرینگە و وەک هیچ دەزگایەکی تر نییە، لەم بارەیەوە دەبێ بایەخی پێ بدرێ، سەرەڕای ئەوەش پێویستە هەوڵ بدرێ هەندێ لە ئاژانسەکانی دەوروبەر یا ئاژانسێکی جیهانی (بەهیمەت بێ یان بە قیمەت) لە ماوەیەکی پێوانەیی دا چەند کادیرێکی تیا ڕابهێنرێ.

جگە لەوانەی وەک پەیامنێر یا هەواڵنێر، لە ڕەوەندی کوردی هەندەرانەوە، ئامادەیی خۆیان بێ بەرابەر نیشان دەدەن.

## چوارەم: پێداویستە تەکنیکی و هونەرییەکان:

بێگومان ئاژانسی دەنگوباس پێداویستی زۆرتری دەوێ لەوەی کە لە خوارەوە دەیانخەینەڕوو بەپێی فراوانی پەیوەندییەکان و خێرایی گەیاندنیشەوە.

لێرەدا تەنیا باسی پێداویستە هەرە پێویستەکان دەکەین کە بۆ سەرەتای دامەزراندنی ئاژانسێکی وەک (ئاداک)و لە بارودۆخێکی وەک ئێستای کوردستان بەس بێ.

**گرنگترین و پێویستترینی ئەو پێداویستانەش ئەمانەن:**

**1ـ** هۆیەکانی گواستنەوە لە ناوەخۆدا وەک ئۆتۆمبێل و ئامێری تەلەفۆن و هۆی تری وەک (بێ تەل).

**2ـ** هۆیەکانی گواستنەوە بۆ دەرەوە، کە زیاتر بەهۆی ئەم ئامێرانەی خوارەوە رادەپەڕێنرێ:ـ

**أ/** ئامێری (بێ تەل).

**ب/** تەلەفۆنی (سەتەلایت) ئەوەی کە (فاکس ـ FAX)ی پێوە دەبەسترێ[24].

**ج/** ئامێرێکی (تەلپرێنتەر): کە هۆیەکی پەیوەندی زۆر بەکار و خێرایە، دەتوانرێ 24 سەعات بەکاربهێنرێ.



ئەم جۆرە ئامێرە تێکستی نووسراو راستەوخۆ بۆ مەڵبەندەکانی پێشوازی دەنێرێ و بۆ ئاژانسی دەنگوباس زۆر پێویستە.

**د/** ئامێرێکی تایبەت بە گواستنەوەی وێنە، (وەرگرتن و ناردن).

**هـ/** ئانتێنی پەیوەندار بە مانگە دەسکردەکان، لەوانەی ئێستا ئێستگەی تەلەفزیۆنەکان بەکاری دەهێنن.

**و/** پێداویستی تۆڕێکی لەباری ئینتەرنێت.

**3ـ** پێداویستیەکانی ئارشیفێکی لەبار و شێوە زانستی نەک هەروایی.

**4ـ** تایپ رایتەر یا کۆمپیوتەر (ژمارەی پێویست) بە تایبەتی بەشی گوێگرتن و لە چاپدانی بڵاوکراوەی رۆژانە.

**5ـ** ئامێری فۆتۆکۆپی. ئامێری وێنەگرتن و شووشتنەوە.

**6ـ** رادیۆ و ریکۆردەری پێشکەوتوو (ژمارەی پێویست)، بەتایبەتی بۆ بەشی گوێگرتن (ئینسات).

**7ـ** بارەگای پێویست و شیاو، بەڕای من بینای ستوونی بۆ ئەم مەبەستە لەبارترە، چونکە بنکەی ئاژانس مەڵبەندێکە زۆربەی کارەکانی تیا ئەنجام دەدرێ.

**8**ـ ژمارەیەک تەلەفۆنی مایکرۆفۆن، بۆ پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەشەکان، بەتایبەتی ئەو ژوورانەی پێویستیان بە خێرایی ڕاپەڕاندنی کارەکانەوە هەیە وەک ژووری ناردن و گوێ گرتن.

**9**ـ ئاڵوگۆڕکارێک (بەداله).

**10**ـ پێداویستی تر وەک کاغەز و پێنووس و نیشانەی دیاریکراو و تابلۆ و شتە وردەواڵەکانی تر.

**11**ـ کافتیریایەکی هەرەوەزی، بەتایبەتیش کاتێ ئاژانس



**وێنە (9)**
**باڵەخانەی ستوونی لەبارترین شێوە بۆ بنکەی ئاژانس**



دەکەوێتە کار بێگومان دەوام لە زۆربەی بەشەکان شەویش بەردەوام دەبێ.

**12**ـ داینەمۆی کارەبا، لە کاتی نەبوون و پچڕپچڕی تەزووی کارەبای گشتی.

**13**ـ خەستەخانەیەکی بچووک یان یەکەیەکی تەندروستیی گونجاو، بۆ کات و حاڵەتی نائاسایی و پێویست.

**14**ـ ستافێکی تایبەتی پاراستنی ساختمانی ئاژانس.

## ئاژانسی دەنگوباسی کوردستان
## (هەیکەلی بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی بەشەکان)

(ئاژانسی دەنگوباسی کوردستان) وەک پرۆژەیەکی نوێ لە مێژووی رۆشنبیری و راگەیاندنی کوردی، نیشانە بەو خاڵانەی لە پێشدا باسمان کردن پێویستە بایەخێکی تایبەتی پێ بدرێ و هەیکەلی پێشنیارکراو بۆ ڕێکخستنی بەشەکانی ئەم دەزگایە کە لە خوارەوە دەیخەینەڕوو، بۆ (هەلومەرجی ئێستای کوردستان) وای دەبینم پڕ بە پێست بێ و کورت کردنەوەیان بە راست نازانم **(بڕوانە وێنەی 8)**



چونکە دامەزراندن و چەسپاندنی دەزگای (ئاداک ـ ADAK) لە شێوەی پێشنیارکراویدا گۆڕێکی تر بە رۆژنامەگەریی کوردی و تەواوی رۆژنامەگەریی کوردستان دەدا بەتایبەتی لە رووی هەواڵەوە، دیسان کۆمەڵە فاکتەرێکی تری پێشڤەبر، لە مەیدانی پێکهێنانی رای گشتی لە کوردستاندا، دێنیتە پێشەوە.

هەیکەلی دەزگاکە لە شێوەی خوارەوەدا دەبێ، **(سەرنجی وێنە (8) بدەرەوە)**[25].

### (1) بەڕێوەبەری گشتی و سەرۆکی نووسین

بەڕێوەبەری گشتی و سەرۆکی نووسین بەرپرسی یەکەمی دەزگاکە دەبێ و راستەوخۆ پەیوەندی بە وەزیری رۆشنبیرییەوە (وەک نوێنەری ئەنجوومەنی وەزیران)و پەیوەندی بە بەشەکانیش لە ڕێگای جێگر و سکرتێری یەکەمی نووسین دەبێ و هەموو رێنماییەک بۆ شێوەی راپەڕاندنی ئیش و کاری دەزگاکە لەلایەن ئەوەوە بە راوێژ لەگەڵ وەزیری رۆشنبیری بەو سیفەتەی کە (نوێنەری ئەنجوومەنی وەزیرانە)، دەردەچێ و هەموو فەرمانێکی کارگێڕی و رۆژنامەنووسی بە ئاگاداری ئەو دەبێ و ئەو

ڕێککەوتننامانەیش ئیمزا دەکا کە لەگەڵ ئاژانسەکانی تر و ڕۆژنامەکاندا دەکرێن و نوێنەری دەزگا دەبێ لە هەموو دایەرە ڕەسمی و نا ڕەسمییەکان و فەرمانە کارگێڕییەکانی پەیوەندیدار بە دامەزراندن و کارکەنارکردنی فەرمانبەران و خەرج کردنی بودجەی دیاریکراوی ئاژانس و پاداشت و دەستخۆشانە و بریتی هاندان[26].


لەو سەریشەوە وەزیری ڕۆشنبیری لە هەموو ئەو بڕیارانەی کە پێویستە بدرێن بە گوێرەی ئاژانسەوە ئاگادار دەکاتەوە دوای ئەوەی کۆبوونەوەی حەفتانە، یا مانگانە (بەپێی پێویست) بە ئامادەبوونی جێگری بەڕێوەبەر و سکرتێری یەکەمی نووسین لەگەڵ سەرۆک و سکرتێری بەشەکان گرێ دەدا بۆ ڕاوێژکاری و بەدواداچوونی ڕاپەڕاندنی پلانەکانی کارکردن.

## (2) جێگری بەڕێوەبەری گشتی

جێگری بەڕێوەبەری گشتی، کاتێ بەهەر هۆیەک بەڕێوەبەری گشتی لەسەر کار نابێ، لە هەموو ئەو کارانەی باسمان کردن (بەراوێژی سکرتێری یەکەمی نووسین) جێی بەڕێوەبەری گشتی دەگرێتەوە.

لە کاتی لەسەرکاربوونی (بەڕێوەبەری گشتی)یش جێگر





وێنە (10)
هەیکەلی
بەڕێوەبردنی
ئاداک

وەک کاری ئاسایی خۆی بەرپرسیاریەتی ئەم بەشانەی خوارەوەی لە ئەستۆدا دەبێ:

* **بەشی ئارشیف.**
* **بەشی چاپ و بڵاوکردنەوە.**
* **بەشی کارگێڕی و پەیوەندییەکان.**
* **بەشی دارایی و ڕیکلام.**
* **بەشی وێنەگرتن.**
* **بەشی هونەری و تەکنیکی.**

**(3) سکرتێری یەکەمی نووسین**

وەک چۆن سکرتێری نووسین لە رۆژنامەدا داینەمۆی راپەڕاندنی ئیش و کارەکانە، لێرەشدا هەر بەو جۆرەیە، لە چاودێری و سەرپەرشتی بەشە رۆژنامەنووسییە گرینگەکانەوە بگرە تا رێنمایی و بەدواداچوون و راپەڕاندنی سیاسەتی گشتی ئاژانس لە بواری رۆژنامەنووسی دا و بەشداریکردن لە دانانی پلان و بەرنامەی دەزگاکە و بەڕێوەبردنی ئەو بەشانەی سەرپەرشتیان دەکا و هەروەها بەدواداچوونی راپەڕاندنی کارەکانیان و یاریدەدەرانی جێگری بەڕێوەبەری گشتی، لەو کاتانەدا کە بەڕێوەبەری گشتی لەسەرکار نابێ.

سکرتێری یەکەمی نووسین راستەوخۆ سەرپەرشتی ئەم



بەشانەی خوارەوە دەکا:

* **بەشی هەواڵ.**
* **بەشی لێکۆڵینەوە و ریپۆرتاژ.**
* **بەشی نووسینگە و هەواڵنێرەکان.**
* **بەشی گوێگرتن (ئینصات).**
* **بەشی وەرگێڕان.**
* **بەشی وەرگرتن و ناردن.**

# هەیکەلی ڕێکخستنی بەشەکان و ئەرکەکانیان[27]

**یەکەم: بەشی هەواڵ**

بەشی هەواڵ، بەگرینگترین و بەکارترین بەشی ئاژانس دادەنرێ بەهۆی ئەوەی بڵاوکراوەکانی دەنگوباس بۆ ناوەوەو دەرەوە لەم بەشەوە دەردەچێ.

ئەرکی ئەم بەشە لەم خاڵانەی خوارەوەدا کۆدەکرێنەوە:

ـ دیاریکردنی ئەو هەواڵانەی لە بەشەکانی (گوێ گرتن)و (نووسینگە و هەواڵنێرەکان)و (بەشی وەرگرتن و ناردن)



بۆی دێن، هەروەها ئەوانەیش لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانەوە بەهۆی بەشی ئارشیف.

ـ دیاریکردنی ئەو هەواڵانەی تایبەتن بە دەرەوە و ناردنیان بۆ (بەشی وەرگێڕان) بۆ وەرگێڕان و لە دواییشدا ناردنیان لە ڕێگای (بەشی وەرگرتن و ناردن).

ـ دەرکردنی بڵاوکراوەی حەفتانە و مانگانەی تایبەت بە هەواڵ و ڕووداوەکانی کوردستان... (دیارە بێجگە لە بڵاوکراوەی ڕۆژانە کە ئیشی سەرەکیەتی).

ـ ڕوونکردنەوە و لێکدانەوەی مەبەستی ئەو هەواڵ و دەنگوباسانەی ڕوونکردنەوەیان دەوێ و لەلایەن ڕۆژنامەگەریی ناوخۆ و ئاژانسە پەیوەندارەکانەوە داوا دەکرێ.

ـ پێداچوونەوەی ئەو هەواڵانەی لە ڕێگای هۆیەکانی تری ڕاگەیاندنەوە بۆی دێن لە رووی زمان و داڕشتنەوە.

ـ ڕاستکردنەوەی ئەو هەواڵانەی دژی ڕەوتی شۆڕشی کورد و حکوومەتی هەرێم و بەرەی کوردستانی لە هەندێ هۆی ڕاگەیاندن بڵاودەکرێنەوە، بەهۆی بەدواداچوون و بەدرۆخستنەوەیان لە ڕێگای بڵاوکراوەکانییەوە.

بەشی هەواڵ، چونکە وا پێویست دەکا ئیش و کارەکانی بەوپەڕی خێراییەوە راپەڕێنێ و شەو و رۆژ بەردەوام دەبێ، بۆیە پێویستە بۆ ئاسانی راپەڕاندن لەم هۆیانەی خوارەوە پێک بێ کە هەمووشیان سەر بە سەرۆکی بەشەکە دەبن.

*** هۆبەی هەواڵەکانی ناوخۆ:**

تایبەت دەبێ بە هەواڵەکانی ناوخۆ و جگە لە سکرتێری هۆبە بۆ بەردەوامی دەوامیش لە ماوەی (24) سەعاتدا، (18) هەژدە کەسی دەوێ بە بەردەوامی چوار شەفتی کارکردن... لە سەعاتی (8)ی بەیانییەوە بەکاتی کوردستان، بۆ (8)ی بەیانی رۆژی دواتر هەموو ئەوانەیش بەناونیبیشانی هەواڵنووس (محرر الاخبار) دادەمەزرێن.

*** هۆبەی هەواڵەکانی دەرەوە:**

ئەم هۆبەیەش بۆ بەردەوامی (24) سەعات کارکردن لە چوار شەفتدا جگە لە سکرتێری بەش (18) هەژدە کەسی دەوێ.

*** هۆبەی داڕشتن و پێداچوونەوە:**

ئەم هۆبەیە بە هەموو هەواڵەکاندا دەچێتەوە پێش ئەوەی بەسەر هۆبەکانی راگەیاندن بڵاوبکرێنەوە بۆیە دەبێ ئەوانەی لەو هۆبەیە کار دەکەن ئەوانەبن کە کوردی و عەرەبی و



ئینگلیزی باش دەزانن.

بێگومان دەوامی ئەو هۆبەیەش هەر بەچەشنی هۆبەکانی تر دەبێ. بەڵام لە رووی کادیرەوە (چوار شەفت) جگە لە سکرتێری هۆبە، بۆ هەر زمانێک دوو کەسی دەوێ.

### دووەم: بەشی لێکۆڵینەوە و ریپۆرتاژ

ئەم بەشە کە بەسەرپەرشتی سکرتێرێکی نووسین دەبێ بایەخ بە ئامادەکردنی ریپۆرتاژ و لێکۆڵینەوە و راپۆرتی تری هەواڵئامێز دەدا (بۆ هۆبەکانی راگەیاندنی ناوخۆ و دەرەوە) بەپێی رەوتی رووداوەکان و گرینگی ئەو بابەتانەی هەڵدەگرن ریپۆرتاژ و لێکۆڵینەوەیان دەربارە ئامادەبکرێ.

بێگومان بەگوێرەی کوردستان کە پێم وایە لە رووی رووداوی نوێوە شوێنێکی هەڵایساو دەبێ و، جگە لەوەی شوێنی گەشتوگوزار و شوێنەواری دێرین و سەرچاوەی کانزایی لێ زۆرە، بەشی ریپۆرتاژ لەم بارەیەوە دەوری لە ئامادەکردنی ریپۆرتاژی وێنەدار و لێکۆڵینەوە و راپۆرتی تری هەواڵئامێزەوە دەبێ.

ریپۆرتاژەکانی ئەم بەشەیش لە دوو تەوەرەدا دەبن، تەوەرەی

تایبەت بە دەرەوەی کوردستان، بە هەندەران، تەوەرەکەی تریش بۆ هۆیەکانی راگەیاندنی ناو کوردستان.

هەر ئەم بەشە لە کاتی پێویستدا لێکۆڵینەوە و ریپۆرتاژی رۆژنامەکانی کوردی دیاری دەکا (کە بۆ هەندەران دەست دەدەن) بە هاوکاری بەشی وەرگێڕان دەق یاخود نوێشکێکی لێ وەردەگیرێ و لە پاڵ بڵاوکراوەکانی دا بۆ نزیک و دووری دەنێرێت، بەپێی ناوەڕۆک و پەیوەندی بابەتەکە.

هەروەها بڵاوکراوەیەکی مانگانە وساڵنامەیەکیش دەربارەی رووداوە گرینگەکانی دنیا بە کوردی و یەکێکیش بە زمانی ئینگلیزی دەربارەی رووداوە گرینگەکانی کوردستان لە رووی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و پیشەسازی و شوێنەوار و بازرگانی و...تاد.

بێجگە لەو لێکۆڵینەوە مێژوویی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و جوگرافیانەی ناوە ناوە لە شێوەی نامیلکە و بڵاوکراوەی دەوری بڵاویان دەکاتەوە.

ئەم بەشە بۆی هەیە سوود لە نووسەر و رووناکبیرانی دەرەوەی دەزگاکەش وەربگرێ لە رێگای پەیوەندی پێ کردنیانەوە بەهۆی سکرتێری بەش.

لە رووی کادیرەوە، بێجگە لە سکرتێری بەش (4) چوار



لێتۆژ و رۆژنامەنووس و (3) سێ یاریدەدەری دەوێ کاری ئەم بەشە لەگەڵ تەواوبوونی دەوامی رەسمی بەیانیان تەواو دەبێ.

## سێیەم: بەشی نووسینگە و پەیامنێرەکان

لە رووی ژمارەی نووسینگە و پەیامنێر لە دەرەوە و ناوەوەی وڵات بێگومان تا زۆرتر و بەرفراوانتربن، ئیش و کارەکانی ئاژانس باشتر و خێراتر رادەپەڕێ... لە بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستان توانستی ماددی و کادیری شارەزا پێشنیار دەکەم کە:

**أ/** سێ نووسینگە لە شاری سلێمانی و کەرکووک و دهۆک (دیارە کە مەڵبەندی ئاژانس لە هەولێر دەبێ) هەبێ، هەر نووسینگەی بە بەڕێوەبەرەوە لە سێ کەس زیاتری تێدا نابێ. بێجگە لەم نووسینگانە، هەندێ شوێنی وایش کە لە مەڵبەندی پارێزگاکانەوە دوورن پێویستە پەیامنێریان هەبێ.

**ب/** بۆ دەرەوەی کوردستان (بەپێی توانا) هەوڵ بدرێ نووسینگە لەم شوێنانەی خوارەوە دابنرێ، لە حاڵێکیشدا ئەگەر نەکرا پەیامنێرێکی لێ بێ، پێویستە ئەو پەیامنێرەیش پێداویستی پەیوەندی بە بنکەی ئاژانسی لابێ بۆ خێرایی

گەیاندنی هەواڵەکان، شوێنەکانیش ئەمانەن:

بەگوێرەی وڵاتانی دەوروبەر (ئەنقەرە، دیمەشق، تاران، قاهیرە، تەرابلووسی رۆژئاوا یان هەر وڵاتێکی باکووری ئەفریقیا) بەڵام بەگوێرەی وڵاتانی ئەورووپا پێشنیار دەکەم هەوڵ بدرێ بە یارمەتی ڕەوەندی کوردی نووسینگەیەک لە ئینگلتەرا و یەکێکیش لە ئەمەریکا بکرێتەوە و لە وڵاتانی تری ئەورووپایش هەوڵ بدرێ هەر بەهۆی ئەو قوتابی و پەنابەرە کوردانەی ئەوێ، هەر وڵاتەی پەیامنێرێکی هەبێ.

هەموو ئەو نووسینگەو پەیامنێرە پێشنیارکراوانەیش راستەوخۆ بە بەشی (نووسینگە و پەیامنێر)ـەوە پەیوەند دەبن.

ئەم بەشە بێجگە لە سکرتێری بەش، (11) یازدە کادیری تریشی دەوێ کە بەلانی کەمەوە چواریان پێویستە زمانێکی بیانی بزانن... بە بەردەوامی سێ شەفت.

ئەرکی ئەم بەشە وەرگرتن و ڕێکخستنی هەموو ئەو هەواڵ و پەیامانەیە کە لە دەرەوە و ناوەوە بۆی دێن، تا لە دواییدا بێ دواخستن بیداتە بەشی هەواڵ و لەوێشەوە ڕێڕەوی خۆی وەربگرێ.لە کاتێکدا ئەرکی نووسینگە و پەیامنێرەکان لەم خاڵانەی خوارەوە کۆدەبنەوە:



*** نووسینگە و پەیامنێرەکانی ناوخۆ:**

ـ گەڕان و بەدواداچوونی هەواڵەکان و ناردنیان بێ دواخستن.

ـ پەیوەندی پتەو بە ئۆفیس و دەزگا و کۆمپانیا و ڕێکخراوەکانی سنووری خۆی کە دەست بەجێ هەواڵی بدەنێ.

ـ ئامادەبوونی دەسبەجێی لە شوێنی ڕووداودا لەو سنوورەی کاری تێدا دەکا.

ـ پەیوەندی پتەو بە ناوچە دێهاتنشینەکانی دەوروبەری و هەوڵدان بۆ دەستنیشانکردنی سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو بۆ ئەوەی لە کاتی پێویستدا بە زووترین کات پەیوەندی پێوە بکا.

ـ ئەنجامدانی ریپۆرتاژی ڕۆژنامەنووسی وێنەدار و وەڵامدانەوە و بەدواداچوونی هەر پرس و ڕایەک کە پەیوەندی بە (ئاداک)ـەوە هەیە.

*** پەیامنێرەکانی دەرەوە:**

پەیامنێرەکانی دەرەوەش بێجگە لەو چەند خاڵەی لە پێشەوە

باسمان کردن، ئەمانەی خوارەوەشی لە ئەستۆدا دەبێ:

ـ بەدواداچوونی هەموو هەواڵێک یا وتارێک کە دەربارەی کوردستان لە هەندەران (سنووری ئەم وڵاتەی پەیامنێرەکەی لێیە) بڵاودەکرێتەوە و ناردنی نوێشکێک بۆ مەڵبەند.

ـ حەفتانە یا مانگانە زانیاری ئەرشیفی بۆ مەڵبەند بنێردرێ دەربارەی وڵاتەکە و ئەو دیاردە نوێیانەی لە هەموو رووێکەوە لێی دەکەونەوە.


ـ پەیداکردنی پەیوەندی مکوم لەگەڵ هەموو ئەو کوردانەی لە شارە جیاجیاکانی ئەو وڵاتەدا دەژین کە ئەوی تێدا پەیامنێرە، هەروەها لەگەڵ دەزگاکانی راگەیاندن و کولتووری وڵاتەکە و کەسێتییە سیاسی و رۆشنبیری و هونەرییەکانیدا.

ـ ئامادەکردنی لێکۆڵینەوە و ریپۆرتاژ (بەخۆی) یان بەهۆی نووسەری تر لەسەر باری ژیان و گوزەرانی کوردەکانی ئەوێ لە رووی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیدا...

**چوارەم: بەشی گوێ گرتن (ئینسات)**

ئەم بەشەیش لە (ئاداک)دا گرینگی تایبەتی خۆی هەیە، بەوەی سەرچاوەیەکی هەمیشەییە بۆ وەرگرتنی هەواڵ و





**وێنە (11)**
**«رادیۆ» کە ماوەیەکی زۆر ئامێری سەرەکی گرتنی هەواڵ و کۆکردنەوەی زانیاری بوو.**

ریپۆرتاژی رادیۆیی هەمەجۆر کە یارمەتییەکی زۆری لە دابینکردنی هەواڵ و دەست بەجێیدا دەبێ.

ئینجا بۆ ئەوەی زۆرترین و تازەترین هەواڵ رۆژانە مسۆگەر بکرێ پێویستە بێجگە لە کوردی، گوێگرتن بە زمانی (عەرەبی و فارسی و تورکی و ئینگلیزی و فەرەنسی) ئەنجام بدرێ و بەپێی کاتنامەیەکی دیاریکراو کە بۆ ئەم مەبەستە رێک دەخرێ کاتی بڵاوکردنەوەی (دەنگوباس)ی ئێزگە دیاریکراوەکانی تێدا دەخرێتەڕوو.

بەنموونە ئێزگەی لەندەن «BBC» بەشی عەرەبی سەعات 7و 9و 11، یا بەشی فارسی یاخود ئینگلیزی فلانە سەعاتە و هەروەها.

دیسان ئەم بەشە هۆیەکی تایبەت بە گرتن و تۆمارکردنی تەلەفزیۆنی دەبێ بۆ گرتنی ئەو هەواڵ و ریپۆرتاژ و بەرنامانەی تەلەفزیۆنەکانی جیهان بە هۆی مانگە دەسکردەکانەوە بڵاوی دەکەنەوە.

بەم جۆرە بەشی گوێگرتن، بێجگە لە سکرتێری بەش و بەرپرسی هۆبەی تایبەت بە (گرتن و تۆمارکردنی تەلەفزیۆنی) بۆ هەر زمانێک (2) دوو گوێگری بەلانی کەمەوە دەوێ هۆبەی (تۆمارکردنی تەلەفزیۆنیش)، بەلانی کەمەوە (4) تەکنیکاری پێویستە.

بایەخدانی ئەم بەشە تەنیا لە راست گرتنی هەواڵە سیاسییەکانەوە ناوەستێ، هەموو جۆرە هەواڵێک دەگرێتەوە (سیاسی، رۆشنبیری، وەرزشی و هی تر)؛ لە پاڵ هەندێ ریپۆرتاژ و راپۆرتی هەواڵئامێزی تر کە هەندێکیان رەش ناکرێنەوە وەک بەڵگەنامە لە بەشی ئارشیف هەڵدەگیرێن، بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەندییان بە کورد و کوردستانەوە هەیەو نرخێکی بەڵگەنامەییان دەبێ بۆ ئەوەی لە کاتی




پێویستدا جارێکی تر سوودیان لێ وەربگیرێ و بەسەر هۆبەکانی راگەیاندن بڵاوبکرێنەوە.

**پێنجەم: بەشی وەرگێڕان**

بەشی وەرگێڕان، ئەو هەواڵ و ریپۆرتاژ و بابەتانەی کە بەهۆی بەشی (گوێ گرتن)ەوە یا لە رێگای ئاژانسەکانی ترەوە وەردەگیرێن دەکاتە کوردی.

لەسەرێکی ترەوە هەموو ئەو بڵاوکراوانەی ئاژانسیش، ئەوانەی تایبەتن بەناردن بە ئەو زمانەی پێی دەنێردرێ



**وێنە (12)**

**نموونەیەکی ئەلکترۆنی وەرگرتن و داکردنی هەواڵ و راپۆرتی جۆراو جۆری تایبەت بە ئاژانسەکانی دەنگوباس**

وەردەگێڕێ. بەشی وەرگێڕان سەرەڕای ئەمەش، لە ڕێگای بەشی (کارگێڕی و پەیوەندییەکان)ـەوە یارمەتی ئەو ڕۆژنامەنووسە بیانیانەش دەدا کە دێنە کوردستان.

بەم پێیە بەشی وەرگێڕان بۆ ئەوەی ئیش و کارەکانی بەخێراییەکی پێوانەیی ڕاپەڕێنێ بێجگە لە سکرتێری بەش بۆ هەر زمانێک لەو زمانانەی لە (گوێ گرتن)دا ئێزگەکانی دەگیرێ، چوار (4) وەرگێڕی بۆ بەردەوامی دوو شەفت دەوام پێویستە.

### شەشەم: بەشی وەرگرتن و ناردن

لەم بەشەدا زیاتر پشت بە ئامێرە تەکنیکیەکانەوە دەبەسترێ بۆ وەرگرتنی هەواڵ و ریپۆرتاژ و بابەتی تری لە نووسینگە و پەیامنێرەکانی دەرەوە و ناوەوەی کوردستان و ئەو ئاژانسانەی کە ڕێککەوتنی (ئاڵوگۆڕی دەنگوباس) یان لەگەڵ (ئاداک) مۆر کردووە و بە پێچەوانەوەیش.

دیارە کە ئامێر و ئامرازە تەکنیکیەکانی لەم بەشەدا بەکاردێن هەمە چەشن دەبن لە (بێ سیم)ـەوە بگرە تا دەگاتە تەلەفزیۆنی بە فاکس بەستراو ئامێری گواستنەوە و وەرگرتنی وێنە بە ڕادیۆ و ئینتەرنێت و یا بە هەر هۆیەکی دی



پێشکەوتووتر[28].

ئەم بەشە نیشانە بەوەی (وەک وتمان) پشت بە ئامێرە تەکنیکییە نوێیەکانەوە دەبەستێ بۆ وەرگرتن و گەیاندنی هەواڵ و بابەتی تر، بۆیە پێویستە ئەوانەی لەم بەشەدا کاردەکەن تەکنیکاری لێزان و شارەزا بن. بێجگە لە سکرتێری بەش، بەپێی پێویست لە کاتی خۆیدا کارمەندی بۆ دادەمەزرێ. پەیوەندیشی بە زۆربەی بەشەکانی ترەوەیە بەتایبەتی بەشی (هەواڵ)و (نووسینگە و پەیامنێرەکان)و (بەشی هونەری) کە تایبەت دەبێ بە ئاگادار بوون و لێ خەوتانی ئامێرەکانی دەزگا.

دەسبەکاربوون لەم بەشەدا، واتە وەختی کار، بەوەختی کاری ئاژانس و پەیامنێرەکانەوە بەندە کە پێم وانییە لە ماوەی (24) سەعاتدا لە دوو شەفتی (7) سەعاتی کەمتر بێ.

دیسان ئەو ڕۆژنامەنووسانەی سەردانی کوردستانیش دەکەن لە ڕێگای ئەم بەشەوە، لە بریتی دراوێکی دیاری کراودا دوای پەسنی سەرنووسەر، یا سکرتێری یەکەمی نووسین دەتوانن پەیوەندی بە دەزگاکانیانەوە بکەن و پەیامەکانیان بگەیێنن.

**حەفتەم: بەشی ئارشیف**

ئادەمیزاد هەر لە کۆنی دێرینەوە بیری لەوە کردۆتەوە سوود لە زانیاری پێشووی وەربگرێ، لەو دەمەیدا کە نووسین لەلایەن سۆمەریەکانەوە داهێنراوە لەو ڕێگایەدا هەوڵی هەبووە کە ئێستا پێی دەڵێن ئارشیف یا (ئارچیڤ)[29].

کتێبخانە، یا راستتر ئارشیفی (سپپار)ی چەند کیلۆمەترێک نزیک بەغدا کە لە ساڵی 1987دا لەلایەن بەشی ئارکیۆلۆژی سەر بە کۆلیژی ئەدەبیاتی زانکۆی بەغدا دۆزرایەوە کە من خۆیشم یەکێک بووم لەو ستافەی کاری تێدا دەکرد و کە پێش زیاتر لە **3000** ساڵ پ.ز و ئارشیفی بەناوبانگی ئاشورپانیپال کە بەسەدان تابلیێتی گلێنەی تێدایە نموونەی دیار و بەرچاون؛ ئەوە بێجگە لە دیکۆمێنت و بەڵگەنامەکانی شارستانیەتی میسری دێرین.

بەڵام ئاشکرایە کە ئارشیف لە چەمکی نوێیدا جیایە و هۆیەکی بایەخدار و بەردەستە کە گەلێک زانیاری کەڵەکەبوو و ڕێکخراوی تێدایە لە کاتی پێویستا پەنای بۆ دەبرێ.

ئارشیف لە سادەترین پێناسەیشدا، کۆمەڵێک زانیاری ڕێکخراو، پارێزراو لە شوێنێکی دیاریکراو دەگیرێتەوە، ئینجا ئەو زانیاریانە لە شێوەی کتێب یا ڕۆژنامەو گۆڤار و



یا وێنە یا نەخشە و ئاماری هەمەجۆر دابن[30].

(ئاژانسی دەنگوباسی کوردستان) لە زۆر سەرەوە پێویستی بە ئارشیف دەبێ، بەتایبەتیش لە کاتی دارشتنی هەواڵێکی دیاریکراو کە ئارشیف دەبێتە پاڵپشت و تەواوکاری ئەو زانیاریانەی تێیدا دێن.

دیسان ئەم بەشە لەو بەشە بە بزاوتانەیە کە هەمیشە زانیاری دێتە سەر، بۆیە پێویستە ئەوانەی کاری تێدا دەکەن شارەزابن و لە کاتی ڕێکخستن و پاراستنی زانیارییە هەمە چەشن و قەبارە جیاجیاکان بەدیقەت بن.

وەک سەرەتای دامەزراندن، پێویستە ئارشیفی ئاژانس بکرێ بەدوو هۆبە، هۆبەی کتێب و ڕۆژنامە و شتی دیکەی نووسراو (هۆبەی گشتی)و (هۆبەی بیستراو بینراو)، بۆ هۆبەی یەکەم، هۆبەی گشتی پێویستە بایەخ بە کۆکردنەوە و ڕێکخستنی ئەم زانیاریانەی خوارەوە بدا[31].

- کتێبی هەمەجۆری پێویست.
- مێژووی ژیانی سیاسەتمەدار و ڕۆشنبیر و نووسەر و هونەرمەندان بە وێنەوە.
- زانیاری پێویست لە بارەی یەکەیەکەی وڵاتانی دنیا بە

نەخشە و وێنەوە.

ـ ڕۆژنامەو گۆڤاری هەمەجۆر، ناوخۆ و دەرەوە.

ـ هەندێ وتار و نووسینی بڵاوکراوە لێرەو لەوێ، لە شێوەی تیلمەدا.

ـ نەخشەی هەمەجۆر.

ـ ئینسایکلۆپیدیای هەمە چەشن.

ـ فەرهەنگ و قاموسی جۆراوجۆر.

ـ ڕابەری جوغرافیا و گەشتوگوزار.

ـ ڕابەری شوێنەوارە کۆنەکان، بەتایبەتی شوێنەوارەکانی کوردستان.

ـ وێنە و سلایدی هەمەجۆر.

ـ بەڵگەنامەی پێویست کە لەوانەیە لە ڕێگای ئەرشیفی حزبەکانەوە دابین ببێ.

ـ بڵاوکراوە و ئۆرگانی حزبەکان.

هۆبەی دووەمیش (هۆبەی بیستراو و بینراو)، تایبەت دەبێ بەو کاسێت و کاسێتی ڤیدیۆییانەی بایەخی مێژوویی و بەڵگەنامەییان هەیە، وەک هەندێ چاوپێکەوتنی ئێزگەیی و



تەلەفزیۆنی و هەندێ وتاری سیاسی و هەندێ بۆنەو موناسەبات و بەرنامەی دیکە.

ئەم بەشە بە هەردوو هۆبەوە، بێجگە لە سکرتێری بەش، ئەگەر بمانەوێ لە شێوەی سەرەوەدا، ڕێک و پێک و دەست بەجێ بێ بەلانی کەم پێویستی بە (8) هەشت کەسی شارەزا و (3) کرێکاری یاریدەدەر دەبێ.

## هەشتەم: بەشی چاپ و بڵاوکردنەوە

ئەم بەشەیش دەبێ بەدوو هۆبە: (هۆبەی چاپ)و (هۆبەی بڵاوکردنەوە).

* **هۆبەی چاپ:** بریتی دەبێ لە ژمارەیەک تایپرایتەر و تایپیست یا کۆمپیوتەر بۆ لە چاپدانی بڵاوکراوەی ڕۆژانەی ئاژانس و هەموو بڵاوکراوەکانی دیکەی.

ئەم هۆبەیە بۆ ئەوەی کارەکانی خێراتر بێ، پێویستە ژمارەی تایپیست و کارمەندانی لە چاو ئەو خێراییەدا بێ.

بۆیە وای بە باش دەزانم بێجگە لە سکرتێری بەش، بۆ بەردەوامی دوو شەفت کار (14) سەعات، (12) دوانزە تایپلێدەری هەبێ.

*** هۆیەی بڵاوکردنەوە:** ئەرکی هۆبەی بڵاوکردنەوە، بڵاوکردنەوەی بڵاوکراوەکانی ئاژانس دەبێ لە سنوورێکی نزیک و دیاریکراودا.

ئەم بەشە بێجگە لەوەی (6) شەش کەسی بۆ فۆتۆکۆپی و تێل کردنی بڵاوکراوەکان پێویستە، بەلانی کەم (6) کەسی تریشی بۆ بڵاوکردنەوە دەوێ.

## نۆیەم: بەشی کارگێڕی و پەیوەندییەکان

ئەم بەشە بەپێی پسپۆریەتی دەکرێ بە دوو هۆبە:

**(هۆبەی کارگێڕی):** کە تایبەت دەبێ بە کاروباری خۆیەتی فەرمانبەر و کارمەندانی دەزگاو کاروباری بارەگای سەرەکی ئاژانس و نووسینگەکان و بەرنامەڕێژی کارگێڕی و دابینکردنی پێداویستیەکانی وەک ئۆتۆمبێل و ئامێری دیکە.

**هۆبەی دووەمیش (هۆبەی پەیوەندییەکان)ە:** ئەم هۆبەیە گرینگی خۆی هەیە بۆ دەزگاکە؛ بەوەی هەموو پەیوەندییەکانی دەرەوە و ناوەوە لە رێگای ئەم هۆبەیەدا دەبن.



هەر لەم هۆبەیەدا (هۆبەی پەیوەندییەکان) لیژنەیەکی تایبەتی بە هاوکاری بەشی وەرگێڕان و راوێژکاری لەگەڵ سکرتێری یەکەمی نووسین دەبێ بۆ پێشوازی لێ کردن و مشوورخواردنی ئەو رۆژنامەنووسە بیانیانەی روو لە کوردستان دەکەن، لە رووی پلان دانان بۆ هاتوچۆ و سەردانەکانیان و ناردنی هەواڵ و راپۆرتەکانیان لە رێگای (بەشی وەرگرتن و ناردن)ی سەر بە ئاژانس.

دیسان پەیوەندییە رەسمی و نارەسمییەکانیش لە رێگای ئەم هۆبەیەوە ئەنجام دەدرێ.

بەم جۆرە (بەشی کارگێڕی و پەیوەندییەکان)، بێجگە لە بەڕێوەبەری بەش، بە هەردوو هۆبە لانی کەم (10) دە کەسی پێویستە.

بەڵام هۆبەی پەیوەندییەکان پێویستە سکرتێری تایبەتی خۆی هەبێ.

## دەیەم: بەشی دارایی و ڕیکلام

(ئاداک ـ ADAK) بەوەی لە رووی داراییەوە دەزگایەکی سەربەخۆ دەبێ، بودجە و تەرخانی تایبەت بەخۆی ساڵانە بۆ

لەبەرچاو دەگیرێ.

دیارە کە کارەکانی ئەم بەشە بەهۆی شارەزا و پسپۆری دارایی و ئابوورییەوە بەڕێوەدەچێ.

ئەم بەشەیش (بەشی دارایی و ڕیکلام)، بۆ ئەوەی ئیش و کارەکانی ڕێک و پێکتر بەڕێوەبچێ پێویستە لەم هۆبانەی خوارەوە پێک بێ.

* **هۆبەی هاوبەشبوون و ڕیکلام:** کە حساباتی ئابوونەکانی هاوبەش بوونی دەزگا و دایەرەو ڕێکخراوە هاوبەش بووەکان رادەگرێ و وەک ناوەندێکیش دەبێ لە مەسەلەی ڕیکلام لە نێوان هۆبەکانی راگەیاندنی دەرەوە و ناوەوەی کوردستان و حساباتیان رادەگرێ.

ئەم هۆبەیە بێجگە لە بەرپرسی هۆبە (5) پێنج کەسی شارەزا و دوو کرێکاری یاریدەدەری دەوێ.

* **هۆبەی مانگانە و پاداشت:** ئەم هۆبەیە لیستی مانگانەی کارمەندان و پاداشتەکانی سەرنووسەر بەراوێژ لەگەڵ جێگری بەڕێوەبەری گشتی یا سکرتێری یەکەمی نووسین یاخود سکرتێری بەشێکی دیاریکراو و بڕیاری لەسەر داوە ڕێک دەخا.



ئەم هۆبەیە بێجگە لە دوو کرێکاری یاریدەر و بەرپرسی هۆبە (4) چوار فەرمانبەریشی پێویستە.

* **هۆبەی بودجە و چاودێری دارایی:** بەڕێوەبەری بەش خۆی راستەوخۆ سەرپەرشتی ئەم هۆبەیە دەکا.

ئیش و کاری ئەم هۆبەیە لەوەدا کۆدەبێتەوە کە سەرە ساڵان بودجەی پێویست پێشنیار دەکا، دوای ئەوەی پێداویستی هەموو بەشەکانی دەزگا بەراوێژ لەگەڵ بەڕێوەبەری گشتی و جێگر و سکرتێری یەکەمی نووسین و سکرتێری بەشەکان لە بەرچاودەگرێ.

هەروەها چاودێری چۆنیەتی خەرج کردنیشی دەکا.

ئەم هۆبەیەش بەلانی کەم (4) تا (6) کادیری شارەزا و دوو (2) کرێکاری یاریدەدەری دەوێ.

* **هۆبەی کڕین و فرۆشتن و داکردن:** ئەم هۆبەیەش تایبەت دەبێ بە کڕین و فرۆشتنی ئەو پێداویستیانەی لەلایەن بەڕێوەبەری گشتی بڕیاری لەسەر دەدرێ.

هەروەها داکردنی پێداویستەکانی دەزگا لە عەمباری تایبەتی و دەرهێنانی لە کاتی پێویستدا، دوای ئەوەی بڕیاری تایبەتی لەم بارەیەوە پێ دەردەکرێ.

ئەم هۆبەیە، بێجگە لە بەرپرس و (3) کرێکاری یاریدەدەر (4) کەسی پسپۆڕ و شارەزایشی دەوێ.

**یازدەم: بەشی وێنەگرتن**

وێنە بۆ دەزگاکانی راگەیاندن بەتایبەتی رۆژنامە و گۆڤار و چاپکراوی دی، بەهای ئارشیفی و پەیوەندی پتەویشی بە هەواڵەوە هەیە[32].

(ئاداک)یش وەک سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو و بەرەسمی ناسراو لە دەرەوە[33] پێویستی بە بەشێکی تایبەت بە وێنەگرتن هەیە، کە گرتنی هەموو ئەو وێنانەی پەیوەندییان بە رووداو و بۆنەکانی ناوەخۆوە هەیە و لە کاتێکی پێوانەیی وادا کە لەگەڵ کاتی ناردنی هەواڵەکەدا بێتەوە و بگونجێ.

بێگومان پێویستە بۆ هەموو وێنەیەکی نێردراویش دانەیەکی لە بەشی ئارشیف بپارێزرێ.

هەر وێنەیەکیش کە دەنێردرێ یا دەدرێ بە هۆبەیەکی راگەیاندن پێویستە مۆری تایبەتی (ئاداک ـ ADAK)ی پێوەبێ[34].

ئەم بەشە، ژمارەیەک وێنەگری دەبێ کە لەگەڵ رووداوەکاندا دەست بە جێ ئامادە دەبن، مەرجیش نییە مەسەلەی



شووشتنەوە و لە چاپدانی وێنە سەرەتا لە نێو دەزگاکە دابێ، بەڵام وەک پرۆژەیەکی ئایندەیی لە پاڵ پەرەپێدان و پێشخستنی بەشەکانی تریش پێویستە مەسەلەی شووشتنەوە و لە چاپدانیش لەبەرچاو بگیرێ (دیارە پاش پەیدا بوون و بڵاوبوونەوەی کامیرای دیجیتاڵ، ئەم ئەرکە تەواو ئاسان بووە).

ئەم بەشە بێجگە لە بەڕێوەبەر، (8) هەشت وێنەگری دەوێ.

هەر لەم بەشەدا هۆبەیەکی تایبەت بە وێنەگرتنی تەلەفزیۆنی و تۆمارکردنی هەندێ بۆنە و رووداوی وا کە نرخێکی مێژووییان هەیە تەرخان دەکرێ.


ئەم هۆبەیەش وێنەگر و کامیرا و پێداویستی تری پێویستە بۆ دەستەبەر بکرێ.

لە رووی پەیوەندیشەوە، بەشی وێنەگرتن راستەوخۆ و بە بەردەوامی پەیوەندی بە پەیامنێر و نووسینگەکانەوە دەبێ لەو بوارەی پەیوەندی بە چۆنیەتی وێنەگرتنەوە هەیە.

**دوازدەم: بەشی هونەری و تەکنیکی**

ئەرکی ئەم بەشە سەرپەرشتی و چاو لێ بوونی ئامێرە

تەکنیکییەکانی ئاژانس و چۆنیەتی کارکردنیان دەبێ.
هەروەها بەرزکردنەوەی راپۆرت و راسپاردەی پێویست لە بارەی ئەو ئامێرانەی گۆڕین و نوێکردنەوەیان دەوێ.
ئەوانەی لەم بەشەدا کاردەکەن دەبێ تەکنیکار بن و



**وێنە (13)**
**ئاژانسەکانی دەنگوباس و ئامادەبوونی بەردەوام لە گەیاندنی یەکسەری هەواڵی کۆنگرەو کۆبوونەوەکانی دنیا**



شارەزایی یەکەیەکەی ئامێرە جیاجیاکانی دەزگاکە بن.
بەشی هونەری و تەکنیکی، بێجگە لە بەڕێوەبەری بەشەکە بەلانی کەم پێویستی بە (6) کادیری شارەزا و(2) دوو کرێکاری یاریدەدەر هەیە.

# تەوەرەی سێیەم

(1) کورتەیەک دەربارەی:

(هەواڵ)و راپۆرتی هەواڵئامێز و چۆنیەتی نووسین و دارشتنیان.

(2) راپۆرتی هەواڵئامێز.

(3) ئاژانسی دەنگوباسی کوردستان ـ شێوەی کارکردن.




(1) کورتەیەک دەربارەی:

## (هەواڵ)و راپۆرتی هەواڵئامێز و چۆنیەتی نووسین و دارشتنیان

زانیاری راست و تەواو بە هەر ئینسانێک بدەو لێی گەرێ، دەبینی ئەگەر تووشی هەڵەیش ببێ ماوەیەکی کورتە و دەگەرێتەوە سەر راستە شەقام و تا هەتایێ راستی قیبلەنمای دەبێ. بەپێچەوانەوە، زانیارییە راستەکانی لێ بشارەوە، یان بەشێواوی و درۆ و پروپاگەندە ئامێز بیخەرە پێش... ئەوا هەموو کۆئەندامی بیرکردنەوەت تێک تەپاندو بردتەوە خوار ئاست و رادەی ئینسان.

ئارسەر سالزبۆرگەر

دامەزرێنەری رۆژنامەی (نیویۆرک تایمز)



**وێنە (15)**

**نموونەی تەلەفۆنێکی نوێ کە لەهەموو شوێنێکدا بەکار دێ، بەمەش هەواڵنێری ئاژانسەکان دەتوانن لەهەر کوێ یەک بن بە ئاسانی بەکاری بهێنن. ئەم تەلەفۆنە هۆیەکانی راگەیاندنی فەرەنسی جارِیان بۆ داوە، لەڕووی نرخیشەوە گران نییە.**

کاری سەرەکی ئاژانسی دەنگوباس، هەر ئاژانسێک ئاڵوگۆڕو گواستنەوە و بڵاوکردنەوە و گەیاندنی دەنگوباسە لە هەموو شێوەکانیدا، بەهۆی ئەوەی دەنگوباس یا هەواڵ بایەخ و گرینگی تایبەتی لە بڵاوبوونەوەی هوشیاری نێو کۆمەڵ دا هەیە.

بەو ئاستەی هەندێ لە رۆژنامەنووس و کۆمەڵناسان شاردنەوەی ڕاستیی هەواڵەکان لە گەل، بەوە دەناسن: کە لە



بنەمایەکی سەرەکی ئازادی بێ بەش دەکەن[35].

جا چونکە هەواڵ کاری سەرەکی ئاژانسی دەنگوباسی کوردستان دەبێ، بە پێویستمان زانی بەر لەوەی بچینە سەر شێوەی کارکردن لە (ئاداک)دا چەند تاڵە تیشکێک بخەینە سەر جۆر و رەگەز و چۆنیەتی دارشتنی هەواڵ و راپۆرتی هەواڵئامێز.

تا ئێستا هەواڵ بە زۆر شێوە ناسێنراوە، کە هەر جۆر و شێوەیەک بەپێی بیروبۆچوون و فەلسەفەی خاوەنەکەی جیابووە لەگەڵ ئەوەکەی تر، هەر ئەو جیاوازیەش بووە، بووە بە هۆی ئەوەی رۆژنامەنووسان ئەوەندەی بایەخ بە سیفەت و رەگەزەکانی هەواڵ دەدەن، ئەوەندە بایەخ بە پێناسەی نادەن.

هەیە رادەی وروژانی خوێنەر یا گوێگری پێ گرینگە وەک (نۆرثکلیف)و سەگەکەی کە پێی وایە ئەگەر سەگێک پربداتە ئینسانێک ئەوە هەواڵ نییە!!، بەپێچەوانەوە ئینسانێک ئەگەر پری دایە سەگێک ئەمەیان هەواڵە (؟).

هەیشە هەواڵ بە گوێرەی فەرمانی کۆمەڵایەتییەوە دەناسێ و... تاد[36].

هەرچی چۆنێکە، دەتوانم بڵێم هەواڵ ئەو تارماییە یا ئەو فریشتەیەیە کە ئادەمیزاد هەمیشە لە چاوەڕوانی دا دەبێ،

«دارشتەیەکی چڕی پێشهات و ڕووداوەکانە کە پەیوەندی دیالێکتێکی نێوان ئادەمیزاد و دەوروبەری دەردەبڕێ و بابەتی نوێ دەخاتە سەر زانیاریەکانی»[37].

بەڵام ئەوەی لێرەدا گرینگە، بەڕای من هەڵبژاردن و ناسینی سیفەتەکانی هەواڵ و چۆنیەتی دارشتنیەتی بە کوردی... دیارە کە مەبەستم دارشتنێکی ڕۆژنامەنووسیانەیە، ئەمانەیش هەمووی بەلایەک، مەسەلەی خێرایی گواستنەوە و گەیاندنیشی بەلایەکی تر.

### ئەلف/ سیفەتەکانی هەواڵ

مەبەسەت لە سیفەتەکانی هەواڵ، ئەو مەرجانەیە کە پێویستە لە هەر هەواڵێکدا بێ تاکو بە هەواڵ بخوێندرێتەوەو تێی دابێ بۆ ئاژانسی دەنگوباس ئاڵوگۆڕی پێ بکرێ... مەرجەکانیش ئەمانەن:

**1ـ ڕاستی هەواڵ:** واتە هەواڵەکە بە ڕاستی دەربڕی پێشهات یا ڕووداوێک بێ، دروست کراو نەبێ و دەقاودەق بەوردی و لەهەمان کاتدا بەمەسئولیەتەوە گوێزرابێتەوە.

**2ـ تازەیی هەواڵ:** واتە نوێ بێ و لە کاتێکی پێوانەییدا،



بەڵکو خێراتریش بگاتە خوێنەر یا گوێگر.

مەبەستیشمان لە خێرایی کورتی ماوەی نێوان سەرچاوەی هەواڵ و خوێنەر یا گوێگرە تا ئەوپەڕی.

**3ـ توانستی بلاوکردنەوە:** واتە هەواڵەکە بهێنێ بلاوبکرێتەوە (لە هەموو ڕوویەکەوە).

**4ـ شوێنی هەواڵ:** مەبەست لەبەرچاوگرتنی ئەو شوێنەی هەواڵەکەی تێدا بلاوبکرێتەوە، پەیوەندی پتەوی بە جوغرافیای کۆمەڵەوە هەبێ. چونکە هەر بەنموونە ئەو هەواڵانەی لە مەڵبەندی شارە گەورەکاندا بلاودەکرێنەوە، جیایە لەگەڵ ئەوانەی لە دێهاتەکانی هەرێم بلاودەکرێنەوە.

بۆیە لە بلاوکراوەکانی ئاژانسدا پێویستە ئەم خاڵە بەهەند هەڵبگیرێ، ئەگەرچی ئەمڕۆ لە ئاکامی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای پێکگەیشتن وای لێ هاتووە شار و دێهات تێکەڵ بووەتەوە.

**5ـ سەرنج ڕاکێشەر بێ:** واتە هەواڵەکە، لە پاڵ ئەو خاڵانەی سەرەوەیش ڕەگەزی وروژانی تێدا بێ و سەرنج ڕاکێشەر بێ.

**6ـ ڕوونی هەواڵ:** واتە نادیار نەبێ و پرۆسەی پێکگەیشتن پێک بهێنێ.

**7ـ بابەتی بێ:** بەو واتایەی تا بکرێ لە پاڵ تێـــرکـــردنی خوێنەر و گوێگر، ناوەڕۆکێکی پێشڤەبریشی هەبێ.

لە رووی هەڵبـژاردنی هەواڵیـشـەوە، هەواڵنووس پێویستە بایی ئەوەی تێدابێ لەو کۆمەڵە هەواڵەی بەردەستی لە ماوەی راپەڕاندنی کارەکەیدا پێویستە دەستنیشانیان بکا، کامەیان هەڵدەبژێرێ، بەوەی رووکاری ئاراستەکردنیان (بەگوێرەی ئاژانسەوە) بەرەو کوێیە[38].

وێڕای ئەوەش هەواڵنووس لە هەڵبژاردنی هەواڵدا، پێویستە هەمیشە بایەخ و کاریگەری هەواڵ و بەرژەوەندی بەرزی نیشتمانی و نەتەوەییشی لەبەرچاو بێ.

## بێ/ داڕشتنی هەواڵ

شێوازی داڕشتنی هەواڵ تا رادەیەکی زۆر کاردەکاتە سەر نێوەندی خوێندنەوەو گوێگرتن، لەپاڵ شێوازی بڵاوکردنەوە (بەگوێرەی جۆری هۆی راگەیاندن)، کە ئەمەیش کەم و زۆر کاری خۆی دەبێ.

ئێمە مەبەستی سەرەکیمان لە داڕشتنی هەواڵ، بەدەر لە پەیڕەوکردنی لایەنی هونەری و سایکۆلۆژی داڕشتن (کە لە



دواییدا دێینە سەری)، هەوڵدانە بەو رێگایەی سیاسەتی وێنەکێشراو، ئەوەی لە ئاژانسدا لەسەری رێک کەوتوون رەنگ بداتەوە، بەوەی هەر هەواڵێک لە رێگای ئاژانسەکانی تر و هۆیە جیاجیاکانی لە تەوەرەکانی تر باسمان کرد دەگاتە ئاژانسی دەنگوباسی کوردستان، لە کاتی داڕشتن دا (بەگوێرەی رووکاری ئاراستە کردن و سیاسەتی وێنەکێشراو)[39] بێ ئەوەی دەسکاری ئەو راستیانە بکرێ کە تیایدا هاتوون، بایەخ بەهەندێ لایەنی بدرێ و هەندێ لایەنیشی پشت گوێ بخرێ، ئەوە بێجگە لە راست کردنەوەی ئەو لایەنانەی پێویستیان بەراست کردنەوە هەیەو تایبەتمەندی ئاژانسەکەیش لەسەرێکی ترەوە:

هەر هەواڵێک، لە کاتی هەڵبژاردندا، بەر لە داڕشتن، بەگوێرەی ئەو مەرجانەی لە پێشدا باسمان کردن، پێویستە وەک رووداو کە ئەگەری دروست بوونی هەواڵەکەیە، وەڵامی ئەم شەش پرسیارەی خوارەوەی تێدا بێ.

**1ـ کێ؟:** واتە کێ ئەمەی کردووە.

**2ـ چی؟:** واتە چی بووە.

**3ـ کەی؟:** واتە کەی ئەمە روویداوە.

**4ـ لە کوێ؟:** واتە لە چ شوێنێ.

**5ـ بۆ؟:** واتە بۆچی ئەمە روویداوە.

**6ـ چۆن؟:** واتە رووداوەکە چۆن بووە[40].

بەم جۆرە رۆژنامەنووس کە لە هەواڵێکدا وەڵامی ئەو شەش پرسیارەی دەست کەوت دێ بەپێی سیاسەتی ئاژانس و مەودای جوغرافیایی و زیرەکی خۆی و ماددە خاوەکەی بەردەستی هەواڵەکە دادەڕێژێ..

ئەوەی ئەمڕۆ لە زۆربەی هەرە زۆری ئاژانسەکانی دەنگوباس و هۆیەکانی راگەیاندنی تردا باوە بۆ دارشتنی هەواڵ، شێوازی (قوچەکی سەرەوبن، یا سێگۆشەی وەرگەڕاو)ـە[41]، کورتەی ئەم شێوازەیش بریتییە لەوەی.

**(گرینگترین) بەپێش (گرینگتر) بخرێ و**

**(گرینگتر) بەپێش (گرینگ) بخرێ و**

**(گرینگ) بەپێش (کەم بایەخ)و...** هەروەها.

بەنموونە ئەگەر هەواڵێکمان هەبوو، بلێین پێشهاتەکانی چوار یا پێنج ڕاستی بەخۆوە گرتبوو، بەپێی شێوازی (قووچەکی سەرەوبن) گرینگترین راستی با لە کۆتاییشدا هاتبێ، دەخرێتە پێش، بەمجۆرە ئەگەر راستیەکە لە کۆتاییشدا هاتبێ بەپێی (قوچەکی راست) کە لەسەرەوژێرکردنی



قوچەک، پێش دەکەوێ...

پێش ئەوەی نموونەیش بهێنینەوە دەبێ ئەوە بزانین کە هەیکەلی هەر هەواڵێک بەپێی زنجیرەی ماددە خاوەکە (زیانیاریەکان) پێویستە لەم شێوەی خوارەوەدا رێک بخرێ[42]:

**1ـ ناونیشانی هەواڵ:** دیارە ناونیشان گرینگترین و پڕ بایەخترین زانیاری هەواڵەکەی تێدا کۆ دەکرێتەوە بەرادەیەک (رۆژنامەنووس) کە ناونیشانی هەواڵێک دادەڕێژێ دەبێ هەمیشە بیر لەوە بکاتەوە کە هەیە تەنها ناونیشان دەخوێنێتەوە، بۆیە دارشتنی ناونیشان پێویستە تابکرێ کورتەی هەواڵەکەی تێدا دەربخرێ. ناونیشان ئاگادارکردنەوەیە لە رادەی بایەخی هەواڵەکە..

**2ـ دەروازەی هەواڵ:** دەروازە بریتییە لە خستنەڕووی درێژەی ئەو زانیارییەی کورتەکەی لە ناوونیشاندا دەخرێتەڕوو و خوێنەر یا گوێگر[43] لە نوێشکی هەواڵەکە باخەبەر دەکا؛ بەوەی وەڵامی هەر شەش پرسیارەکەی تێدا دەبێ دیسان «دەروازە بایەخێکی تایبەتی لە مەیدانی کاری ئاژانسەکانی دەنگوباس دا هەیە، چونکە دەروازە یەکێکە لەو رەگەزانەی دەچێتەوە ناو پێشبڕکێی نێوان ئاژانسەکانی دەنگوباس

بەوەی هەواڵەکە لە باشترین شێوەیدا بخرێتە پێش نووسەر و رۆژنامەنووسانی دەزگاکانی تری راگەیاندن، ئەوانەی پێویستیان پێیە.. لەو حاڵەتەشدا. تا دارِشتنی سەرلەنوێی نەوێتەوە باشترە[44]».

**3ـ (هەیکەل) یا (تەنی هەواڵ):** تەنی هەواڵ ئەگەرچی زیاتر لە راپۆرتی هەواڵئامێزدا دەردەکەوێ، بەڵام لە هەواڵی عادەتیش دادەگونجێ دەربخرێ بەتایبەتیش کاتێ هەواڵنووس بیەوێ هەواڵەکە درێژ تر بکاتەوە، ئینجا بەهەر هۆیەک بێ..

**4ـ بنەتا:** بنەتایش پتر لە راپۆرتی هەواڵئامێزدا دەبێ، چونکە پەیوەندی بەزانیاری ئارشیفییەوە هەیە، بەڵام ئێستا وادیارە بووە بە باو بەتایبەتیش لە هەواڵنامەی رادیۆکاندا[45].

**نموونە:**

**پرسیار:** تۆ وەک رۆژنامەنووسێک لە بەشی هەواڵ (هۆبەی دارِشتن و پێداچوونەوە)ی ئاژانسی دەنگوباسی کوردستان کاردەکەی، مادده خاوەکەیشت (زانیارییەکان) لەبەردەستدایە و بریتییە لە دانیشتنێکی پەرلەمانی کوردستان بەپێی ئەو زانیاریانەی پێشوو هەواڵەکە چۆن



دادەرێژی؟

**وەڵام:** پێشەکی، بەرلەوەی سەیری زانیارییەکان بکەم پێویستە رەنگرێژی سیاسەتی ئاژانسم لە بڵاوکردنەوەی (هەواڵ)دا لەبەرچاوبێ.. ئینجا دێم زانیارییەکان بەوردی دەخوێنمەوە کە بریتییە لە دانیشتنی حەفتاو شەشەمینی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان!

سەرلەبەیانی 1993/1/19 ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان حەفتاو شەشەمین کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی بەسەرۆکایەتی جەوهەر نامیق سەرۆکی ئەنجوومەن بەست. لە کۆبوونەوەکەدا، کە د.فوئاد مەعسوم سەرۆک وەزیران ئامادە بوو تیایدا بارودۆخی هەرێم و ناوچەکە بەگشتی و رووبەڕووبوونەوەکانی ئەم دواییەی نێوان هاوپەیمانان و رژێم باسی لێوەکرا، لەم بارەیەوە د.فوئاد مەعسوم وتی: کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دڵنیا دەکەینەوە کە هێزی پێشمەرگە ئامادەیە بۆ بەرپەرچ دانەوەی هەر دەستدرێژیەکی رژێم بۆ سەر سنوورەکانی کوردستان و مژدەی ئەوەی پێدان کە لەم رۆژانەدا وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە یەکخستنی پێشمەرگە رادەگەیێنێ. هەروەها لە کۆبوونەوەکەدا بەشێک لە پرۆژەی یاسای (استملاک و استبدال)ی خانووبەرە خرایە

بەرباس و لێکۆڵینەوە[46].

دیارە ئەم هەواڵەی سەرەوە بەسەر هۆبەکانی راگەیاندنی ناوخۆ و دەرەوەدا بڵاودەکرێتەوە، لێرەشدا بایەخی زیاتر دەبێ..

بۆیە هەر دوای خوێندنەوەی زانیارییەکان دێم بە قەڵەمی سوور خاڵە گرینگەکانی هەواڵەکە دیاری دەکەم، ئینجا لەناو ئەو خاڵە گرینگانەیشدا، گرینگترین دەستنیشان دەکەم و ناونیشانێکی لەباری لێ هەڵدێنجم:

بۆ ناونیشانی ئەم هەواڵە چ تایتڵێک یا ناونیشانێک لەبارترە کە بۆ دەرەوە و ناوەوە دەست بدا، مەسەلا من ئەم ناونیشانە دەنووسم!

**پەرلەمانی کوردستان کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دڵنیا دەکاتەوە**

ئینجا دێم بەپێی ئەو شەش پرسیارەی پێشوو، هەیکەلی هەواڵەکە لە (دەروازە وتەنی هەواڵ و بنەتا) بەپێی زانیارییەکانی سەرەوە رێک دەخەم:

ـ کێ بەم کارە هەستاوە؟

+ پەرلەمانی کوردستان.



ـ پەرلەمانی کوردستان چی کردووە؟

+ کۆبوونەوەی حەفتاو شەشەمینی ئاسایی خۆی.

ـ کەی؟ (واتە کەی ئەم کۆبوونەوەیەی کردووە؟)

+ سەرلەبەیانی 1993/1/19

ـ لە کوێ (واتە لە چ شوێنێ؟)

+ لە ساختمانی پەرلەمان، پێتەختی هەرێم.

ـ بۆ؟ (واتە بۆچی ئەو کۆبوونەوەیەی کردووە؟)

+ بۆ باس کردنی بارودۆخی هەرێمی کوردستان و ناوچەکە و رووبەڕووبوونەوەکانی نێوان رژێمی بەغدا و هاوپەیمانان.

ـ چۆن؟ (واتە بەچ شێوەیەک کۆبوونەوەکە ئەنجام دراوە و کێی تێدا بەشداربووە؟)

+ بەشێوەیەکی ئاسایی و سەرۆکی وەزیرانی هەرێم بەشداری تێدا کردووە (چونکە سەرۆکی پەرلەمان بەعادەتی پێویستە بەشداربێ بۆیە ناوی لێرەدا ناهێنرێ).

**کەواتە دێم دەنووسم:**

**ئاداک 93/1/19:** ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان

حەفتاو شەشەمین کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی بەسەرۆکایەتی بەڕێز جەوهەر نامیق سەرۆکی ئەنجوومەن سەرلەبەیانی ئەمڕۆ 1993/1/19 لە ساختمانی پەرلەمان لە هەولێر بەست، تیایدا باسی بارودۆخی هەرێم و ناوچەکە بەگشتی و ڕووبەڕووبوونەوەکانی ئەم دواییەی نێوان هاوپەیمانان و ڕژێم کرا.

لە کۆبوونەوەکەدا کە بەڕێز د.فوئاد مەعسوم سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی حکوومەتی هەرێم ئامادەی ببوو، وتی: کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دڵنیا دەکەینەوە کە پێشمەرگە ئامادەیە بۆ پەرچ دانەوەی هەر دەستدرێژیەکی ڕژێم بۆ سەر سنوورەکانی کوردستان..

هەروەها بەڕێزیان بە (ئاداک)ی ڕاگەیاند: کە لەم ڕۆژانەدا وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە یەکخستنی پێشمەرگە رادەگەیێنێ.

بەم جۆرە کە ڕەشنووسی هەواڵەکەم لە شێوەی سەرەوەدا تەواو کرد، لە نووسینەوەی دووەمدا یا هەر خۆم، یاخود دەیدەم بە کادیرێکی تر کە لە ڕووی زمان و خاڵبەندی و تەئکیدکردنەوەی ناوی کەس و ئەو شوێنانەی تێیدا هاتووە، هەروەها ڕێک و پێکی داڕشتن و ئامادەکردنی هەواڵ



پێویستە تا ئەوپەڕی توانا هەوڵ بدرێ بەخێرایی بەڕێوەبچێ، چونکە زیاتر لە نیوەی هەرە گرینگی هەواڵەکە بەڵکو هەندێ جار دەگاتە هەمووی بەهۆی دواکەوتن تیا دەچێ و ئەو بایەخەی نامێنێ.

## (2) راپۆرتی هەواڵئامێز

وەک بنەما رەگەز و مەرجەکان و داڕشتن، (راپۆرتی هەواڵئامێز)یش جیاوازیەکی جەوهەری لەگەڵ هەواڵی ئاسایی دا نییە..

بەڵام (راپۆرتی هەواڵئامێز)، ئەگەر بگونجێ بڵێین کەڵەکە بوونی رووداوەکانی پێشهاتێکی دیاریکراوە کە هەموولایەنەکانی تێدا یەکلا دەبێتەوە مەبەستیشم لە لایەنەکانی هەواڵەکە قاوخێکی شیکردنەوە و بەدواداچوون و لێکدانەوە وەردەگرێ.

راپۆرتی هەواڵئامێز بۆ ئاژانسی دەنگوباس گرینگی خۆی هەیە و لە هەمان کاتدا نووسەر و کادیری خۆیشی دەوێ کە پێویستە جگە لە شارەزای داڕشتنی هەواڵ، ئاگاداری سیاسەتە هەنووکەییەکانی دنیابێ و بەدوای رووداوەکانیشدا چووبێ.

بەم چەشنە هەیکەلی راپۆرتی هەواڵئامێز لە بەیەک بەستنەوەی رووداوە کەڵەکەبووەکانەوە دەهێنرێ، ئینجا ئەو رووداوانە لە بڵاوکراوەی ئاژانسەکانی دەنگوباسەوە هاتبن یا



لە رێگای نوێنەر و پەیامنێرەکانی ئاژانس خۆی یاخود لە ئارشیڤەوە وەرگیرابن..

لە نووسین یا داڕشتن و ئامادەکردنی راپۆرتی هەواڵئامێزدا پێویستە ئەو نووسەرەی کارەکە رادەپەڕێنێ رێنمایی وەختی خوێنەر و چۆنیەتی بڵاوکردنەوە و هۆی بڵاوکردنەوە بکا، چونکە راپۆرتی ئێزگەیی لە رووی داڕشتن و چارەسەرکردنی رۆژنامەنووسییەوە؛ هەروەها هی تەلەفزیۆن کە وێنەی لەگەڵ دەبێ، جیایە لەگەڵ ئەو راپۆرتانەی بۆ رۆژنامە و چاپکراوی دیکە ئامادە دەکرێن.

لەگەڵ ئەوەشدا، ئاژانسی دەنگوباس دەتوانێ ئەو هەواڵانەی بڵاوی دەکاتەوە لە سنوورێکی دیاریکراودا بن؛ لە نێوەڕاستی هەردوو شێوازی داڕشتن، چونکە ئاشکرایە هەر هۆیەکی راگەیاندن بەپێی سیاسەتی پەیڕەوکراوی خۆی هەواڵەکە بڵاودەکاتەوە.


## (3) ئاژانسی دەنگوباسی کوردستان
## (شێوەی کارکردن)

لە تەوەرەکانی پێشوودا، بەتایبەتیش لەوەی پەیوەندی بە هەیکەلی ڕێکخستنەوە هەبوو، ئەگەر ڕاستەوخۆیش نەبووبێ ئاماژەمان بەمەسەلەی چۆنیەتی کارکردنی بەشەکانی ئاژانس کردووە..

بەڵام دیسان دیاری کردنی پەیوەندی بەشەکان بە یەکتر و چۆنیەتی ئەو پەیوەندییەش دەخوازێ سەرنجێکی لێ بدرێ.

دیارە کە هەموو ئیش و کاری ئاژانس (ئیشی سەرەکی) لە تەوەرەی وەرگرتن و ناردنی هەواڵ و ڕاپۆرتی هەواڵئامێزدا دەگەڕێ دوای ئەوەی چارەسەرێکی ڕۆژنامەنووسیانەی






**وێنە (15)**
**شێوەی کارکردن لە (ئاداک ADAK)دا**

دەکرێ. بۆیە بایەخ دان بە (هەواڵ)، بە بەهێزکردنی سەرچاوەکانی و چارەسەرکردنی رۆژنامەنووسیانەی و دەرخستنی راستییەکانی ناوی و خێرایی راپەڕاندنی، کەسیەتێکی ماناوی چاکی بۆ دەستەبەر دەکاو بڕوای تەواویشی لەلایەن هۆیەکانی راگەیاندنی هەندەران و ئاژانسە پێشکەوتووەکانی دنیا پێ دەدرێ، بەمەش ئاژانس پێشتر دەکەوێ و دەچەسپێ..

دیسان ئاژانس لە رووی کارکردنەوە پێویستە ئەوەش لەبەرچاو بگرێ کە پەیوەندی بە هەموو هۆیەکانی راگەیاندنەوە دەبێ؛ لە ئاژانسەکانی دەنگوباسەوە بگرە تا رۆژنامەگەریی نووسراو و ئێزگەکانی رادیۆ و تەلەفزیۆن.

بۆیە پێویستە لەم روانگەیەوە دەست بەکاربێ، بەوەی هەر هۆیەک لەو هۆیانە کاریگەری تایبەتی خۆی هەیە و پەیوەندی بەوەختی خۆشییەوە هەیە؛ بەنموونە تەماشا دەکەی ئاژانسەکان لە کاتێکی دیاری کراودا پێشوازی بڵاوکراوەی ئاژانسەکانی تر دەکەن، یا رۆژنامەکان کە زیاتر بەیانیان زوو خەڵکی بەدوایاندا دەگەڕێ، یاخود رادیۆ لە ئێوارانداا بۆ ماڵبەندی شار و بەدرێژایی رۆژیش بۆ دێهات و گوندنشینەکان، یان تەلەفزیۆن کە شەوان زیاتر بینەری لە




دەوردا دەبێ و هەروەها.. شێوەی کارکردن بەگوێرەی هەواڵ و ئامادەکردنی بڵاوکراوەی رۆژانە بەم جۆرەی خوارەوە دەبێ: **(بڕوانە وێنە 15).**


بەشی هەواڵ دوای ئەوەی مادده خاوەکە (زانیارییەکان)ی لە بەشی (وەرگرتن و ناردن)و (نووسینگەو پەیامنێرەکان)و (گوێگرتن)و (بەشی وەرگێڕان)و سەرچاوەی تری وەک رۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوەی تر پێ دەگا، دەست بەجێ هەواڵەکان هەڵدەبژێرێ و ئەو هەواڵانەی تایبەتن بە دەرەوە لە پێشدا، بەپێی ئەو کاتەی لە ئاژانسدا لەسەری رێککەوتوون ئینجا هەواڵەکانی ناوخۆ..

بەم جۆرە هەواڵەکانی تایبەت بە بڵاوکراوەکانی دەرەوە لە بەشی هەواڵەوە (هۆبەی هەواڵەکانی دەرەوە) دەنێردرێتە (بەشی وەرگێڕان)، لەوێشەوە لەگەڵ هەواڵەکانی تایبەت بە بڵاوکراوەی ناوخۆ بۆ هۆبەی (داڕشتن و پێداچوونەوە) ئینجا بۆ بەشی چاپ (ئەوەی پێویستی بە چاپە) لەوێشدا:

بۆ بەشی (وەرگرتن و ناردن) ـ بۆ بڵاوکراوەی تایبەت بە دەرەوەی کوردستان.. بۆ بەشی دابەش و بڵاوکردنەوەش (ئەوەی تایبەتە بە بڵاوکراوەی ناوخۆ)ـ **سەرنجی وێنە (15)** بدەرەوە.



وێنه (16)
مانگه دەسکردەکان کە بەشێکی زۆری کاری ئاژانسەکان رادەپەڕێنن



وێنه (17)
سێنی پێشوازی کردنی ئیستگە جۆراو جۆرەکان



## دوا روانین

له هەمـوو ئەو تەوەرە و سـەرە باسـانەی هێنامـانەوە و لێی دواین، بایەخ و گـرینگی دامەزراندنی دەزگـای (ئاداک)مـان بۆ دەرکـــەوت کـــە چ رۆڵ و دەورێـک لـە راگـــەیاندنی یەکگرتوومان دەگێڕێ.

جـا ئەگـەر ئەم پرۆژەیەش وەک لە پێـشـەکی دا وتمان (ئەم خەونە) بە بەراورد لەگەڵ پێکهاتنی پەرلەمان و حکوومەتی کـوردسـتـان لەوانە نیـیـە نێـتـەدی، وەک چۆن پەرلەمـان و حکوومـەتیش ئاکـام و بەری ئەو رووبارە خـوێنەی شـەهیـدە سـەرفـراز و مـەردانەمـان بووە، دیارە شـەهیـدانمان لە گـۆڕی پیـرۆزیانەوە داوای زۆرتر و زۆرترمـان لێ دەکـەن کـە ئەمـڕۆ هەلەو لە سـایەو خـەبات و خـۆبەخت کـردن و گـیـانفیـدای ئەوانەوە هەوای ئازادی هەڵدەمـــژین و بانگەوازی ئازادی بـەنەوەکـانی دوا رۆژ دادەدەین؛ بۆیـە هەر لێـرەوە ئاژانسی

دەنگوباسی کوردستان پێویستییەکی ئەم قۆناخەمانە و پێویستە هەموو لایەک پشتگیری دامەزراندنی بکاو هەوڵی جدی بۆیدا وەک بەشێکی کەم و ناقابیل لە نواندنی وەفا بۆ شەهیدانمان، دلێرانی ڕێگای ئازادی کوردستان و سەرفرازی ئینسانی کورد.

لە دوا روانین دا بە پێویستی دەزانم دوای ئەوەی بەپێی توانا هەوڵمان دا لایەنە پێویستەکانی پرۆژەی دامەزراندنی دەزگاکە بخەینەڕوو، ئاماژەیەک بۆ ئاسۆی ئایندەی پرۆژەکەیش بکەین کە من بەش بەبار وای دەبینم بە راپەڕاندن و جێبەجێکردنیان، ئاژانسی دەنگوباسی کوردستان دەبێتە نیشانەیەکی دیاری مێژووی فەرهەنگیمان، وەک: ئامادەکردنی هەواڵنامەی تایبەت بە ئێزگەکانی رادیۆ و دەرکردنی ئینسایکلۆپیدیایەکی تایبەت بە رۆژنامەگەری کوردی کە تەواوی رۆژنامە و گۆڤار و دەوریاتە نهێنی و ئاشکراکانمان بگرێتەخۆ و دامەزراندنی مەڵبەندێکی تایبەت بە لێکۆڵینەوە و پەیوەندار بە کێشەی کورد و مێژوو و جوغرافیای کوردستان و دامەزراندنی ئامۆژگایەکی تایبەت بە راهێنانی رۆژنامەنووسان و کردنەوەی بەشێکی تایبەت بە بەرهەم هێنان و بڵاوکردنەوەی



فیلمی ڤیدیۆیی بە چەند زمانێک و هەوڵدان بۆ چوونە ناو ڕێکخراوە جیهانییەکان و ئاژانسەکانی دنیا و دامەزراندنی مەڵبەندێکی کۆکردنەوە و پاراستنی بەڵگەنامە مێژووییەکان کە ببێتە سەرچاوەیەکی بایەخدار بۆ لێ توێژەکان و بەشێکی تایبەت بۆ هەڵێنجانی رای گشتی و دامەزراندنی بانکی زانیاری کە هەموو ئەمانەش بەتەکنیکێکی نوێوە دابمەزرێن و بەکاربخرێن. بەم جۆرە ئاژانسی دەنگوباس، جگە لەوانەیش دەکرێ ببێ بە مەڵبەندێکی تیشکاوێژ بۆ سەرتاسەری کوردستان.

## پەراوێز و سەرچاوە:

**(1)** بڕوانە: (حقوق الانسان، مجموعە صکوک دولیە) بڵاوکردنەوەی (مەڵبەندی مافی مرۆڤ) سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان ژنێڤ/ چاپی نیویۆرک 1988 ل309.

**(2)** لە رووی قۆناخەکانی پێشکەوتنی راگەیاندنەوە! بڕوانە: نەژاد عزیز سورمێ (پرۆژەیەک بۆ دەرکردنی رۆژنامەیەکی رۆژانە بە کوردی) گۆڤاری (رۆشنبیری نوێ) بەغدا ژمارە 112 پایزی 1986.

**(3)** بۆ قووڵ بوونەوەی زیاتر لەم بارەیەوە بڕوانە! (د.محمد فرید محمود، وکالات الانباء فی العالم العربی) چاپی دار الشروق لە بێرووت و قاهیرە ل120.

**(4)** دکتۆر ابراهیم امام (وکالات الانباء) بڵاوکردنەوەی (دار النهضە العربیە) قاهیرە ل10.



**(5)** هەر ئەو سەرچاوەی سەرەوە ل15.

**(6)** هەر ئەو سەرچاوەیە ل19.

**(7)** هەمان سەرچاوە ل22.

**(8)** جێی باسە کە هەردوو لایەنی شەڕ، پاش ماوەیەکی کەم هەستیان بە بایەخ و گرینگی دەنگوباس کرد وەک هێزێکی دەروونی کاریگەر، بۆیە هەردوولا لە بایەخدان بەم مەسەلەیە درێغیان نەکرد.

**(9)** چونکە ئەو کۆمەڵە هەرەوەزیانە کە بۆ مەبەستی وەرگرتن و ناردنی هەواڵ دامەزرابوون؛ بەهۆی تاک سەرچاوەییەوە هاوچەشنییەکی لە دەنگوباس دروست کردبوو وای لێ هاتبوو ئەو هەواڵ و وێنانەی رۆژنامەکان بڵاویان دەکردەوە لێک دەچوون، لەمەشدا وا پێ دەچێ مەسەلەی چۆنیەتی هەڵبژاردن و داڕشتنی هەواڵ هێشتا ئەو قاوخەی وەرنەگرتبوو کە ئەمڕۆ زۆربەی هەرە زۆری، تەنانەت رۆژنامەکانی ناوخۆیش پەیڕەوی دەکەن، لەو روانگەیەشەوە رۆژنامە بەپێی سیاسەتی تایبەت بە خۆی هەواڵ و ریپۆرتاژ و راپۆرتی تری هەواڵئامێز بڵاودەکاتەوە.

**(10)** چارلس لویس هاڤاس (Charles louis hawas): لە ئەسڵدا جوولەکەیەکی پورتوگالی بوو، ساڵی 1780 لەدایک بووە، یەکەمین کەس بوو دروشمی (راگەیاندن لە پێناوی راگەیاندن)ی بەرزکردەوە و لە نووسینگە بەناوبانگەکەیشی لە پاریسدا پەیڕەوی کرد. هاڤاس بەراستی هەموو پێداویستی رۆژنامەنووسی تێدابوو، کۆمەڵە زمانێکی دەزانی رووناکبیرێکی دووربین و ئاگادار بوو نوێخواز و لایەنگیری بیروڕای سەربەست بوو..

**(11)** بەپێ ناسینی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی تایبەت بە کولتوور و پەروەردە و زانیاری (یونسکۆ)، ئاژانسی دەنگوباسی جیهانی ئەو ئاژانسەیە کە توانستێکی تەکنیکی فراوان و کۆمەڵێکی چاکی پەیامنێری لە زۆربەی

ولاّتانی دونیا هەبێ و نووسەری زۆریشی لە بنکەی سەرەکیدا بۆ دەنگوباسی جیهانی و ناوخۆیی. (بڕوانە: محمد فرید ـ وكالات الانباء فی العالم العربی ل8).

**(12)** بێجگە لەو ئاژانسانەیش، رۆژئاوا (10) ئاژانسی تایبەت بە تەلەفزیۆنیشی هەیە، لەوانە: (ڤیزنیوز visnews)ی بەریتانی و (upitn)ی ئەنگلۆ ئەمەریکی و (cbs)ی ئەمەریکایی و (ets)ی ئەڵمانی. بڕوانە: ن.س.بیرکۆڤ، وەرگێڕانی صفاء صنكور ـ رۆژنامەی القادسیەی بەغدایی ـ ژمارە 3426 1990/11/10، ل8.

**(13)** بڕوانە: د.عبداللطیف حمزە ـ الاعلام والدعایە ـ بڵاوکردنەوەی دار الفكر العربی 1984 ل60.

**(14)** بڕوانە: د.منیر بكر ـ نظرات فی الادب والاعلام قدیما وحدیثا ـ بەغدا 1978.

**(15)** تەماشای: الصحافە و التكنولوجیا ـ كۆمەڵێک لێكۆڵینەوە ـ بڵاوکردنەوەی یەکێتی رۆژنامەنووسانی عەرەب بکە ل13.

**(16)** بێگومان لە پێشەوەی ئەو حزبانەش ـ پارتی دیموکراتی کوردستان ـ و حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و یەکێتیی نیشتمانی کوردستان و هەرێمی کوردستانی حزبی شیوعی عێراق، سەرەڕای پارتەکانی تر کە دیارە ئەو بەردەوامیەیان نەبووە وەکو پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان لە رێی ئێزگە و رۆژنامە و گۆڤارەکەیان (گەل)و (پێشەنگ)و پارتی سۆسیالیستی کورد (پاسۆک)و حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان و رێکخراوی ئاڵای شۆڕش لە دیوی عێراق رۆژنامە و چاپکراوەکانی ئەودیو، لە پاڵ چەند ئێزگەیەکی تری سەر بە شۆڕشگێڕانی کوردستانی ئێران و چاپکراوی دیکەی کوردی لە پارچەکانی تری کوردستان و لە هەندەران.



**(17)** دیارە ئێمە لێرەدا باسی ئەو رۆژنامەو ئێزگانە ناکەین کە لەلایەن ئەو رژێمانەی کوردستانیان بەسەر داروبەش کراوە، چونکە مەعلومە کە ئەو دەزگایانە لەوە زیاتر نەبوون زمانحاڵی ئەو رژێمانە بن بە کوردی بە تایبەتیش لە رووی هەواڵەوە.

**(18)** (ئاداک ـ ADAK) کورت کراوەی ئاژانسی دەنگوباسی کوردستانە کە بە ئینگلیزی دەکاتە (KURDISTAN NEWS AGENCY). راستی من ئەو کورت کراوەم لەبەر دوو هۆ پێ باشتربوو! یەکەمیان لە کوردییەوە هاتووە کە ئاژانسەکە خۆیشی ئاژانسێکی کوردییەو بنکەی لە کوردستانە. دووەم: لە رووی موسیقاشەوە لەبارە. دەنا (کانا)، (کونا)یش هەبوو، بەڵام بە چاوپۆشین لەوەی ئەم دوو ناوە لە ئینگلیزیەکە کورت کراونەتەوە نموونەشیان هەبوو، کە ئەمەش نەدەکرا، هی یەکەمیان (کانا) ئاژانسی دەنگوباسی (قەتەر)ییەو (کونا)یش هی کوێتییە. هەر لێرەدا دەکرێ ناوێکی مێژووی پەیوەندار بە مێژووی کورد بکرێ بە کورت کراوەی ئاژانسەکە، وەک هەندێ ئاژانسی عەرەبی پەیڕەویان کردووە وەک (سبأ)ی یەمەن و (بتراء)ی ئەردەن.

لەم رووەوە، ئەگەر لە حاڵێکدا (ئاداک ـ ADAK) پەسند نەکرا، پێشنیار دەکەم (میدیا) بێ، بەوەی (میدیا) لە مێژووی هەرە دێرینماندا چەمک و دەلالەتی خۆی هەیە و دەورێکی شارستانی نکۆڵی لێ نەکراویشی لە مێژووی دێرینی رۆژهەڵاتدا هەبووە یاخود (زاگرۆس) بەناوی زنجیرە چیای زاگرۆس.

**(19)** ئاشکرایە دوای هەڵبژاردن و دەسبەکاربوونی حکوومەتی هەرێم لە کوردستانی عێراقدا، هەوڵ دراوە راگەیاندنی حکوومەت بە هەرسێ جۆرییەوە هەبێ، بەڵام بەداخەوە تائێستا لە ئاستی پێویستدا نییە، چونکە رۆژنامەگەری نووسراوی لێ دەرچێ (هەرێم)و (کاروان)، ئەوانی دی لە رێی

رادیۆ و تەلەفزیۆنی حزبەکانەوەیە.

**(20)** هەر لەم ڕێگایەدا دەکرێ ئەم ئاژانسە ببێ بە نێوەندێکی ڕاگەیاندن و کولتووری بۆ هەموو پارچەکانی کوردستان و بایەخ بە دەنگوباسی هەموولایەک بدا، لە ڕێگای دانانی پەیامنێر و نوێنەرانی خۆی کە دەنگوباسو ریپۆرتاژی بۆ دەنێرن.

**(21)** (یونسکۆ) ئاژانسی ناوخۆی بەوە ناسیوە کە هەواڵە ناوخۆییەکان کۆدەکاتەوە و بڵاویان دەکاتەوە (مەبەستیش لە ئاژانسی ناوخۆیی بەڕای من ئاژانسی نیشتمانییە).

**(22)** لەوانەیە بۆ بارودۆخی ئێستای کوردستان دانانی پەیامنێر لە هەندەران ئاسان نەبێ، لەم بارەیەوە دەتوانرێ سوود لەو پەنابەر و خوێندکار و قوتابییە کوردانە وەربگیرێ کە توانای ڕاپەڕاندنی کارەکانی ئاژانسیان هەیە و لەوێ دەژین. چونکە پەیامنێر بۆ ئاژانسی دەنگوباس وەک خوێنبەر وایە بۆ لەش، لە تەک ئەوەشدا پەیامنێری (ئاداک) دەتوانێ بەهۆی پەیوەندی بەردەوامییەوە دەوری لە ڕاپەڕاندنی هەندێ ئیش و کاری بەپەلەی (حکوومەتی هەرێم)یش هەبێ.

**(23)** ئێمە کە باسی هەواڵنێری هەندەران دەکەین، هەرگیز ئەوە ناگەیێنێ کە پێویستمان بە پەیامنێری ناوخۆ نییە، بە پێچەوانەوە پەیامنێر لە ناوخۆدا زۆر پێویستە، بەڵام دیارە کە دانانی پەیامنێری ناوخۆ لە ڕووی پەیوەندی پێکردنیشەوە ئاسانترە.

**(24)** ئەم چەشنە تەلەفۆنە چونکە خەرجی زۆری دەوێ، بۆیە هەر کاتێک ئابلووقەی ڕژێم لەسەر کوردستان هەڵدەگیرێ، پەیوەندییەکان بە ئاسانی لە ڕێگای تەلەفۆنی ماڵبەندەوە دەبێ و بەوێوە پەیوەند دەکرێ.

**(25)** لێرەدا پێویست دەکا جارێکی تر تەئکید لەسەر مەسەلەی کادیری ڕۆژنامەنووسی بکەینەوە، بەوەی کۆڵەکەی ئەم هەیکەلە پێک دێنێ و پێم



وانییە کادیری ئەدەبیمان بتوانن وەک پێویست کارەکان ڕاپەڕێنن...

بۆیە گرینگی دان بە کادیری ڕۆژنامەنووسی و مسۆگەر کردنیان هۆیەکە لە هۆیە سەرەکییەکانی سەرکەوتنی ئەم پرۆژەیە.

**(26)** مەبەست لە (بریتی هاندان) کە لە زۆربەی دایەرەو دەزگا و کۆمپانیاکاندا پەیڕەو دەکرێ و بەداخەوە تا ئێستا لای ئێمە بیری لێ نەکراوەتەوە، سیستەمی هاندانە، بەوەی ئەو ڕۆژنامەنووس و کادیرەی کارەکەی بەرادەیەکی بەرز و پلەیەکی زیاتر لە (زۆر باش) ڕادەپەڕێنێ، لەلایەن بەڕێوەبەری گشتی و سەرنووسەر، پاداشتی هاندان لە بریتی ئەو خۆ ماندووکردنە وەردەگرێ..

لە (ئاژانسی دەنگوباسی کوردستان)دا پێویستە ئەم مەسەلەیە بە قانوون بچەسپێنرێ، چونکە هۆیەکی گرینگی بەرەوپێشچوونی دەزگاکە دەبێ.

**(27)** هەرچەندە هەر بەشێک لەو بەشانەی ناومان هێناون بایەخی تایبەتی خۆی هەیە لە ڕاپەڕاندنی کارەکانی ئاژانسدا، بەڵام ئێمە لێرەدا بەپێی بایەخدار و بایەخدارترەوە ڕێزمان کردوون.

**(28)** ئێستا لە ئاژانسەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش ئامێری گواستنەوەی وێنە بەرادیۆ چووەتەخانەی کۆن بوون ئەوانیش بەرەوپێشترچوون... ئێستا ئامێری وا بەکاردەهێنن کە لە هەمان کاتیشدا وێنەکە دەشواتەوە چاپیشی دەکا لە کاتێکی پێوانەیی کە لە دەقیقەیەک ڕەت ناکا... (بۆ زانیاری زێتر بڕوانە ـ محمود عزت ـ وکالات الانباء فی العالم العربی ل118).

**(29)** وشەی ئارشیف لە (ARCHIVE)ی ئینگلیزی و فەرەنسییەوە هاتووە و دەکاتە کۆمەڵێک بەڵگەنامەی گشتی سەر بە دەزگایەکی دیاریکراو، جا ئەو دەزگایە حکوومەتی بێ یا دەزگایەکی بازرگانی. خۆیشی لە بناغەدا وشەکە لە زمانی گریکیەوە هاتووەتە نێو زمانە ئەورووپاییەکان لەوێدا

بەمانای (نووسینگە) هاتووە، لەلاتینیشدا بەمانای (کاغەز) دێ.. بەم جۆرەبێ وشەی (ئارشیڤ) بۆ پاراستن و ڕێکخستنی زانیاری هەمەچەشن، هەر لە بناغەوە بەهەڵە بەکارهاتووە. (بڕوانە: عامر ابراهیم قندیلچی ـ ئارشیڤ ـ بڵاوکردنەوەی یەکێتی ڕۆژنامەنووسانی عەرەب ـ زنجیرە ـ 981/3 ل7).

(30) ڕاستی ئەمڕۆ قسە لەسەر ئەوە نییە (چی) لە ئارشیف هەڵدەگیرێ، چونکە ئەوە بڕاوەتەوە، قسە لەسەر ئەوەیە (چۆن) هەڵدەگیرێ، یان چۆن زۆرترین بابەت لە بچووکترین شوێندا بپارێزرێ و لە هەمان کاتیشدا بەردەست بێت.

(31) لە چۆنیەتی هەڵگرتن و پاراستن و ڕێکخستنی کتێب و ڕۆژنامە و وێنە و شتی لەم بابەتە، هەروەها کاسێتی دەنگ و وێنەیش سەرچاوە زۆرە کە بەرپرسی بەش لە کاتی دامەزراندنی ئارشیڤی ئاژانسدا بگەڕێتەوە سەری. دیارە پێشەکیش پێویستە ئەوەی لەم شوێنە دادەنرێ شارەزا بێ یا لە دەورەیەکی تایبەت بە ئارشیڤ ڕاهێنرابێ.

(32) لە چۆنیەتی بڵاوکردنەوەی وێنە لە ڕۆژنامەگەریی دا بۆ ڕێ ڕوونی زیاتر بڕوانە: نەژاد عەزیز سورمێ/ وێنە و کاریکاتێر و تایپۆگرافیا و بڵاوکردنەوەیان لە ڕۆژنامەگەری کوردیدا/ گۆڤاری کاروان بەسێ ئەلقە ـ ژمارە (85و 86و 87)ی ساڵی 1990.

(33) هەڵبەتە ئێمە لێرەدا باسی دوای دامەزراندنی دەکەین.

(34) نەک هەر وێنەکە لێرەدا جێی باسە، بەڵکو هەموو ئەو کاغەز و دەفتەرانەی کە لە ئاژانسدا بەکاردێن و هەموو بڵاوکراوەکانیش پێویستە ئەو مۆرە تایبەتییەی لەسەربێ، تەنانەت ئەو ئۆتۆمبیلانەی بۆ ڕاپەڕاندنی ئیشوکارەکانیشی تەرخان دەکرێن.



(35) بڕوانە: عدنان عبدالمنعم ابو السعد/ تطور الخبر و اسالیب تحریرە فی الصحافە العراقیە منذ نشاتها حتێ سنە 1917 ـ دەزگای الحریە بۆ چاپ/ بەغدا 1983 ل33.

(36) لەم بارەیەوە بڕوانە: نەژاد عەزیز سورمێ، (ڕۆژنامەگەری کوردی و ڕۆژنامەنووسی کورد) چاپی دووەم 1991 کوردستان ل21.

(37) سەیری: قیس عبدالحسین و حمید جاعد محسن (الخبر الصحفی ـ دراسە نظریە و تطبیقات) چاپی بەغدا 1981 ل12 بکە.

(38) (هەواڵ) لە ئاژانس دا جیایە لەگەڵ هۆیەکانی ڕاگەیاندنی تر، سەبارەت بەوەی ئاژانس سەرچاوەی هەموو هۆیەکانی ڕاگەیاندن دەبێ، بۆیە ئەگەر هۆیەک لە هۆیەکانی ڕاگەیاندن بە نموونە ڕۆژنامە یا ئیزگە بایەخ بەلایەنێکی دیاریکراودا دەدا لەسەر حیسابی لایەنێکی تر؛ لە ئاژانسدا سرووشتی کارەکان لە (بەشی هەواڵ)دا وا پێویست دەکا خرگرەوەو سەرتاپاگیرتر بێ و هەموو لایەنێکی ژیان بگرێتەوە، باوەکو چەشنە ئیلتزامێک و خۆبەستنەوەیەکیشی تێدابێ، چونکە وەک گوتمان ئاژانس سەرچاوەیە بۆ هۆیەکانی ڕاگەیاندن.

(39) ڕووکاری ئاراستەکردن بەو مانایەی کە هەواڵەکان دوای دارِشتن بۆ هۆیەکانی ڕاگەیاندنی ناوخۆ دەبن یا بۆ هۆیەکانی ڕاگەیاندنی دەرەوە؟

(40) بڕوانە: وائل العانی/ اراء فی الکتابە و العمل الصحفی/ زنجیرەی (الموسوعە الصغیرە) 75/ بەغدا 1980 ل52.

(41) بەداخەوە لە زۆربەی هەرە زۆری ڕۆژنامەکانمان تا ئێستا دارِشتنی هەواڵ بایەخێکی بەو ڕەنگەی پێ نەدراوە، بۆیە سەیر دەکەین پەیڕەوی هیچ یاساو ڕێسایەکی تێدا ناکرێ، بەڵکو ڕەمەکی و هەروایی دایدەڕێژین.

(42) لێرەشدا پاتی دەکەمەوە کە دارِشتنی هەواڵ زیاتر پەیوەندی بەزیرەکی

رۆژنامەنووس (هەواڵنووس)ـەکەوە هەیە، باوەکو زانیاری تیوریش لەم مەیدانەدا بایەخی خۆی هەبێ.

**(43)** کە دەڵێین (خوێنەر و گوێگر)، دیارە لە داڕشتنی هەواڵدا، لە هەندێ لایەنی هونەری لە رۆژنامە و رادیۆی تەلەفزیۆن دا جیاوازە، کە ئەم نوختەیەش باسێکی سەربەخۆی گەرەکە.

**(44)** بڕوانە: سکرتیر التحریر/ کۆمەڵە باسێک / بڵاوکردنەوەی یەکێتی رۆژنامەنووسانی عەرەب زنجیرەی پیشەیی (1) ـ 1981 ل60.

**(45)** بۆ رێ روونی زیاتر بڕوانە: توماس بێری (الصحافە الیوم) هەروەها (عدنان عبدالمنعم ابو السعد) ـ تطور الخبر و اسالیب تحریره...

**(46)** بڕوانە (کوردستانی نوێ)- رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانە- ژمارەی رۆژی 1993/1/20 ل1.

## سەرچاوەکان

لە نووسینی ئەم باسەدا، بێجگە لەو سەرچاوانەی لە پەراوێزدا هاتوون سەیری ئەم سەرچاوانەیش کراوە:


ـ دکتۆر ابراهیم امام، (وکالات الانباء) بڵاوکردنەوەی دەزگای (النهضە العربیە)، قاهیرە 1972.

ـ البرت ل.هیستروواى لان، (دلیل الصحفی فی العالم الثالث)، وەرگێڕانی کمال عبدالرؤف ـ دار الدولیە للنشر و التوزیع ـ قاهیرە 1988.

ـ دکتور عبداللطیف حمزە، (الاعلام و الدعایە) دەزگای (الفکر العربی) کوێت 1984.





ـ دکتور محمد فرید محمود عزت (وکالات الانباء فی العالم العربی) دار الشروق بێرووت/ قاهیرە 1983.

ـ محمد خیر الوادی، (دلیل اجهزە الاعلام فی العالم)، دار المسیرە- بێرووت 1982.

ـ عبدالوهاب نجم، (القاموس الاعلامی) بەغدا 1982.

ـ د.محمد فرید محمود عزت، (قاموس المصطلحات الاعلامیە) ـ دار الشروق، جدە 1984.

ـ دکتور محمد مصالحە ـ (دراسات فی الاعلام العربی) بەغدا 1984.

ـ فیلیب گایار، (تقنیە الصحافە) وەرگێڕانی فادی الحسینی/ دەزگای العویدات/ بێرووت 1973.

ـ رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان: (حقوق الانسان ـ مجموعە صکوک دولیە) چاپی نیویۆرک 1988.

ـ د.محمود فهمی (فن تحریر الصحف الکبری) دەستەی میسری کتێب، قاهیرە 1982.

ـ عامر ابراهیم قندیلچی، (موسوعە التوثیق و المعلومات الصغیرە) مەڵبەندی دەوڵەتانی کەنداو/ بەغدا 1983.

## پاشبەند

**پاشبەندی ژمارە (1)**

# بیبلۆگرافیای ئاژانسەکانی جیهان

## ئاژانسەکانی ئاسیا

**واع** (ئاژانسی دەنگوباسی عێراقی)ـ **بەغدا.**

**سانا** (ئاژانسی دەنگوباسی سووری) ـ **دیمەشق.**

**وفا** (ئاژانسی دەنگوباسی فەڵەستینی) ـ **بێرووت.**

**ئەنەدۆڵ ئەژانسی (AA)**

(ئاژانسی دەنگوباسی ئەنادۆل)ـ **ئانقەرە و ئەستەمبۆل.**

**ئانتارا** (ئاژانسی دەنگوباسی ئەندەنووسی)- **جاکارتا** .

**تاس** (ئاژانسی دەنگوباسی سۆڤیەتی پێشوو)-**مۆسکۆ.**

**ئیتارتاس** (ئاژانسی دەنگوباسی ڕووسی)-**مۆسکۆ.**



**نۆڤـــۆســـــتی** (ئاژانسی دەنگوباسی ســـۆڤـــیـــەتی پێشوو/بۆرێکخراوە میللی یەکان)- **مۆسکۆ.**

**باختار** (ئاژانسی دەنگوباسی ئەفغانی)-**کابوول.**

**FNS- ئێف ئێن ئێس**-(ئاژانسی دەنگوباسی فلیپنی)- مانێلا.

**کیۆدۆسین**(ئاژانسی دەنگوباسی ژاپۆنی)- **تۆکیۆ.**

**ئیرانا** (ئاژانسی دەنگوباسی ئێرانی)- **تاران.**

**UBB- یو بی بی**-(ئاژانسی دەنگوباسی پاکستانی) **ئیسلام ئاباد.**

**EEB- ئی ئی بی**-(ئاژانسی دەنگوباسی بۆرمی) - **رانگۆن.**

**برناما** (ئاژانسی دەنگوباسی مالیزی) - **کوالالامپۆر.**

**مونچامی**(ئاژانسی دەنگوباسی مەنگۆلی)- **ئۆلان باتوور.**

**نیسان**(ئاژانسی دەنگوباسی نیپاڵی)- **کتمندۆ.**

**ننا** (ئاژانسی دەنگوباسی لوبنانی) **بێرووت.**

**بتراء JNA ( جەی ئێن ئەی)**-(ئاژانسی دەنگوباسی ئەردەنی) **عەمان.**

**سبأ** (ئاژانسی دەنگوباسی یەمەنی)- **سەنعا** .

**راس**(ئاژانسی دەنگوباسی سعوودی)- **ئەڕریاز.**

**QNA** (ئاژانسی دەنگ وباسی قەتەری)- **ئەددۆحە** .

**کونا** (ئاژانسی دەنگوباسی کوێتی)- **کوێت.**

**BTE- بی تی ئی**- (ئاژانسی دەنگوباسی هیندی)- **نیودەلهی.**

**وام** (ئاژانسی دەنگوباسی میرنشینەکانی عەرەب **(ئیمارات).-ئەبوزەبی.**

**فانا** (یەکێتی ئاژانسەکانی دەنگوباسی عەرەبی)-**بیرووت.**

**ئینا-I.I.N.A**-(ئاژانسی دەنگوباسی نێودەوڵەتی ئیسلامی)- **تاران.**

**شینخوا** (ئاژانسی دەنگوباسی چینی)- **پەکین.**

## ئاژانسەکانی ئەفریقیا

**سۆنا** (ئاژانسی دەنگوباسی سۆماڵی)- **مەقادیشو.**

**AGE- ئەی جی ئی**-(ئاژانسی دەنگوباسی گابۆنی)- **لیبەرڤیل.**

**الشرق الاوسط**(ئاژانسی دەنگوباسی میسری)- **قاهیرە.**

**ئاکاب**(ئاژانسی دەنگوباسی کامیرۆن)- **یاوندی.**

**سونا** (ئاژانسی دەنگوباسی سۆدانی)- **خەرتووم.**



**MAP- ئێم ئەی پی**-(ئاژانسی دەنگوباسی مەغریبی)- **ربات.**

**TAP- تی ئەی پی**-(ئاژانسی دەنگوباسی تونس ئەفریقیا - **توونس**).

**APS - ئەی پی ئێس** - (ئاژانسی دەنگوباسی جەزاییری) **جەزاییر**

**واثع** (ئاژانسی دەنگوباسی لیبی)- **تەرابلووس.**

**وەمعی** (ئاژانسی دەنگوباسی مۆریتانیا)- **نواکشۆت.**

**ASB- ئەی ئێس بی**-(ئاژانسی دەنگوباسی کۆنگۆی میللی)- **برازڤیل.**

**زابا**- (ئاژانسی دەنگوباسی زامبیا)- **لوساکا.**

**ئازاب**(ئاژانسی دەنگوباسی زائیری)- **کنشاسا.**

**AEB- ئەی ئی بی**-(ئاژانسی دەنگوباسی ساحل العاج)- **ئەبیدجان.**

**GNA- جی ئین ئەی**(ئاژانسی دەنگوباسی گانایی)- **ئاکرا.**

**KNA- کەی ئێن ئەی**-(ئاژانسی دەنگوباسی کینی) **نایرۆبی.**

**ئانسیم** (ئاژانسی دەنگوباسی مالی)- **باماکۆ.**

**مانا** (ئاژانسی دەنگوباسی مالاڤی)- **لیلۆنجوی.**

**مادپرێس**(ئاژانسی دەنگوباسی مالاگاشی)- تاناناریف.

## ئاژانسەکانی ئەوروپا

**AFP (فرانس پرێس)** ئاژانسێکی جیهانییەو یەکێکە لە ئاژانسە بەناو بانگەکانی دنیا)- **پاریس**.

**رۆیتەر**(ئاژانسێکی جیهانی یە و یەکێکە لە (5) پێنج ئاژانسە بەناو بانگەکانی دنیا)- **لەندەن**.

**لویزیتانیا** (ئاژانسی دەنگوباسی پورتوگالی ـ **لیشبونە**.

**ATA (ئەی تی ئەی)** (ئاژانسی دەنگوباسی ئەلبانیا ـ **تیرانا**.

**رێتساوس بیرۆ** ( ئاژانسی دەنگوباسی دانیمارکی) ـ **کۆپنهاگن**.

**EFE ـ ئی ئێف ئی** ـ (ئاژانسی دەنگوباسی ئیسپانیا) ـ **مەدرید**.

**T.T ـ تی تی**(ئاژانسی دەنگوباسی سویدی) ـ **ستۆکهۆڵم**

**DBA ـ دی بی ئەی** ـ (ئاژانسی دەنگوباسی ئەڵمانیا) ـ **بەرلین**.

**ABA ـ ئەی بی ئەی** ـ (ئاژانسی دەنگوباسی نەمسایی) ـ **ڤییەننا**.

**NTB ـ ئێن تی بی**(ئاژانسی دەنگوباسی نەرویژی) ـ **ئۆسلۆ**.

**ئینا** ـ ئاژانسی دەنگوباسی ئێرلەندی ـ **دبلن**.

**ئانسا** ـ (ئاژانسی دەنگوباسی ئیتاڵیایی) ـ **رۆما**.

**BBC ـ بی بی سی** ـ (دەستەی ئێزگەی ئینگلستان) ـ **لەندەن**.



**ڤیزنیوز** (ئاژانسی دەنگوباسی وێنەداری ئینگلستان) ـ **لەندەن**.

**بەلجیکا** (ئاژانسی دەنگوباسی بەلژیک) ـ **برۆکسل**.

**BTA-بی تی ئەی** (ئاژانسی دەنگوباسی بولگاریا) ـ **سۆفیا**.

**سۆفیا پرێس** (ئاژانسی دەنگوباسی بولگاری بەزمانەکانی بیێگانە) ـ **سۆفیا**.

**PAB ـ پی ئەی بی** ـ (ئاژانسی دەنگوباسی پۆلۆنی) ـ **وارشۆ**.

**ئاجیر پرێس** (ئاژانسی دەنگوباسی رۆمانی) ـ **بۆخارێست**.

**ATS ـ ئەی تی ئێس** ـ (ئاژانسی دەنگوباسی سویسرا) ـ بێرن.

**STT ـ ئێس تی تی** ـ (ئاژانسی دەنگوباسی فیللەندی) ـ هلسنکی.

**MTE ـ ئێم تی ئی** ـ (ئاژانسی دەنگوباسی هەنگاریا) ـ بۆداپشت.

**ANB ـ ئەی ئێن بی** ـ (ئاژانسی دەنگوباسی هۆڵەندی) ـ **ئەمستردام**.

**تاینۆگ** (ئاژانسی دەنگوباسی یۆگسلاڤیای پێشوو) ـ **بەلگراد**.

**API** ـ ئەی پی ئای ـ (ئاژانسی دەنگوباسی نێودەوڵەتی ـ بارەگای ئەم ئاژانسە لە (**پاریس**)ی پایتەختی فەرەنسایە پرۆژەیەکی سەربەخۆیە).

## ئاژانسەکانی ئەمەریکای باکوور

**ئاسیۆشیێتدپرێس** (ئاژانسێکی دەنگوباسی جیهانییەو بارەگای لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکایە).

**یونایتدپرێس** (ئاژانسێکی دەنگوباسی جیهانییەو و یەکێکە لەو پێنج ئاژانسە گەورەی جیهانی ـ بارەگای لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکایە).

**یۆبیتێن** (ئاژانسی دەنگوباسی وێنەداری ئەمەریکایە).

**کانادیان پرێس** (ئاژانسی رۆژنامەگەریی کەنەدا) ـ **ئۆتاوا**.

**پرنیسیلاتین** (ئاژانسی دەنگوباسی کوبا) ـ **هاڤانا**.

**ئامێکس** (ئاژانسی دەنگوباسی مەکسیک) ـ **مەکسیکۆسیتی**.

## ئاژانسەکانی ئەمەریکای باشوور

**ئازا پرێس** (ئاژانسی دەنگوباسی بەرازیلی) ـ **بەرازیلیا**.

**تیلام** (ئاژانسی دەنگوباسی ئەرژەنتین) ـ **بۆینس ئایرس**.

**کۆمبیا** (ئاژانسی دەنگوباسی کۆلۆمبی)ـ **بۆگۆتا**.



## ئاژانسەکانی ئوستورالیا

**AUB** ـ ئەی یو بی ـ (ئاژانسی دەنگوباسی ئوسترالی) ـ **کانبیرا**.

**NZBA** ـ ئێن زێت بی ئەی ـ (ئاژانسی دەنگوباسی نیوزلاندی) ـ **ولێنگتۆن**.

## پاشبەندی ژمارە (2)

# ئازادی راگەیاندن

**رێککەوتننامەی تایبەت بە مافی نێودەوڵەتی لە راست کردنەوەدا**
**کۆمەڵەی گشتی بە بڕیاری 630 (د ـ 7)ـەوە**
**16ی کانوونی یەکەمی 1952**
**بۆ مۆرکردنی داناوە**
**مێژووی دەسپێکی جێبەجێکردن: 24ی ئابی 1962**
**بەپێی حوکمەکانی ماددەی هەشتەم.**

## دێپاچە

**دەوڵەتە رێککەوتووەکان**

بە ئارەزووەوە لە دابین کـــردنی مـــافی گـــەلانیـــان بۆ دەســـتـــخـــستنی زانیـــاری تەواو باوەڕپێکراو و بەهۆی ئارەزووشیانەوە لە تێکگەیشتنی زیاتری نێوان گەلانیان لە رێگای ئاڵشت کردنی ئازادی بیروباوەڕ و زانیارییەکان کە



بەمەش پاراستنی ئادەمیزادی لە پەتای شەڕ و شۆڕ و نوێ بوونەوەی هێـــرشی هەر لایەک دوور دەخـــاتەوە، هەروەها قـەڵاچۆکردنی هەر پڕوپاگەندەیەکی بەو نیازە ببێتـە هۆی وروژاندن یا هاندانی هەر هەڕەشـــــەیەک یا هەر رەچە شکاندنێکی ئاشتی یا هەر کارێکی دوژمنکاری... کـە ئەوەش رەچاو دەکا، لەوەی بڵاوکردنەوەی زانیاری هەڵە چ مەترسییەکی بۆ پاراستنی پەیوەندی دۆستایەتی نێوان گەلان و پاراستنی ئاشتی دا دەبێ، ئەوەشی تیا دەبینێ کە کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە دەورەی ئاسایی دووەمی دا رایسپاردووە کە ئەو کردەوانە بەهەند هەڵبگیرێن کـە دەبنە هۆی قـەڵاچۆکردنی ناردنی زانیاری ناڕاست و شێویێنراو کە زیان بە دۆستایەتی پەیوەندی نێو دەوڵەتان دەگەیێنێ.

لەلایەکی تریشەوە دەبینێ ئەمڕۆ وەک پیادەکردن لە تواناداد نییە لە بۆتەی نێودەوڵەتیدا کارێکی وا بکرێ لە راستیی زانیارییەکان بکۆڵدرێتەوە کە داسەپاندنی سزای جەزایی بڵاوکـــردنەوەی زانیـــاری ناڕاست و شـــێـــوێنراوی لێ بسەنگرێتەوە.

**لە کاتێکیشدا،** سەرەڕای ئەوە دەبینێ کە دوورکەوتنەوە لە

بڵاوکردنەوەی زانیاری ئاوەها کەم کردنەوەی زیانەکانی پێش هەموو شتێک هاندانی بڵاوکردنەوەی زانیاری بەربڵاو و وەبەرنانی هەستی لێپرسراویەتی لای ئەوانە دەوێ کە پیشەیان بڵاوکردنەوەی (دەنگوباس)ـە.

**لە کاتێکیشدا** کە دەبینێ ئەگەری سەرکەوتووی گەیشتن بەو داوایە، دەوڵەتە راستەوخۆ کارلێکراوەکان بە هەواڵێک کە بە درۆ و شێوێنراوی دەزانێ و ئاژانسێکی دەنگوباس بڵاوی کردۆتەوە بواری راست کردنەوەی هەواڵەکەی بەهەمان ئاشکرایی و پێزانین بۆ برەخسێنێ.

**کە ئەوەش لەبەرچاودەگرێ،** یاسای هەندێ دەوڵەت مافی راستکردنەوەی ئاوەهای تێدا نەهاتووە، دەوڵەتە بیانییەکان بتوانن پەنای بۆ ببەن، ئەمەش وا دەکا کە بڕیاردانی ئەم جۆرە مافە لە چوارچێوەی نێودەوڵەتی دا بەراست بزانرێ.

لە کاتێکیشدا بڕیاری گرێدانی رێککەوتنێکی بەو مەبەستە لەسەر ئەو حوکمانەی خوارەوە رێککەوتن.



## بەندی یەکەم

بۆ مەبەستی ئەم رێککەوتننامەیە:

**1**- دەستەواژەی (نامەی هەواڵئامێز) هەر زانیارییەک دەگرێتەوە کە بە نووسین یان لە رێگای ئامرازەکانی پەیوەندی بێ تەل، بەو شێوەی ئاژانسەکانی دەنگوباس لەسەر راهاتوون بۆ بەکارهێنانی لە گواستنەوەی ئەم جۆرە زانیارییانەدا پێش بڵاوکردنەوە بۆ رۆژنامەکانی رۆژانە و دەوریات و ستافی ئێستگەکان.

**2**- دەستەواژەی (ئاژانسی دەنگوباس) مەبەست لە هەر رێکخراوێکی رۆژنامەنووسی یان تەلەفزیۆنی یا گواستنەوەیان لە دوورەوە، گشتی بێت یا تایبەتی بێ کە بەردەوام بابەتی نامەی هەواڵئامێز کۆدەکاتەوە و بڵاویان دەکاتەوە و دامەزراو یا رێکخراوێک لە سێبەری یاساو سیستەمی رێککەوتووەکان پێک دێنێ کە بارەگای سەرەکی ئاژانسی تێدا کێل دەکرێتەوەو لە هەر دەوڵەتێکی رێککەوتوو کە کاری تێدا دەکا، لەژێر سێبەری یاساو سیستەمی ئەو دەوڵەتە بەر کار دەکا.

**3**- وشەی (پەیامنێر) هاونیشتمانییەک دەگرێتەوە کە لە دەوڵەتێکی رێککەوتوو یان کەسێک ئاژانسی دەنگوباس لە

دەوڵەتێکی ڕێککەوتوو کاری پێ دەکاو بەردەوام لە هەردوو باردا پیشەی کۆکردنەوە و بڵاوکردنەوەی بابەتی نامەی هەواڵئامێز بەرکار دەکاو کە لە دەرەوەی وڵاتەکەیشیدا دەبێ بە پەیامنێر لە قەڵەم دەدرێ یا لە گوزەرنامەیەکی کارپێکراو یا لە بڕوانامەیەکی بەرابەری قبووڵکراو لە قاوخی نێودەوڵەتیدا.

## بەندی دووەم

**1**ـ بەوەی دانی پێ دادەنێ کە بەرپرسیاریەتی پیشەیی پەیامنێر و ئاژانسەکانی دەنگوباس لەسەریان دەچەسپێنێ ڕووداوەکان بێ جیاوازی و بێ دەرهاوێتن لە راستەڕێی دا بگوێزنەوە، کە لە دوایشدا ڕێزگرتنی مافی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتیەکانیان لەسەر دەسەلمێنێ هەروەها ئاسان کردنی لێک حاڵی بوون هاوکاری نێو گەلان و بەشداری کردن لە پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی و لە کاتێک دادەبینێت ئاکارەکانی پیشەیی بەسەر هەموو پەیامنێر و ئاژانسەکانی دەنگوباسدا دەچەسپێنێ کە ئەو زانیارییانەی



بڵاویان کردۆتەوە یان لە هەندێ پەیامی هەواڵئامێزدا هێناویانەتەوە درۆ بووە یاخود شێواو بەپێی ڕێسای پەیڕەوکراو پێویستە بەهەمان هۆ هەمان پەیام ڕاست بکەنەوە.

هەموو دەوڵەتە هاوپەیمانەکان لەسەر ئەوە ڕێککەوتوون کە هەر دەوڵەتێک مافی ئەوەی هەیە ئەگەر وای بۆچوو درۆ یا شێواندنێک لە پەیامێکی هەواڵئامێزدا هەیە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر بەهۆی پەیامنێر یا ئاژانسەکانی نێودەوڵەتە هاوپەیمانەکان یان دەوڵەتانی دەرەوەی خۆیان بڵاوکرایەوە و لە هەندەران پەخش کراو ئەوەی لێ سەنگرایەوە کە زیان بە پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتانی تر یان بە شوێن و کەرامەتی نیشتمانی بگەینێ ئەو دەوڵەتە ڕووداوەکان بە گۆشەنیگای خۆی لە پەیامێکدا «لەمەودوا پێی دەگوترێت ـ ئاگاداری» بۆ دەوڵەتە هاوپەیمانەکان دەنێرێت کە پەیامە هەواڵئامێزەکەی تێدا پەخش و بڵاوکراوەتەوە. هەروەها دانەیەکیش لەو ئاگادارییە لە هەمان کاتدا بۆ ئەو پەیامنێر یا ئەو ئاژانسی دەنگوباسە دەنێرێ پەیامی هەواڵئامێزی جێی باسە تا بتوانێت پەیامەکەی ناوبراو ڕاست بکاتەوە.

**2**ـ ناکرێ هیچ ئاگادارییەک بەدەر لە پەیامی هەواڵئامێز

دەربکرێت پێویستە ئەو ئاگادارییەش هیچ رادەربڕین و تالیقێکی تێدا نەبێت و زیاد لە پێویستیش درێژ نەکرێتەوە، لەوکاتەیدا، درۆیێک یان شێواندنێک راست دەکاتەوە هەروەها پێویستە دانەیەک لە دەقی پەیامە هەواڵئامێزەکەی بڵاویش بۆتەوە پێوە بێ، ئەوەشی تێدا بە بەڵگە هاتبێتەوە کە پەیامەکە لە هەندەران بەهۆی پەیامنێر یان ئاژانسی دەنگوباسەوە گەیێنراوە.

## بەندی سێیەم

**1**ـ دەوڵەتە هاوپەیمانەکان لەسەریانە کە لە کورتترین مۆڵەتدا، لە هەموو حاڵەتێک لە پێنج رۆژ تێنەپەڕێت لە رۆژی وەرگرتنی ئاگادارییەکەی بۆی نێردراوە بەپێی حوکمی بەندی دووەم، هەر گۆشەنیگایەکیشی لە بەرابەر رووداوەکاندا هەبێت!.

**أ** ـ ئەو ئاگادارییە بداتە ئەو پەیامنێر و ئاژانسی دەنگوباسانەی لە هەرێمەکەیدا کاردەکەن بەو رێگەو هۆیانەی کە هەمیشە بەگەیاندنی هەواڵەکانی پەیوەندار بە کاروباری نێودەوڵەتییەوە خەریکن.



**ب** ـ پێویستە ئاگاداری یەکە بۆ بارەگای سەرەکی دەنگوباس بنێردرێت ئەوەی کە پەیامنێرەکەی سەرچاوەی پەیامە هەواڵئامێزەکە بووە، ئەمەش لە کاتێکدا کە بارەگاکە لە نێو خاکی ئەو وڵاتەدا بێت.

**2**ـ ئەگەر دەوڵەتێک لە دەوڵەتە هاوپەیمانەکان خۆی بەوە نەبەستەوە کە ئەم بەندە بەسەری دادەسەپێنێ دەربارەی ئاگادارییەک کە دەوڵەتێکی هاوپەیمانی تر بۆی ناردووە ئەو دەوڵەتە مافی ئەوەی هەیە هەمان رێڕەو بگرێتەبەر لە رێگای مامەڵەی بەرابەردا بەوەی لە دواییدا ئاگادارییەک بۆ ئەو دەوڵەتە بنێرێتەوە کە ئیلتزامی بەم بەندە نەکردووە.

## بەندی چوارەم

**1**ـ ئەگەر دەوڵەتێک لە دەوڵەتە هاوپەیمانەکان کە بەپێی حوکمەکانی بەندی دووەم ئاگادارییەکەی بۆ نێردراوە، لە ئیلتزام کردن بەوەی لە بەندی سێیەمدا هاتووە لە سنووری ئەوکاتەی پێیدا هاتووە دواکەوت، ئەوا دەوڵەتە هاوپەیمانەکەی تر کە مافی راستکردنەوەی بەدەست دەبێ ئاگادارییەکە بۆ سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بنێرێ، بەمەرجێک دەقی تەواوی پەیامە هەواڵئامێزەکەیشی

وەک کە بڵاوکراوەتەوە پێوەبێ و لە هەمان کاتیشدا ئاگاداری ئەو دەوڵەتەیش بکاتەوە کە سکاڵای لەدەستداوە، ئەو دەوڵەتیش لە پێنج ڕۆژدا دوای وەرگرتنی ئاگاداری یەکە تێبینییەکانی بخاتە پێش سکرتێری گشتی، کە تێبینیەکانیش دەبێ تەنها لەوە ڕەت نەکا

**2**- سکرتێری گشتی، لە هەرجارێکدابێ، لە **10** ڕۆژی تەواودا دوای وەرگرتنی ئاگاداری یەکە، هۆیەکانی ڕاگەیاندنی بەردەستی بۆ ئاشکرا کردنی ئاگاداری یەکە و دەقی پەیامە هەواڵئامێزەکە و ئەگەر هەبوو ئەو تێبینییانەی کە لە لایەن دەوڵەتە سکاڵالێکراوەکە پێشکەشی کراوە بەکاردێنێ.

## بەندی پێنجەم

هەر کێشەیەک لە نێوان دوو دەوڵەتی هاوپەیماندا یان زیاتر دەربارەی لێکدانەوەی ئەو ڕێککەوتننامەیە و پیادەکردنی دروست بوو بە وتوویژ چارەسەری نەکرا، دەخرێتە پێش دادگای دادی نێو دەوڵەتی بۆیەکلاکردنەوەی ئەگەر هەردوو لە دەوڵەتانی هاوپەیمان ڕێگایەکی تریان بۆ چارەسەرکردنی نەگرنە بەر.



## بەندی شەشەم

**1**- واژۆکردنی ئەو ڕێککەوتننامەیە بۆ هەموو دەوڵەتانی ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکان داو هەروەها بۆ هەموو ئەو دەوڵەتانەیش کە بۆ ئامادەبوونی کۆنگرەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ئازادی ڕاگەیاندن کە ساڵی **1948** لە ژنێف گرێ درا بانگ کرابوون و بۆ هەر دەوڵەتێکی تریش کە ئەنجوومەنی گشتی بڕیاری شایستەیی دەدا، والآیە..

**2**- ئەم ڕێککەوتننامەیە بە بڕواپێدانی ئەو دەوڵەتانەی ئیمزایان کردووە بەندە بەپێی ڕەوتی دەستووری هەریەکێکیان... چەکی بڕواپێدانیش لەلای سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دادەنرێ.

## بەندی حەفتەم

**1**- هەر دەوڵەتێک لەوانەی کە لەبەندی شەشەم/**1** دا هاتوون بۆیان هەیە بێنە پاڵ ئەو ڕێککەوتننامەیە

**2**- هاتنە پاڵیش بەوە دەبێ کەچەکی هاتنە پاڵ بە سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بسپێررێ

## بەندی هەشتەم

هەرکاتێ شەش دەوڵەتی لە بەندی شەشەم برگە **1** ئاماژەی بۆکراوە چەکی بڕواپێدان یان هاتنە پاڵیان دانا، ڕێککەوتننامەکەی نێوانیان **30** ڕۆژ دوای ڕۆژی سپاردنی چەکی بڕواپێدان یان هاتنە پاڵ دەخرێتەکار، پاشانیش لە بەرابەر هەر دەوڵەتێکی بڕوای پێ دەدا یان دێتە پاڵی دوای ئەو مێژووە، هەمان شت لە ڕۆژی سێیەمینی ڕۆژی سپاردنی چەکی بڕواپێدان و هاتنە پاڵ جێ بەجێ دەبێ.

## بەندی نۆیەم

کاری حوکمەکانی ئەو ڕێککەوتننامەیە بە هەمان شێوە بەسەر هەرێمی میترۆپۆلی دەوڵەتە هاوپەیمانەکاندا پیادە دەکرێ، هەروەها گشت ئەو هەرێمانەی کە بەڕێوەی دەبەن و یا ئەو دەوڵەتە میترۆپۆلی یە حوکمی تێدا دەکا ئەگەر ئۆتۆنۆمی هەبێ یا لە ژێر(وصایە)دا بێت یاخود مستعمرەبێ.



## بەندی دەیەم

هەر دەوڵەتێکی هاوپەیمان بۆی هەیە بە ئاگادارکردنەوەیەکی ئاراستەکراو بۆ سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان خۆی لەم ڕێککەوتننامەیە بکێشێتەوە..

ئەو خۆکێشانەوەیش دوای **6** مانگ لەمێژووی گەیشتنی بە سکرتێری گشتی دەچێتە خانەی جێبەجێ کردنەوە.

## بەندی یازدەم

هێزی کارپێکردنی ئەو ڕێککەوتننامەیە لەگەڵ مێژووی پیادەبوونی خۆکێشانەوەی لایەنەکان بۆ شەش لایەن کەمتر، نامێنێ.

## بەندی دوانزەم

**1**- هەر دەوڵەتێکی هاوپەیمان، لە هەرکاتێکدا بۆی هەیە داوای چاوپێداگێڕانەوەی ئەو ڕێککەوتننامەیە بە ئاگادارییەکی ئاراستەکراو بۆ سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بکا.

2- کۆمەڵەی گشتی لەکاتی خۆیدا بڕیاری هەنگاونانی پێویست دەربارەی ئەو داوایە دەدات.

## بەندی سێزدەم

سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان ئاگاداری دەوڵەتە ناوبراوەکان لەبەندی(شەشەم) بڕگە**1** دا دەکاتەوە.

**ا-** بە ئیمزاکردن و چەکی بڕواپێدان و هاتنە پاڵ کە بەپێی هەردوو بەندی شەشەم و حەفتەم ئاراستەی دەکرێن.

**ب-** بەمێژووی پیادەبوونی ڕێککەوتننامەکە بەپێی بەندی هەشتەم

**ج-** بە ئاگادارکردنەوەکانی خۆکێشانەوەکە ئاراستەی کراون بەپێی بڕگە **1**ی بەندی دەیەم

**د-** بە لێکهەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتننامەکەی لە بەندی یازدەم دا دەقنووس کراوە

**هـ-** بەو ئاگادارییانەی بەپێی بەندی دوانزەم ئاراستەکراون.



## بەندی چواردەم

1- ئەو ڕێککەوتننامەیە کە لە هێزدا دەقی ئیسپانی و ئینگلیزی و رووسی و چینی و فەرەنسی وەک یەکن، بەهەمان پارێزراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان دەسپێررێ.

2- سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان وێنەیەکی بڕواپێدراوی ئەو ڕێککەوتننامەیە بۆ دەوڵەتە ناوبراوەکانی بڕگە **1**ی بەندی شەشەم دەنێرێ.

3- ئەو ڕێککەوتننامەیە لەمێژووی پیادەکردنی دا لە سکرتاریەتی نەتەوە یەکگرتووەکان دا تۆماردەکرێ.

**نەتەوە یەکگرتووەکان**
**مەڵبەندی مافی مرۆڤ**
**ژنێڤ**

**پاشبەندی ژمارە(3)**

# پرۆژەی قانوونی
# دامەزراندنی ئاژانسی دەنگوباسی کوردستان
# ئاداک-ADAK

### بەندی یەکەم

**1-** ئاژانسێک بۆ ئاڵوگۆڕی دەنگوباس و هەموو ئەو کارانەی ئاژانسەکانی دەنگوباس رایدەپەڕێنن بە ناوی(ئاژانسی دەنگوباسی کوردستان)دادەمەزرێ.

**2-** هێمای ئەو ئاژانسە(ئاداک–ADAK) دەبێ.

**3-** ئەو ئاژانسە دەزگایەکی تایبەتییە و کەسێتیماناوی و سەربەخۆیی دارایی خۆی هەیە.

**4-** لەژێر چاودێری و سەرپەرشتی وەزیری رۆشنبیری حکوومەتی هەرێم (وەک نوێنەری ئەنجوومەنی وەزیران)دا دەبێ.



### بەندی دووەم

بارەگای سەرەکی ئاژانس لە پایتەختی هەرێمدا دەبێ، بۆشی هەیە نووسینگە و پەیامنێر لە هەر شوێنێکی، بەڕێوەبەری گشتی و سەرنووسەر بەڕاوێژ لەگەڵ نوێنەری ئەنجوومەنی وەزیران پێی باش بێ، بەپێی پێویست لەدەرەوە و ناوەوەی کوردستان دابمەزرێنێ.

### بەندی سێیەم

(ئاداک) لەگەیاندنی پەیامی خۆیدا سیاسەتی راگەیاندنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پەیڕەو دەکا، بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی بەرزی نەتەوەیی و نیشتمانی.

### بەندی چوارەم

هەر بڕیارێکی پەیوەندار بە رێکخستن و راپەڕاندنی ئیش و کارەکانی ئاژانس لەلایەن وەزیری رۆشنبیرییەوە دەردەچێ دوای رەزامەندی ئەنجوومەنی وەزیران.

### بەندی پێنجەم

(ئاداک) هەموو مافێکی هەیە کە دەسەڵاتی گشتی لە رووی نەشیاوی دەست بەسەراگرتن و داماڵینی مۆڵک وماڵی و بەکارهێنانی لەسوودی تایبەتی و گشتیدا هەیەتی.

**بەندی شەشەم**

ئەرک و ئامانجەکانی(ئاداک) لەم خاڵانەی خوارەوەدا دیاری دەکرێ!

**1**- پێداگرتن لەسەر ئەوەی کێشەی کورد کێشەی گەلێکە قوربانی بێ سنووری لەپێناوی ژیانێکی شایەن بە ئینسان لەسەر خاکی خۆی داوە و(ئاشتی)یش لەتەواوی ناوچەکەدا بەندە بە چارەسەرکردنی عادیلانەی ئەو کێشەیە لە مافی چارەنووسدا.

**2**ـ پات کردنەوەی نیازی ئاشتیخوازی گەلی کوردستان.

**3**ـ پات کردنەوەی گرینگی گفتوگۆ و دۆستایەتی لەگەڵ هەموو گەلانی دنیادا بێ جیاوازی، بەتایبەتیش ئەوانەی لە تەنگانەدا بەکەڵکمان هاتوون.

**4**ـ لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندی بارودۆخی پارچەکانی تری کوردستانی بە ئێران و تورکیا و سوریا بەستراو لە بزاڤی ئاژانسدا.

**5**ـ باخەبەر کردنی رای گشتی دنیا لە روانین و بۆچوونەکانی حکوومەتی هەرێم لە هەڵوێست وەرگرتنی دا لە بەرابەر مەسەلە هەڵایساوەکانی رۆژ.



**6**ـ بڵاوکردنەوەی زانیاری دروست لەمەڕ باری ناهەمواری خەڵکی کوردستان لە رێگای ریپۆرتاژی رۆژنامەنووسی بەردەوامەوە.

**7**ـ راست کردنەوەی ئەو هەڵانەی لە هۆیە جۆراوجۆرەکانی راگەیاندنی هەندەران بەدەستی ئەنقەست یا هەروایی دەکرێن و دەبنە هۆی شێواندنی رووی راستی خەباتی گەلی کوردستان.

**8**ـ پات کردنەوە و دەرخستنی هەوڵی مرۆڤی کورد و تێکڕای گەلی کوردستان لەمەڕ مەسەلەی ئاوەدانکردنەوەدا لە رێگای راپۆرت و راپۆرتی وێنەدارەوە.

**9**ـ پات کردنەوەی برایەتی و دۆستایەتی کورد و تورکمان و ئاسووری و هەموو کەمە نەتەوەیی و مەزەبیەکانی کوردستان.

**10**ـ (ئاداک) دەبێ بەهۆیەکی کاریگەر بۆ پێکهێنانی رای گشتی لە کوردستان.

بەو رووکارەی خزمەتی کێشەی رەوامان دەکا.

**بەندی حەوتەم**

(ئاداک) راستەوخۆ بەهۆی ئەم فەرمانبەرانەی خوارەوە

بەڕێوەدەچێ:

**1**ـ بەڕێوەبەری گشتی ـ سەرنووسەر.

**2**ـ جێگری بەڕێوەبەری گشتی.

**3**ـ سکرتێری یەکەمی نوسین.

## بەندی هەشتەم

بەڕێوەبەری گشتی ـ سەرنووسەر ئەم کارانەی خوارەوە ئەنجام دەدا:

**1**ـ راپەڕاندنی ئیش و کارەکانی ئاژانس بەپێی سیاسەتی نەخشە بۆ کێشراوی.

**2**ـ دامەزراندن و کارکەنارکردنی فەرمانبەرانی ئاژانس بەراویژ لەگەڵ وەزیری رۆشنبیری دا.

**3**ـ مۆرکردنی رێککەوتننامەکانی ئاژانس لەگەڵ ئاژانسەکانی ترو هۆیە رەسمی و نارەسمییەکانی راگەیاندنی ناوەوەو دەرەوە.

**4**ـ نوێنەرایەتی کردنی (ئاداک) لە کۆڕو کۆبوونەوە و کۆنگرە تایبەتی و گشتییەکانی دەرەوە و ناوەوەی کوردستان.



**5**ـ نوێنەرایەتی کردنی (ئاداک) لە هەموو دام و دەزگا رەسمییەکاندا.

**6**ـ سەرپەرشتی کردنی کۆبوونەوەکانی بەشەکانی (ئاداک) خۆی یان نوێنەرێکی دیاری کراوی.

**7**ـ ئامادەکردنی پرۆژەی بودجەی ساڵانەو و حساباتی ئاژانس بەراویژ لەگەڵ وەزیری رۆشنبیری و بەرزکردنەوەی بۆ ئەنجوومەنی وەزیران.

**8**ـ دیاری کردن و بەخشینی پاداشت و دەستخۆشانە و بریتی هاندان بۆ ئەو کادیرانەی کارەکانیان بە پلەی لە (زۆر باش) زیاتر رادەپەڕێنن.

**9**– هەرکارێکی دیکەی پەیوەندار، کە ئەنجوومەنی وەزیران پێی دەسپێرێ.

## بەندی نۆیەم

هەموو فەرمانبەر و کارمەندانی(ئاداک) لەسەریانە ئیلتزام بە پاراستنی نهێنیەکانی ئاژانسەوە بکەن، بەپێچەوانەوە بەرپرسیار دەبن و بەپێی قانوونی(عقوبات)ی پەیرەوکراو لەدادگاکانی هەرێمی کوردستان سزادەدرێن.

**بەندی دەیەم**

ئاژانس بودجەی سەربەخۆی هەیە، بە بڕیاری ئەنجوومەنی وەزیران دەردەچێ کە لەسەرەتای ساڵی داراییەوە دەستپێدەکات و لە کۆتایی هاتنیدا تەواو دەبێ.

**بەندی یازدەم**

**ئەلف:** سەرمایەی دامەزراندنی(ئاداک)لەم ڕێگایانەدا دەستەبەر دەکرێ:

1- باروبووی حکوومەتی هەرێم.

2- کۆکردنەوەی پیتاک، بەتایبەتیش لە هەندەران.

3- باروبووی حزبەکان لەسەرانسەری کوردستان.

4- کۆمەک و یارمەتی ڕێکخراوە خێرخوازەکان.

5- کۆمەک و یارمەتی ڕێکخراوی یۆنسکۆ.

**بێ:** دەرامەتی ساڵانەی ئاداک بەم شێوەیە دابین دەکرێ:

1- بودجەی ساڵانەی ئەنجوومەنی وەزیران.

2- ئابوونەی ساڵانەی دەزگا و هۆیەکانی ڕاگەیاندنی سنووری هەرێم و هی دیکە.

3- بریتی چاپکراو و خزمەتگوزارییەکانی دیکەی.



4- ئابوونەی هاوبەش بوونی لایەن و ئاژانسەکانی دەوروبەر.

5- کۆمەک و یارمەتی دەزگاو ڕێکخراوە خێرخوازە نیشتمانی و نێودەوڵەتیەکان.

**بەندی دوازدەم**

ئەم قانوونە لە ڕۆژنامەی ڕەسمی بڵاو دەکرێتەوە و ڕۆژی22ی نیسانی 1993 جێبەجێ دەکرێ.

**هۆیەکانی دەرچوونی ئەم قانوونە:**

بە هۆی گرینگی ئاژانسی دەنگوباس و پێویستییەوە لە ڕووی گەیاندنی هەواڵەکانی کوردستان بە شێوەیەکی ڕاست و بەرپەرچدانەوەی ئەو هەڵانەی لە هۆیەکانی ڕاگەیاندنی جۆراو جۆر بە دەستی ئانقەست یا هەروایی دەکرێن و بە هۆی ئەوەی کە ئاڵوگۆڕی دەنگوباس و ڕاست کردنەوەی هەواڵی هەڵبەستراو لە نەتەوەیەکگرتووەکانیش دانی پێدانراوە دامەزراندنی ئاژانسی دەنگوباسیش بەشێکە لە مافی کولتووری گەلەکەمان.. لە بارودۆخی سیاسی ئەمڕۆی کوردستان دامەزراندنی ئاژانسی دەنگوباسی کوردستان بەپێویست دەزانێ.

**لەبەر ئەوە ئەم قانوونە دانراوە.**

پاشبەندی ژمارە (4)

# هەندێ لەو زاراوانەی لە دنیای ئاژانسەکانی دەنگوباس دا بەکاردێن

# هەوڵە چاپکراوەکان

**1 ) لەبواری لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەنووسیدا**

* ڕۆژنامەگەریی کوردی و ڕۆژنامەنووسی کورد
نامیلکە-چاپی 1984 ، بەناوی خوازراوی
(پاکزاد محمد کریم) ، چاپکردن و بڵاوکردنەوەی یەکێتی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان (لەشاخ)
چاپی دووەم بەناوی سەریح، هەولێر -چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، 1991.
* پرۆژەیەک بۆ دەرکردنی ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە بەکوردی
لێکۆڵینەوە-گۆڤاری(ڕۆشنبیری نوێ) بەغدا، پایزی 1986.
* هەڵەی چاپ، ئەمڕۆ ئاسۆی دوا ڕۆژ
لێکۆڵینەوە-بەدووبەش، ڕۆژنامەی (هاوکاری) بەغدا-1988.
* وێنەو کاریکاتێ و تایپۆگرافیاو بەکارهێنانیان لە ڕۆژنامەگەریی کوردیدا
لێکۆڵینەوە-بەسێ بەش، گۆڤاری (کاروان ژمارە 85 و 86 و87)ی 1990.
* برایەتی: یەکەمین ڕۆژنامەی ڕۆژانە لە مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا
لێکۆڵینەوەو بیبلۆگرافیا-چاپی یەکەم گۆڤاری(یەکگرتن) کە لە هەندەران دەردەچێ، چاپی دووەم
چاپخانەی خەبات 1991. چاپی سێیەم چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی، هەولێر-1997.
* ئاژانسی دەنگوباسی کوردستان (ئاداک-ADAK)
پرۆژەی دامەزراندن و بەڕێوەبردن
لێکۆڵینەوە-ڕۆژنامەی (برایەتی) بەسێزدە ئەڵقە، هەولێر-1993، چاپی دووەم بە کتێب
چاپخانەی خەبات دهۆک 1997.
* درەختی بنکۆڵکراو:
پەنجەنماییێکی ڕۆژنامەنووسییانە بۆ باری ڕووناکبیری و کلتووری کوردی- چاپی یەکەم کوردستان
1995، چاپی دووەم سوید 1996.
* چەند وتارو نووسینی تر هەر لەم بوارەدا لە شوێنی جیا جیا بە کوردی و عەرەبی.

**2) شیعر**

* ئەو شەوانەی خەون نایێ:
چاپخانەی (النعمان)نەجەف-1977.
* تاڤگەی مەند
چاپخانەی (شفیق) بەغدا-1987
* چەند کۆتەڵێکی جەنازەیی:

چاپی یەکەم- ئیتالیا 1994
چاپی دووەم- کوردستان 1995
* هەندێ لەو شوێن پێیانەی بەسەر شەختەدا مابوونەوە-2005
**3) لەبواری وەرگێڕاندا**
* نووستوی بەر باران:
شیعر- چاپی یەکەم، چاپخانەی (علاء)بەغدا-1980
چاپی دووەم- کوردستان -2005
* ڕێگاوبان، پێنج چیرۆکی درێژو شانۆنامەیەک لە نیکۆلای خایتۆڤەرە-چاپی یەکەم
چاپخانەی (الحوادث) بەغدا-1983-بڵاوکردنەوەی کتێبخانەی حەیدەری.
چاپی دووەم-کوردستان 2005-دەزگای موکریانی.
* سەرتاییەک بۆ تێگەیشتنی هونەری شێوەکاری
چاپی یەکەم- چاپخانەی(حسام) بەغدا 1986
چاپی دووەم-کوردستان 2005-دەزگای موکریانی.
* چەند نامەیەک بۆ تارانتابابو:
شیعری نازم حیکمەت
چاپی یەکەم- چاپخانەی (الزمان)بەغدا-1990.
چاپی دووەم-کتێبی ئەرزان-سوید-1996
چاپی سێ یەم- کوردستان-2005
* دایکی کورد-دانییێل میتران
لە عەرەبییەوە 1996-چاپخانەی (خەبات) دهۆک.
**4) کاری شێوەکاری (کۆلاژ)**
*** پاییزی چاوەکان**
کۆلاژ لە تاراوگەی شیعردا- چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری-هەولێر 1998.
* چاوەکان.. هەمیشە چاوەکان...
کڵاو رۆژنەیەک لە شەختەدا، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری 1999
5) (شرفه) بەزمانی عەرەبی-چاپخانەی (خەبات) دهۆک-1998.
6 ) بێجگە لەدەیان شیعری وەرگێردراو و نووسینی دیکەو گۆشەی جیا جیا لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا لەکات و شوێنی جیا جیادا بەکوردی و عەرەبی.
* شرفه-بە زمانی عەرەبی، چاپخانەی خەبات دهۆک-1998
* بێجگە لە دەیان شیعری وەرگێڕدراو و نووسینی دیکە لەکات و شوێنی جیاجیادا بەکوردی و عەرەبی.

| عەرەبی | ئینگلیزی | کوردی | |
|---|---|---|---|
| حديث صحفي | Apress interview | ئاخاوتنی ڕۆژنامەنووسی | 1 |
| الاقتصاد السياسي | Political economy | ئابووری سیاسی | |
| الأرشيف | Archive | ئارشیڤ | |
| هوائي | Earial | ئاریەل (ئانتێن) | |
| حرية الصحافة | (Liberty) freedom of press | ئازادیی ڕۆژنامەنووسی | |
| وكالة المخابرات المركزية | Central intelligence Agency | ئاژانسی نێوەندیی باخەبەرکردن | |
| وكالة الأنباء | A news Agency | ئاژانسی دەنگوباس | |
| الحرية السياسية | Political Freedom | ئازادیی سیاسی | |
| السلام | Peace | ئاشتی | |
| الأمن الداخلي | Internal secruity | ئاسایشی ناوەخۆ (ئاسودەیی ناوەخۆ) | |
| المستوى الاجتماعي | Social level | ئاستی کۆمەڵایەتی | |
| تطبيع | Normalization | ئاسایکردنەوە (پەیوەندی) | |
| آسيا الصغرى | Asia minor | ئاسیای بچووک (ناوی تورکیای کۆن) | |
| انذار | Warning | ئاگادارکردنەوە | |

| عەرەبی | ئینگلیزی | کوردی | |
|---|---|---|---|
| تبادل المطبوعات | Change of Publication | ئاڵوگۆڕی چاپەمەنی | |
| اشار | Point out that | ئاماژەی پێکرد (بۆ درکاندنی ڕۆژنامەنووسی) | |
| ماء عكر | Troubled water | ئاوی لێڵ | |
| اعدام | Execution | ئیعدام | |
| دائرة مفرغة | Vicious cirecle | ئەڵقەی بەتاڵ | |
| مجلس السلم العالمي | World Peace council | ئەنجوومەنی ئاشتی جیهانی | |
| مجلس الشعب | The Peopl’s assembly | ئەنجوومەنی گەل | |
| مجلس النواب | Parliament | ئەنجوومەنی نوێنەران | |
| مجلس الشيوخ | The house of Senates | ئەنجوومەنی پیران | |
| مجلس اللوردات | The house of lords | ئەنجوومەنی لۆرتان | |
| مجلس الأعمار | Development bord | ئەنجوومەنی ئاوەدانکردنەوە | |
| مجلس التخطيط | Planning board | ئەنجوومەنی نەخشەکێشان | |
| المعارضة | Opposition | ئۆپۆزیسۆن | |
| حكم فردي | Autocratic | ئۆتۆکراسی | 2 |

| عەرەبی | ئینگلیزی | کوردی |
| --- | --- | --- |
| استعمار | Imperialism | ئیمپریالیزم (نویێ) |
| استعمار | Colonialism | ئیمپریالیزم (کۆن) |
| امبراطور | Emperor | ئیمپراتۆر |
| انتربول | Interpol | ئنتەرپۆڵ (ڕێکخراوی پۆلیسی نێودەوڵەتی) |
| اسپرانتو | Esperanto | ئیسپرانتۆ (ئەو زمانەی پێشنیاز کراوە بۆ هەموو دونیا بەکاربێ). |
| دائرة المعارف | Encyclopedia | ئینسکلۆپیدیا |
| محطة الأرسال | Transmitter | ئێزگەی ناردن |
| استخبارات | Intelligence | باخەبەرکاری (هەواڵگری) |
| مصرف كوردستان | Kurdistan bank | بانکی کوردستان |
| سوق حرة | Duty free shop | بازاڕی ئازاد |
| سوق حرة خاصة بالنفط | Spot market | بازاڕی ئازاد (تایبەت بەنەوت) |
| سوق شعبي | Street market | بازاڕی میللی |
| | The European common | |

3

| عەرەبی | ئینگلیزی | کوردی |
| --- | --- | --- |
| السوق الاوربية المشتركة | market | بازاڕی هاوبەشی ئەوروپا |
| السوق السوداء | Black market | بازاڕی ڕەش |
| حجر الاساس | Foundation stone | بەردی بناغە |
| تكذيب | Denying | بەدرۆخستنەوە (بۆ هەواڵ و پڕۆپاگندە) |
| تكذيب | Refutation | بەدرۆخستنەوە (بۆ بیرو ڕا) |
| برنامج | Program | بەرنامە (پرۆگرام) |
| جبهة | Front | بەرە |
| الجبهة الكوردستانية | Kurdistan front | بەرەی کوردستانی |
| جبهة القتال | Battle front | بەرەی شەڕ (جەنگ) |
| واسع الانتشار | Wide spread | بەرفراوان (بەربڵاو) |
| مصلحة عامة | Public interest | بەرژەوەندی گشتی |
| مصلحة قومية | National interest | بەرژەوەندی نەتەوایەتی |
| مصلحة شخصية | Personal interest | بەرژەوەندی تایبەتی |
| مقاومة | Resistance | بەرەنگاری |

4

5

| عەرەبی | ئینگلیزی | کوردی |
|---|---|---|
| قسم الترجمة | Translation Section | بەشی وەرگێڕان |
| مصلحة سياسية | Political interest | بەرژەوەندی سیاسی |
| متابعة | Follow up | بەدواداچوون |
| الوثيقة الارشيفية | Arshival Document | بەڵگەنامەی ئارشیف |
| وثيقة سرية | Confidential Document | بەڵگەنامەی نهێنی |
| قسم الاعلان | Advertising section | بەشی جاڕدان (ریکلام) |
| بيان صحفي | Press Announcement | بەیاننامەی ڕۆژنامەنووسی |
| مكبرة الصوت | Poly acoustic | بڵندگۆ |
| نشرة | Bulletin | بلاوکراوە |
| حركة عدم الانحياز | The movement of non-alignment | بزووتنەوەی بێ لایەن |
| اذاعة | Broadcast | بلاوکردنەوە (بۆ ڕادیۆ) |
| نشر | Publishing | بلاوکردنەوە (بۆ ڕۆژنامەو کتێب) |
| مجاعة | Famine | برسیەتی |

| عەرەبی | ئینگلیزی | کوردی |
|---|---|---|
| أساس | Foundation | بنچینە (بناغە) |
| قنبلة موقوتة | Time Bomb | بۆمبی کاتدار (قورمیشکراو) |
| قنبلة حارقة | Incendiary bomb | بۆمبی سوتێنەر |
| قنبلة دخان | Smoke Bomb | بۆمبای دوکەڵدار |
| قنبلة ناپالم | Napalm Bomb | بۆمبای ناپاڵم |
| قنبلة شظايا | Sharapnel Shells | بۆمبای ساچمەدار |
| قنبلة فسفورية | Phosphorous Bomb | بۆمبای فسفۆری |
| قنبلة مضيئة | Flare | بۆمبای تروسکەدار |
| قنبلة هيدروجينية | Hydrogen Bomb | بۆمبای هایدرۆجینی |
| قنبلة نيوترونية | Neutron Bomb | بۆمبای نیوترۆنی |
| لاسلكي | Wireless | بێ تەل |
| آراء سياسية | Political Opinions | بیروڕای سیاسی |
| أجنبي | Foreign | بیانی |
| اثار | Remains | پاشماوە |

6

| عەرەبی | ئینگلیزی | کوردی |
|---|---|---|
| صورة شاملة | Panorama | پانۆراما |
| مكافئة | Reward | پاداشت |
| الملحق | Annex | پاشبەند |
| الحرس الوطني | National Guard | پاسەوانی نیشتمانی |
| الحرس الامبراطوري | Imperial Guard | پاسەوانی ئیمپراتۆری |
| حرس الشرف | Guard of Honour | پاسەوانی شەرەف |
| محامي | Lawayer | پارێزەر (ئاوقات) |
| معاهدة | Treatment | پەیماننامە |
| معاهدة السلام | Peace treaty | پەیمانی ئاشتی |
| لاجيء | Refugee | پەنابەر |
| ملجأ | Shelter | پەناگە |
| اتصالات لاسلكية | Wireless communcation | پەیوەندی بێ سیم |
| معبد | Temple | پەرستگا |
| المراسل الحربي | War correspondent | پەیامنێری جەنگ |

| عەرەبی | ئینگلیزی | کوردی |
|---|---|---|
| علاقات انسانية | Human relations | پەیوەندی مرۆڤایەتی |
| قطع العلاقات | Severance of relation | پەیوەندی پچڕان |
| استعلامات | Enquiries | پرسگە |
| اشاعة | Rumour | پروپاگندە |
| جائزة نوبل | Nobel Prize | پاداشتی نۆبڵ |
| اعتذار | Opology | پۆزش هێنانەوە |
| بريد | Mail/Post | پۆستە |
| ملصق | Poster | پۆستەر |
| تصنيف | Classification | پۆلین |
| اعتراف | Concedement | پێلێنان |
| اقتراح | Suggestion/Motion | پێشنیاز |
| پيشمةرگة | Peshmerga | پێشمەرگە |
| بروليتاريا | Proletariat | پرۆلیتاریا (ڕەش و ڕووت) |
| اعادة الصياغة | Re-Writing | پێداچوونەوە |

| عەرەبی | ئینگلیزی | کوردی |
|---|---|---|
| حدث | Event | پێشهات ، ڕووداو |
| رجولة | Manhood | پیاوەتی |
| جريمة | Crime | تاوان |
| اتهام | Indictment | تاوانبارکردن |
| الطابور الخامس | The fifth battalion | تابووری پێنجەم |
| تلفزيون القابلو | Cable Tv | تەلەفزیۆنی تەلدار |
| المشاكل العالمية | World problem | تەنگوچەلەمە جیهانییەکان |
| تراجيديا (مأساة) | Tragical | تراژیدی |
| ترهات | Nonsense | توورەهات (قسەی بێ مانا) |
| نص | Version | تێکست |
| اسلاك شائكة | Barbed wire | تێلدڕ |
| قصاصة | Clipping | تیلمە (بۆ ڕۆژنامەو گۆڤار) |
| اعلان | Proclamation | جاڕدان (پێ ڕاگەیاندن) |
| اعلان | Advertisement | جاڕدان (بۆ کڕین وفرۆشتن) |

| عەرەبی | ئینگلیزی | کوردی |
|---|---|---|
| الاعلان العالمي لحقوق الانسان | The Universal Declaration Of Human Rights | جارنامەی جیهانی مافی مرۆڤ |
| اعلان الحرب | Declaration of war | جاڕی جەنگ |
| عيد النصر | Victory day | جەژنی سەرکەوتن |
| جمهور | The mass | جەماوەر |
| ترسانة | Arsenal | جبەخانە |
| مطبوعات | Publications | چاپەمەنی |
| مطبوعات سرية | Under ground Literature | ئەدەبیاتی نهێنی |
| عصر الالكترون | The age of the electron | چاخی ئەلیکترۆن |
| النشاط السياسي | Political activity | چالاکی سیاسی |
| استرجاع المعلومات | Information retrival | چوونەوەسەر (بەبیرخۆهێنانەوە) |
| اسبوعية | Weekly | حەفتانە |
| عجائب الدنيا السبع | The Seven Wonders of The World | حەوت عاجباتیەکانی دونیا |
| الاراضي المحتلة | Occupied territories | خاکی داگیرکراو |

| عەرەبی | ئینگلیزی | کوردی |
|---|---|---|
| صاحب الامتياز | Patentee-Concessioner | خاوەن ئیمتیاز (بۆ ڕۆژنامە) |
| خدمة تلفزيونية | TV Service | خزمەتگوزاریی تەلەفزیۆن |
| اضراب | Walk out | خۆپێشاندان |
| ابداع | Creativity | داهێنان |
| احتلال | Accupation | داگیرکردن |
| انهيار | Collapse | داتەپین (وورده وورده تێچوون) |
| عدالة | Justice | دادپەروەری |
| العدالة الاجتماعية | Social justice | دادپەروەری کۆمەڵایەتی |
| محكمة عسكرية | Military tribunal | دادگای سەربازی |
| السلطة القضائية | Judical Power | دەسەڵاتی دادوەری |
| دولة اتحادية | Federal state | دەوڵەتی فیدڕاڵی |
| أبدى | Expressed | دەری خست |
| قوة | Power | دەسەڵات (هێز) |
| السلطة التشريعية | Ligislative power | دەسەڵاتی یاسادانان |

| عەرەبی | ئینگلیزی | کوردی |
|---|---|---|
| السلطة التنفيذية | Executive power | دەسەڵاتی ڕاپەراندن |
| السلطة الدستورية | Constitutional power | دەسەڵاتی دەستووری |
| السلطة الرابعة | The Fourth power | دەسەڵاتی چوارەم (ڕۆژنامەگەریی) |
| نادر | rare | دەگمەن |
| دار النشر | Publishing House | دەزگای بڵاوکردنەوە |
| هيئة التحرير | Editorial Staff | دەستەی نووسەران |
| قناع | Mask | دەمامک |
| اباطيل | Lies | درۆو دەلەسە |
| آخر الانباء | Stop press news | دواهەواڵ |
| عداوة | Enemity | دوژمنایەتی |
| دونكيشوت | Don quixote | دۆنکیشۆت |
| أسير | Prisoner of War (P.O.W) | دیل |
| ظاهرة | Phenomonen | دیاردە |
| مظهر سياسي | Political appearance | دیاردەی سیاسی |

| عەرەبی | ئینگلیزی | کوردی |
|---|---|---|
| الديمقراطية | Democratic | دیموکراسی |
| رأي | Opinion | ڕا |
| الرأي العام | The public Opinion | ڕای گشتی |
| مسودة | Rough copy-draft | ڕەشنووس |
| الصحافة الصفراء | Yellow journalism | ڕۆژنامەگەریی زەردباو |
| نظام عسكري | Military regime | ڕژێمی سەربازی |
| اتفاقية | Agreement | ڕێککەوتننامە |
| اتفاقية غير مكتوبة | Unwritteen agreement | ڕێککەوتننامەی نەنوسراو (عورفی) |
| منظمة العفو الدولية | Amnesty International | ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی |
| منظمة التحرير الفلسطينية | The Palestinine Liberation Organization | ڕێکخراوی رزگاریخوازی فەلەستین |
| منظمة الصحة العالمية | The World Health Or-ganization | ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی |
| منظمة العمل الدولية | The International Labour Organization | ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی |

| عەرەبی | ئینگلیزی | کوردی |
|---|---|---|
| منظمة الغذاء والزراعة الدولية | The Food and Agriculture Organization | ڕێکخراوی خۆراک و کشتوکاڵی نێودەوڵەتی |
| منظمة الأوپك | Petroleum Exporting Coun-tries (OPEC) | ڕێکخراوی ئۆپێک |
| منظمة اليونسكو | The United Nations and Cultural Organization (UNESCO) | ڕێکخراوی یۆنسکۆ |
| منظمة الأوابك | The Organization of The Arab Petroleum Exporting Countries (OAPEC) | ڕێکخراوی ئەواپێک |
| منظمة تضامن الشعوب | The Afro-Asian Peoples | ڕێکخراوی هاوکاری گەلانی |

| عەرەبی | ئینگلیزی | کوردی |
|---|---|---|
| الأفروآسيوية | Solidarity Organization | ئەفرۆئاسیایی |
| منظمة المؤتمر الاسلامي | The Organization of the Islamic Conferance | ڕێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامی |
| اتجاه الرأي العام | Trend of public opinion | ڕووکاری ڕای گشتی |
| استفتاء | Referendum | ڕیفراندۆم (ڕاوەرگرتن-ڕاپرسی) |
| القوى العظمى | The Super powers | زل هێزەکان |
| لغة البلاط | Court Language | زمانی دەربار |
| لغة الدبلوماسية | Deplomatic Language | زمانی دیپلۆماسی |
| سلسلة | Series | زنجیرە (بۆ کتێب و چاپکراوی تر) |
| تزوم | Zoom | زووم (نزیک بوونەوەو دوورکەوتنەوەی هاوێنەی کامێرا) |
| سري جداً | Top Secret | زۆر نهێنی (مۆربەند) |
| الاكثرية | Majority | زۆرینە |

| عەرەبی | ئینگلیزی | کوردی |
|---|---|---|
| متطرف | Extremist | زێدەڕۆ (توندڕۆ) |
| سجن | Prison | زیندان (بەندینخانە) |
| سجين | Prisoner | زیندانی |
| حوليات | Annals (Year books) | ساڵنامە |
| رقابة | Consor ship | سانسۆر |
| سالت | Strategc Arms limition Treaty | پەیماننامەی سالت |
| الرعاية الاجتماعية | Social Welfare | سەرپەرشتی کۆمەڵایەتی |
| مستقل | Independency | سەربەخۆ (بۆ دەوڵەت) |
| سيادة الاقليم | Terriotorial Sovereignty | سەروەریی هەرێم |
| مصادر الطاقة | Sources of Energy | سەرچاوەکانی وزە |
| مصدر | Sources | سەرچاوە (بۆ هەواڵ) |
| مصدر مخول | Authorized Sources | سەرچاوەیەکی ڕێگە پێدراو |
| مصدر مطلع | Informed Sources | سەرچاوەیەکی ئاگادار |

| عەرەبی | ئینگلیزی | کوردی |
|---|---|---|
| معسكر | Camp | سەربازگە (ئۆردیگا) |
| افتتاحية | Editorial | سەروتار |
| مصادر المعلومات | Information resources | سەرچاوەی زانیارییەکان |
| سيادة | Excellency | سەروەریی |
| ساعة الصفر | Zero hour | سەعاتی سفر |
| سكرتير التحرير | Sub-editor | سکرتێری نووسین |
| مثلث برمودا | Bermuda triangle | سێ گۆشەی بەرمۆدا |
| النظام الاقتصادي العالمي | World Economic Order | سیستەمی ئابووری جیهانی |
| الحرب الباردة | Cold war | شەڕی سارد |
| حرب كلامية | War of words | شەڕە قسە |
| حرب أهلية | Civil war | شەڕی ناوەخۆ |
| موجة قصيرة | Short wave | شەپۆلی کورت |
| علم الآثار | Archeology | شوێنەوارناسی |
| فاكس | Faimile | فاکسمیل |



| عەرەبی | ئینگلیزی | کوردی |
|---|---|---|
| اغاثة | Relief | فریاکەوتن |
| ضغط الوقت | Time Compression | فشاری کات |
| حيلة سياسية | Political Gimmick | فێڵی سیاسی |
| المسجل المرئي | Video | ڤیدیۆ |
| قانون الغاب | Jungle Law | قانونی جەنگەڵ |
| القانون التجاري | Commercial Law | قانونی بازرگانی |
| قانون العقوبات | Penal Law | قانونی سزادان |
| قضاء وقدر | Fate and fortune (act of God) | قەزاو قەدەر |
| أزمة سياسية | Political Crisis | قەیرانی سیاسی |
| الكاتب المرتزق | Penny -a-liner | قەڵەمفرۆش |
| متحدث | spokes man | قسەکەر (وتەبێژ) |
| متحدث رسمي | An official spokes man | قسەکەری رەسمی |
| الاستحكام | Emplacements | قۆنگرە |

| عەرەبی | ئینگلیزی | کوردی |
|---|---|---|
| برج | Tower | قوللە |
| ضحايا الحادثة | Victims of an accident | قوربانیەکانی رووداو |
| برج المراقبة | Control tower | قوللەی چاودێری (دیدەبان) |
| القرن الافريقي | The African Horn | قۆچی ئەفریقیایی |
| الكاريكاتير | Caricature | کاریکاتۆر |
| مأساة | Tragedy | کارەسات (تراژیدیا) |
| بطاقة التراجم | Biography cards | کارتی بیوۆگرافیا |
| أمور سياسية | Political matters | کاروباری سیاسی |
| ادارة | Administration | کارگێڕی |
| ثقافة | Culture | کولتوور |
| نقص الطاقة | Energy shortage | کەمبوونی وزە |
| معوق | Handicapp | کەمئەندام |
| المكتبة | The library | کتێبخانە |
| مكتبة التلفزيون | T.V library | کتێبخانەی تەلەفزیۆن |

| عەرەبی | ئینگلیزی | کوردی |
|---|---|---|
| مؤتمر صحفي | Apress Conference | کۆنگرەی رۆژنامەنووسی |
| ملخص | Summary | کورتە (نوێشک) |
| كورد | Kurd | کورد |
| كوردستان | Kurdistan | کوردستان |
| الجمعية العامة للأمم المتحدة | The United Nations General Assembly | کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان |
| اجتماع مغلق | Closed meeting | کۆبوونەوەی داخراو |
| اجتماع | Meeting | کۆبوونەوە |
| مؤتمر ديبلوماسي | Diplomatic Conference | کۆنگرەی دیپلۆماسی (کۆنگرەی دان و سان) |
| انقلاب عسكري | Military Coupd, etate | کودەتای سەربازی |
| نصب تذكاري | Memorial | کۆتەڵ (یادگاری) |
| عصبة الأمم | The League of Nations | کۆمەڵەی گەلان |
| غاز مسيل للدموع | Tear gas | گازی فرمێسکرژێن |
| الغازات السامة | Poisonous gas | گازی ژەهراوی |

| عەرەبی | ئینگلیزی | کوردی |
|---|---|---|
| لائحة | Bill | گەلاڵە نامە |
| تهديد للسلام | Threat to peace | گەف لەئاشتی کردن (هەڕەشە) |
| جواز سفر | Passport | گوزەرنامە |
| سلك دبلوماسي | Crops Diplomatique | گرووپی دیپلۆماسی |
| قرية | Village | گوند |
| مجلة فصلية | Quarterly Magazine | گۆڤاری وەرزی |
| مجلة شهرية | Monthly Magazine | گۆڤاری مانگانە |
| مجلة اسبوعية | Weekly Magazine | گۆڤاری هەفتانە |
| مشبوه | Suspicious | گومان لێکراو |
| مباحثات | Discussions/Talks | گفت و گۆ (دان وسان) |
| ابادة | Genocide | لەناوبردن |
| استجاب | Meet the demands | لەگەلێدا هاتەوە (قبوڵی کرد) |
| من تلقاء نفسه | Of One’s own accord | لەخۆڕا |
| عفو عام | General amnesty | لێبوردنی گشتی |

| عەرەبی | ئینگلیزی | کوردی |
|---|---|---|
| لنكولن | Lincoln | لینکوڵن (رزگاری کۆیلەکان لەئەمەریکا) |
| اللجنة المركزية | Central Committee | لیژنەی مەرکەزی |
| اللجنة التوجيهية | Steering Committee | لیژنەی ئاراستەکردن |
| اللجنة التحضيرية | Preparatory Committee | لیژنەی ئامادەیی |
| لجنة الصياغة | Drafting Committee | لیژنەی داڕشتن |
| لجنة حقوق الانسان | Human Rights Commission | لیژنەی مافی مرۆڤ |
| ماسوني | Mason | ماسۆنی |
| الماسونية | Masonry | ماسۆنیایەتی |
| الاقمار الصناعية | Satellite | مانگە دەسکردەکان |
| حق التأليف | Copy right | مافی دانان |
| حقوق الترجمة | Translation right | مافی وەرگێڕان |
| مانشيت | Manchette | مانشێت (تایتڵی سەرەکی رۆژنامە) |
| حق اللجوء السياسي | Right of Aslum | مافی پەنابەری سیاسی |

| عەرەبی | ئینگلیزی | کوردی |
|---|---|---|
| حق النشر | Right of publication | مافی بلاوکردنەوە |
| حق الرد | Right reply | مافی بەرپەرچ دانەوە |
| ميدالية | Medal | مەداليا |
| صراع | Conflicts | ململانێ |
| فقر مدقع | Abject Poverty | مەمرەو مەژی |
| اسم مستعار | Pesudonym | ناوی خوازراو |
| احتجاج | Protest | ناڕەزایی |
| اطروحة | The sis dissetation | نامە (بۆ ماستەرو دکتۆرا) |
| حلف الاطلسي | Nato | ناتۆ |
| خائن | Traitor | ناپاک |
| خيانة | Treson | ناپاکی (خیانەت) |
| قنبلة يدوية | Hand Grenade | نارنجۆک |
| كراس | Pamphlets | نامیلکە |
| أمة | Nation | نەتەوە |

| عەرەبی | ئینگلیزی | کوردی |
|---|---|---|
| الأمة الكوردية | The Kurds Nation | نەتەوەی کورد |
| الأمم المتحدة | The United Nations | نەتەوەیەکگرتووەکان |
| نكسة | Set back | نسکۆ |
| بعثة دبلوماسية | Diplomatic mission | نێردەی دیپلۆماسی |
| بعثة سرية | Secret mission | نێردەی نهێنی |
| بعثة الأمم المتحدة | United Nations mission | نێردەی نەتەوەیەکگرتووەکان |
| خلاصة | Abstract | نوێشک (کورتە) |
| قلق | Anxiety | نیگەرانی |
| قلق | Concern | نیگەرانی (لەبەکارهێنانی نێودەوڵەتی و دیپلۆماسی) |
| وطني | Patriot | نیشتمان پەروەر |
| بعثة تقصي الحقائق | Fact Finding mission | نێردەی بەدوای ڕاستی داگەڕان |
| الترجمة الفورية | Simultanious Translation | وەرگێڕانی یەکسەر |
| وزارة التجارة | Ministry Of Trade | وەزارەتی بازرگانی |
| وزارة التربية | Ministry Of Education | وەزارەتی پەروەردە |

| عەرەبی | ئینگلیزی | کوردی |
|---|---|---|
| وزارة التخطيط | Ministry Of Planning | وەزارەتی نەخشەدانان |
| وزارة التعليم العالي | Ministry Of Higher Education | وەزارەتی فێرکردنی باڵا |
| وزارة الثقافة | Ministry Of Culture | وەزارەتی ڕۆشنبیری |
| وزارة الخارجية | Ministry Of Foreign Affairs | وەزارەتی کاروباری دەرەوە |
| وزارة الداخلية | Ministry Of Interior | وەزارەتی ناوخۆ |
| وزارة البيشمركة | Ministry Of Peshmerga | وەزارەتی پێشمەرگە |
| وزارة الزراعة | Ministry Of Agriculture | وەزارەتی کشتوکاڵ |
| وزارة الصحة | Ministry Of Health | وەزارەتی تەندروستی |
| وزارة العدل | Ministry Of Justice | وەزارەتی داد |
| وزارة المالية | Ministry Of Finance | وەزارەتی دارایی |
| وزارة النفط | Ministry Of Oil | وەزارەتی نەوت |
| وزارة النقل والمواصلات | Ministry Of Transport and Communications | وەزارەتی گواستنەوەو هاتوچۆ |

| عەرەبی | ئینگلیزی | کوردی |
|---|---|---|
| الوزير الأول | Prime Minister | وەزیری یەکەم (سەرەک وەزیران) |
| مقالة | Article | وتار (ڕۆژنامەو گۆڤار) |
| مقالة | Essay | وتار (ئەدەبی) |
| صورة فوتوغرافية | Photograph | وێنەی فۆتوگرافی |
| استغاثة | Call for help | هاوارهێنان |
| مواطن | Citizen | هاونیشتمانی |
| تشويش | Static | هانی هانی |
| اقليم | Province/Region | هەرێم |
| انتخاب | Election | هەڵبژاردن |
| انتخابات اقليم | Provincial elections | هەڵبژاردنەکانی هەرێم |
| انتهازي | Opportunist | هەلپەرست |
| الانتهازية | Opprtunism | هەلپەرستی |
| خبر | News | هەواڵ |

| عەرەبی | ئینگلیزی | کوردی |
|---|---|---|
| مخبر | Reporter | هەواڵنێر (پەیامنێر) |
| خطأ | Mistake | هەڵە |
| موقف | Stand | هەڵوێست |
| خطأ مطبعي | Typographical error | هەڵەی چاپ |
| تصفح | Scan | هەڵدانەوە (بۆ ڕۆژنامە) |
| فنون تشكيلية | Plastic arts | هونەری شێوەکاری (تەشکیلی) |
| قوات الأمن | Security Forces | هێزەکانی ئاسایش |
| خط الطول | Longtitude | هێڵی درێژی |
| خط العرض | Latitude | هێڵی پانی |
| خط الأستواء | The equator | هێڵی ناوەڕاست |
| حملة صحفية | A press campaign | هەڵمەتی ڕۆژنامەنووسیی |
| قوات خاصة | Special task force | هێزی تایبەتی |
| قوات حفظ السلام الدولية | The United Nations Peace Keeping Forces | هێزەکانی پاراستنی ئاشتی نێودەوڵەتی |

| عەرەبی | ئینگلیزی | کوردی |
|---|---|---|
| القوات المسلحة | Army force | هێزی چەکدار |
| قوات الاحتياط | Reserve forces | هێزەکانی پاڵپشت |
| قوات الانتشار السريع | Rapid Deployment forces | هێزی دەستوبرد |
| قوى سياسية | Political forces | هێزە سیاسی یەکان |
| نادي | Club | یانە |
| اتحاد الصحفيين | Journalist Union | یەکێتی ڕۆژنامەنووسان |
| يوبيل | Jubilee | یۆبیل (جەژن-بۆنە) |
| يونكتاد | UNICTAD | یۆنکتاد (کۆنگرەی نێو دەوڵەتی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ نەش ونماو بازرگانی) |
| يورانيوم | Uranium | یۆرانیۆم |
| يونيسيف | UNICEF | یۆنیسیف (سندوقی فریاکەوتنی نێودەوڵەتی منداڵان) |